دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

# کوردستان

ژمارە: ٥٢٥

www. kurdistanukurd.com

یەکشەممە ٣٠سەرماوەزی ١٣٨٨ ـ ٢١ی دێسانبری ٢٠٠٩ ـ ١٥٠

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

سیاسی



**وتاری سکرتێری گشتیی حیزب لە ڕێورەسمی٢٦ی سەرماوەز**

سیاسی



**بەیاننامە بە بۆنەی کۆچی دوایی ئایەتوللا مونتەزیرییەوە**

خوێندکاری



**ڕەچەڵەکناسیی بزووتنەوەی خوێندکاری**

کۆمەڵایەتی



**بەرپەرچدانەوەی سووکایەتییەك**

## خالید عەزیزی:

# پێشمەرگە پارێزەری هەموو گەلی کوردە و نابێ لە کێشەی نێوان لایەنەکان دا کەڵکی لێ وەربگیرێ




بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وتارێك دا کە لە ڕێوڕەسمی ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان پێشکەشی کرد، جەختی لە سەر ئەوە کردەوە کە پێشمەرگە موڵکی هەموو گەلی کوردە و ئەرکی پاراستنی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستانە و حیزب و لایەنە سیاسییەکان نابێ بە شێوەی ڕابردوو لە کێشە و ناکۆکییەکانی نێوانیان دا کەڵك لە پێشمەرگە وەربگرن.

سکرتێری گشتی هەر لەم پێوەندییەدا ڕایگەیاند کە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەوڵ دەدا کە پێشمەرگەکانی خۆی بەو عەقڵییەتەوە پەروەردە بکا کە پێشمەرگە ئەرکی پارستنی ئەمنیەت و ئازادیی گەلی کوردستانە و هەرگیز نەکەوێتە ئەو کێشە ناخۆشانەوە کە لە ڕابردوودا گەلی کورد تەجروبەی کردو تێیدا زەرەرمەند بووە، چونکە ئەوە لەگەڵ فەلسەفەی پێشمەرگایەتی و فەلسەفەی پێکهاتنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ناکۆکە.

ل ٢

## مەحکووم کرانی ئێران بۆ ٢٦ مین جار لە کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا



ڕۆژی هەینیی ٢٧ی سەرماوەز لە کۆبوونەوەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دا بڕیارنامەیەك لە سەر پێشنیاری کۆمیتەیەکی ئەم ڕێکخراوە بۆ مەحکومکردنی ئێران لە بابەت پێشێل کردنی بەردەوامی سەرتاییترین مافەکانی مرۆڤ لە ئێراندا بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

بە پێی ڕاپۆرتی دەنگی ئەمریکا ئەم بڕیارنامەیە کە بە دەسپێشخەریی وڵاتی کانادا و پشتیوانیی ٤٣ وڵاتی وەکوو وڵاتانی ئەندامی یەکیەتیی ئۆرووپا و وڵاتانی ئەمریکا ئامادە کرابوو، بە ٧٤ دەنگی ئەرێنی لە بەرامبەر ٤٩ دەنگی نەرێنی دا پەسەند کرا.

لە سی ساڵی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا ئەوە بیست و شەشەمین جارە کە کۆماری ئیسلامی بە هۆی پێشێل کردنی مافی مرۆڤەوە لە ئاستی نێونەتەوەیی و لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دا مەحکووم دەکرێ.

لە بەشێکی ئەم بڕیارنامەیەدا باس لە پەرەسەندنی سیاسەتی جیاوازیدانانی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە نەتەوەکانی دیکەی ئێران وەکوو کورد، تورك، عەرەب، بەلووچ و هەروەها مەسیحی، جوولەکە، بەهایی وسوونیەکانی ئەم وڵاتە کراوە.

بۆ یەکەم جاریش ئەندامانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەم بڕیارنامەیەدا داوایان لە کۆماری ئیسلامی کردوە کە ڕێگا بە هەواڵنێرانی پێوەندیدار بە مافەکانی مرۆڤ بدا کە بۆ لێکۆڵینەوە لەو بابەتە سەردانی ئێران بکەن.

## وڵاتانی جیهان بۆ پێش گرتن لە گۆڕانی کەش و هەوادا ڕێک کەوتن




ڕۆژی ١٩ی دیسامبر لە دوایین ساتەکانی دانیشتنی کۆپێنهاك دا، ڕێککەوتنێکی سەرەتایی لە بارەی چۆنیەتی پێش گرتن لە گۆڕانی کەش و هەوادا لە نێوان وڵاتانی جیهان دا هاتە ئاراوە. بە پێی ڕێککەوتنامەکە هەموو وڵاتان دەبێ ساڵانە هەنگاوەکانی خۆیان بۆ پێش گرتن لە گۆڕانی کەش و هەوادا بە نەتەوەیەکگرتووەکان ڕابگەیەنن.

ئەم ڕێککەوتنامەیە کە دەقەکەی لەلایەن وڵاتانی ئەمریکا، چین، هێندوستان، ئەفریقای باشوورو برێزیلەوە ئامادە کرا، بە هەنگاوێکی مێژوویی دادەنرێ و باراك ئۆباما لەم پێوەندییەدا ڕایگەیاند کە ئەم ڕێککەوتنە بواری بۆ هاوهەڵوێستییەکی جیهانی بۆ ڕووبەروو بوونەوەی گۆڕانی کەش و هەوا ڕەخساندوە. دانیشتنی کۆپێنهاگ ١٢ ڕۆژی خایاند و جیاوازی بیرو بۆچوون لە نێوان وڵاتانی پەرەسەندوو وڵاتانی پەرەئەستێن دا ببووە هۆی ئەوەیکە وڵاتان نەتوانن بە ڕێککەوتنێك بگەن. شایانی باسە پێش بینی دەکرێ کە لە دانیشتنی ساڵی داهاتوودا ڕێککەوتنێکی گەورە لەو بارەیەوە بێتە ئاراوە.


## چالاکیی تەبلیغی بەربەرینی تێکۆشەرانی حیزب بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەزەوە

لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا تێکۆشەرانی سەربە ڕێکخستنی نهێنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەشێکی بەرچاو لە شارو گوندەکانی کوردستان بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز، بە چالاکیی تەبلیغی ڕێزیان لە پێشمەرگەی کوردستان و تێکۆشان و فیداکاریی دەیان ساڵەی پێشمەرگە گرت.

تێکۆشەرانی حیزب لەم چالاکییانەدا بە هەزاران نوسخە تراکت و پۆستێر، فیلم و وێنەی ڕێبەرانی شەهیدیان لە نێو خەڵك دا بڵاو کردۆتەوە بە پێی زانیارییەکان ئەم چالاکیانە لەگەڵ پێشوازیی کەم وێنەی خەڵکی پێشمەرگەپەروەری کوردستان ڕووبەروو بۆتەوە. بەشێك لەو شاروناوچانە بریتین لە: سنە، پاوە، نەغەدە، پیرانشار، بانە، بۆکان، دێولان، سەردەشت، مهاباد، مەریوان، سەقز، شنۆ، ڕەبەت، ناوچەی چۆمی مەجیدخانی بۆکان و مهابادو...

شایانی باسە لە هەندێك لەو شاروناوچانە چەند جار چالاکیی تەبلیغی بەڕێوە چووە.

## ئایەتوڵلا مونتەزیری کۆچی دوایی کرد



شەوی ٢٨ لە سەر ٢٩ی سەرماوەز ئایەتوڵڵا حوسێن عەلی مونتەزیری دیارترین مەرجەعی تەقلیدی شێعە ورەخنەگر لە سیاسەتەکانی ڕێژیم لە تەمەنی ٨٧ ساڵی دا کۆچی دوایی کرد.

مونتەزیری لە پشتیوانانی بزووتنەوەی نارەزایەتیی خەڵکی ئێران ناسراو بە بزووتنەوەی سەوز بوو و بەتایبەت لەم دوایانەدا چالاکانە و ڕاشکاوانە بەدەرکردنی ڕاگەیەندراو ڕەخنەی لە سیاسەتی سەرکوتکارانەی کۆماری ئیسلامی و ویلایەتی فەقیە و خامنەیی دەگرت و لە دوایین هەڵوێستیشی دا ئێعدامی ئێحسان فەتاحیانی بە نایاسایی و زاڵمانە لە قەڵەم دا.

جێی وەبیر هێنانەوەیە کە مونتەزیری جێگری خومەینی بوو و لە کۆتاییەکانی ژیانی خومەینی دا لەگەڵ ناوبراو لە سەر سیاسەتی سەرکوتکارانەی کۆماری ئیسلامی و کوشتاری بە کۆمەڵی زیندانیانی سیاسی کەوتە کێشەوە و بە بڕیاری خومەینی لەلایەن دەسەڵاتەوە وەلانراو لەم ساڵانەی دواییش دا بە بڕیاری خامنەیی لە ماڵەکەی خۆیدا زیندانی کرابوو. مونتەزیری لە ڕۆژەکانی کۆتایی ژیانی دا خەڵاتی چالاکانی مافی مرۆڤ و دێموکراسی لە ئێران دا پێ بەخشرا.

## بەیاننامە

## لەبارەی بڕیاری دادگای قانوونی ئەساسیی تورکیەوە

ڕۆژی ٢٠ی سەرماوەز دادگای قانوونی ئەساسیی تورکیە لە بڕیاریك دا، پارتی دێموکراتی گەل (DTP)ی داخستو، تێکۆشانی سیاسیی بۆ ماوەی دوو تا پێنج ساڵ لە کۆمەڵێك ئەندامی ناسراوی ئەم پارتە قەدەغە کرد.

داخستنی (DTP)لە کاتێك دایە کە ئەم حیزبە نوێنەرایەتیی بە میلیۆن دەنگدەری کورد لەم وڵاتە دا دەکاو، نزیکەی ٢٠کورسیی لە پارڵمانی تورکیە دا بە دەستە.

لە هەڵومەرجێك دا کە سەرۆك وەزیرانی تورکیە، پڕۆژەی کرانەوە بە ڕووی کوردی دا هێناوەتە گۆڕێو زۆرایەتیی نوێنەرانی پارڵمان پەسەندیان کردوەو، ئەم هەنگاوە لەگەڵ پێشوازیی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کوردو هێزە دێموکراتەکان لە ئاست تورکیەو ناوچەو جیهان دا بەرەورووبووە، دروست ئەوە بوو دادگای قانوونی ئەساسی بەسەرنجدان بە ڕەوتی ڕوولە چارەسەری پرسی کوردو وەك ڕێزگرتن لە پێگەی جەماوەریی بەرینی حیزبێك کە دەیەوێ پرسی کورد بە ڕێگای دێموکراتیكو هێمنانە دا بباتە پێش، خۆی لە دانی ئەم بڕیارە کە لە ڕاستی دا بڕیارێکی سیاسی یە، پاراستبا. گومانی تێدا نیە ئەم بڕیارە هیچ خزمەتێکی چارەسەری هێمنانەو دێموکراتیکی پرسی کورد لە تورکیە دا ناکاو زیان بە پرۆسە دێموکراتیکەکانو ئەو بەستێنو کەشو هەوایە دەگەیەنێ کە بەدوای پرۆژەکەی دەوڵەتی ئوردۆغان دا، پێك هاتوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای بەداخبوونو دەربڕینی نارەزایەتی لەم بڕیارەی دادگای قانوونی ئەساسیی تورکیە، داواکارو چاوەڕوانە دەوڵەتی ئێستای تورکیە، پارتی دادوگەشەپێدانو سەرجەم هێزو لایەنو کەسایەتییە بەرپرسو دێموکراتەکانی تورکیە، دژی ئەم بڕیارە بوەستنەوەو، ڕێگەنەدەن بەم جۆرە بەربەستو کۆسپ داتاشینانە، ڕەوتی چارەسەرکردنی پرسی کورد لەم وڵاتە بەرێگای دیالۆگو دێموکراتیك دا، بوەستێ یا لەبار ببرێ.

ئێمە دڵنیاین کە خەباتی گەلی کورد لە تورکیە بۆ گەیشتن بە مافەرەواکانی سەرەرای ئەم جۆرە کۆسپو گرفتانە، شێلگیرانەترلە پێشوو درێژەی دەبێ. هیواشمان ئەویە سەرۆکایەتی، تێکوشەرانو ئەندامانی (DTP)و سەرجەم هێزو لایەنە دێموکراتو بەرپرسەکان بە هەست کردن بە بەرپرسایەتیو، کەڵك وەرگرتن لە دەرفەتو دەرەتانەکانی دیکە، لەسەر بردنەپێشی ئیرادەی چارەسەری دادپەروەرانەو دێموکراتیکی پرسی کورد بەردەوام بنو، لەم تاقیکردنەوە مێژوویی یە دا، بەسەر کۆسپەکان دا سەرکەوتوو بن.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**

**دەفتەری سیاسی**

**22 ی سەرماوەزی ١٣٨٨**

**13/12/2009**


# هەیئەتێکی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەردانی مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانی کرد



پێشـــنیوەڕۆی شـــەممە ١٤ی ســـەرماوەز (٥ی دێســـامبری ٢٠٠٩) هەیئەتێکی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزب و ئەندامێتیی هاوڕێیان مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتی، قادر وریا ئەندامی دەفتەری سیاسی، سیامەک وەکیلی ئەندامی کومیتەی ناوەندی و بەرپرسی پێوەندییەکانی حیـزب لە سـلێمانی و محەمـەد حەسـەنپوور، کـادری سـکرتاریای حیزب، سـەردانی مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانیان کرد. هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەلایەن بەڕێزان مەلا بەختیار، کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانی، سەعدی ئەحمەد پیرە ئەندامی مەکتەبی سیاسـی و مەحمـوود حـاجی سـاڵح بەرپرسـی پێوەنـدییە نیشـتمانییەکان پێشوازییان لێ کرا.

لە دانیشـــتنی دوو لایەن دا گرنگتـرین ڕووداوەکـانی کوردسـتان، ئێـران و عێـڕاق و نـاوچە و ڕوانـگەو هەڵوێسـتی هەردوو حیـزب لە بارەیـانەوە هـاتنە بەربـاس و لەسـەر کۆمەڵێـک پرسـی پێوەندیـدار بە داهـاتووی کـورد، عێـڕاق و نـاوچە ئـاڵوگۆڕی بیـرو ڕا کـرا. هەر دوولایەن لەسـەر پێویسـتیی هاوکـاریی هەمـوو لایەک بـۆ پاراسـتنی دەسـتکەوتەکانی کـورد و بەرەو پێشـبردنی ئەزمـوونی هەرێمی کوردستان پێیان داگرتەوە.

# چەند ئەندامی پارلمانی کوردستان سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان کرد



چەنـد ئەنـدامی پارلمـانی کوردسـتان دوانیـــوەڕۆی پێنجشـــەممە، ١٩ی سەرماوەز سـەردانی بنکـەی دەفتـەری سیاســیی حیزبــی دیمــوکراتی کوردســتانیان کــرد و لــە لایــەن هەیئـەتێکی حیزبـەوە پێشـوازییان لـێ کرا .

ئــەم چەنــد ئەندامــەی پارلمــانی کوردســتان کــە بریتــی بــوون لــە بــەڕێزان د. عومــەر نــوورەدینــی، د. حەســەن ســوورو "مامۆســتا ئاســۆ کــەریم لــە لایــەن هەیئــەتێکی حیزبــی دیمــوکراتی کوردســـتانەوە بـــە سەرپەرستیی کـاک "خالید عـەزیزی"، سکرتێری گشتیی حیزب پێشـوازییان لێ کرا.

لـەم دیـدارە ٣ کاتژمێرییـەدا، بـاس لـە دوایین ئاڵوگۆڕە پەیوەندیدارەکان بە پرسـی کـورد بـە گشـتی و بـارودۆخی کورد لە ئێران و حکوومەتی هـەرێم و پەرلەمانی کوردستان بە تایبەتی کرا و هــەر دوولا ڕاوبۆچــوونی خۆیــان بەرانبەر بە داهاتووی هاوکێشـەکان و دوایـین پێشـهاتە سیاسـییەکان خسـتە ڕوو.

# سەردانی هەیئەتێکی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان



بەیانیی ڕۆژی شـەممە، ٢١ ی سـەرماوەز هەیئـەتێکی کۆمەڵـەی زەحمەتکێشـانی کوردســـتان بـــە سەرپەرستیی کاک عومـەر ئێلخـــانیزادە، ســـکرتێری گشـتیی کۆمەڵـە سـەردانی دەفتـەری سیاسـیی حیزبی دێمـوکڕاتی کوردسـتانیان لە شاری کۆیە کرد و لـە لایـەن هەیئـەتێکی دەفتـەری سیاسـیی حیزبـەوە بە سەرپەرستیی کاک خالید عـەزیزی، سـکرتێری گشـتیی حیزبـەوە پێشـوازییان لـێ کـرا. بـە دانیشـتنێکی چەنـد سـەعاتەدا دوو لایـەن وەزعـی گشـتیی ئێـران و کوردسـتان و ڕووداو و پێشـهاتە سیاسییەکانی ناوچەیان خستە بەر باس و ئاڵوگۆڕی بیرورایان لە سەر کرد.

هەر لەو کۆبوونەوەیەدا بۆ جارێکی دیکە باس لە گرینگی و پێویستیی هاوکاری و لێک نزیکبوونـەوەی حیزب و هێزە سیاسییەکان کرایـەوە و سـەرکەوتنی ڕەوشـی سیاسـی و بزووتنـەوەی کـورد لـە داهـاتووی کوردسـتان بـۆ ئـەم پێویسـتییە و یەکگرتووییە گەڕێندرایەوە.

شایانی باسە کاک ئەحمـەدی ئەسـکەندەری، چالاکی سیاسیی کورد کە بە میوانی سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی کردبوو، بەشداریی ئەو دانیشتنە هاوبەشەی کرد.

# بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سێمینارێك لەبارەی ئێران لە پارلمانی ئورووپادا

ڕۆژی چوارشـــــــەممە ١١ ی ســـــەرماوەز، (٢ی دێســـامبری ٢٠٠٩) کۆمیسـیۆنی تایبـەت بـۆ کاروبـاری ئێـران لــە پارلمـانی ئوروپا باسێکی لە سەر ڕەوشی مافی مرۆڤ لە ئێران لە بەرنامەی کـاری خۆیـدا هـەبوو. هەیئـەتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان کە بـە فـەرمی بـۆ ئـەم بەرنامەیـە بانگهێشت کرابوون بریتی بوون لـە هاوڕێیـان کـاوە ئاهەنگـەری نوێنـەری حیزب بۆ کـار و باری یەکیـــەتیی ئورووپـــا و گولاڵـــە شەرەفکەندی بەرپرسی یەکیەتیی ژنـانی دیمـوکراتی کوردسـتان لـە دەرەوەی وڵات.

پێشەکی خاتوو باربارا لۆشبیهلێر ئەنـدامی پارلمـانی ئورووپـا کـە ئەنـــدامی کۆمیتـــەی ڕەوابیتـــی خاریجی، ئەندامی کۆمیتـەی مـافی مـرۆڤ و سـەرۆکی کۆمیسـیۆنی تایبـەت بـۆ کـار وبـاری ئێرانـی پارلمانـــە، کۆبوونەوەکـــەی بـــە فـەرمی کـردوە و بـەخێر هێنـانی خـاتوو شـادی سـەدری کـرد و داوای لێکـــرد باســـەکەی خـــۆی پێشکەش بکات.

خـاتوو شـادی سـەدر پـارێزەری ئێرانـی و وەرگـری خـەڵاتی لـێخ والێنســا و "لالــە" مــافی مرۆڤــی هۆلەند وەک میوانی سـەرەکی بـۆ بــاس لــە ســەر ڕەوشــی مــافی مـرۆڤ دوای ئامـاژە بـە وەزعـی ئێـــران لـــە دوای هـــەڵبژاردنی سـەرۆک کۆمـاری، ئێعترازەکـان و چۆنیـەتیی سـەرکوتی خـەڵک لـە لایـەن ڕێـژیم، ڕۆڵـی بـەرچاوی ژنـانی لـەو حەرەکەتـە ورەوشـی زینـدانـــەکان و پێشـــێلکردنەکانی مافی مرۆڤ لە ئێراندا، داوای لە پارلمـانی ئورووپـا کـرد کـە لـە ئاست پێشیکارێکایی مـافی مـرۆڤ لە ئێران بێدەنگ نـەبن و ڕەوشـی مــافی مــرۆڤ فیــدای دانوســتانی ناوکی لەگەڵ ئێران نەکرێ. خاتوو شـادی سـەدر داوای لـە پارلمـانی ئوروووپا کرد کە ستراتیژیی نوێ ڕەچـاو بکـات کـە ڕەنگدانـەوەی زیاتری هـەبێت لـە سـەر بەرپەرچ دانـــەوەی ئێـــران. ئـــەو ئامـــاژەی پێکـرد کـە قەتعنامـە کـان لـە دژی ڕێژیمی ئێران هەرچەند پێویست بـەڵام کاریگـەر نـین. بـە واتایـەک سـێ پێشـنیاری سـەرەکیی هێنایـە گـۆڕێ. یەکـەم ئـەوەکـە ڕەوشـی مـــافی مـــرۆڤ دەبـــێ بـــە ڕادەی چـەکی نـاوکی گرینگـی پێبـدرێ و فشـار هێنـان بـۆ ئێـران لـە مـەر هـــەردووک مەســـەلە دەبـــێ لـــە هـــەموو بوارەکـــانی پێوەنـــدیی ئـابووری، کلتـووری، سیاسـی و حقوقی ڕەچاو بکرێ و هەمەلایەن بێـت و لـە لایـەن هـەموو وڵاتـانی ئورووپایی ڕەچاو بکرێ.

وەک دووهەم خاڵ پێشنیاری کرد کۆمیتەیەکی لێکوڵینـەوە لـە سـەر وەزعـــی زینـدانـــەکان و چۆنیـــەتی ڕەوشـی مـافی مـرۆڤ ڕەوانـەی ئێـــران بکـــرێ و ئـــەو کۆمیتەیـــە بتوانێ بە پەروەندەکاندا بچێتەوە و چـــاوەدێری بکـــات بـــە ســـەر دادگـــایی ئەوکەســـانەی ئێســـتا ڕووبەڕووی زیندان یان شکەنجە و ئێعدام دەبنەوە. وەک بنەما بۆ گرینگیی ئەم کارە ئەو ڕاستییەی دەست نیشان کرد کە سیستەمی قەزایی لە ئێران سەربەخۆ نییە و هەتا ئێستا تەنیا یەک کەسیش لە تاوانبــارانی جینایەتــەکانی ئــەم دواییانە سزا نەدراوە.

وەک سـێهەم پیشـنیار داوای لـە پارلمـــانی ئورووپـــا کـــرد کـــە یارمـــەتی و حیمایـــەتی ئـــەو پارێزەرانـە یـان چالاکانـەی مـافی مرۆڤ بکەن کە لە ئێران گیانیان لـە مەترسـی دەکـەوێ یـان دوای زیندان لـە ڕەوشـێکی خـەراپ دان و پیویستە بۆ ماوەیەک دەرفـەتی مانەوە لە ئورووپایان پێ بدرێت.

لـە بەشـی دووهـەم دا ئەنـدامانی پارڵمـــان پرســـیارەکانی خۆیـــان ئاراسـتەی خـاتوو شـادی سـەدر کـرد و دواتـریش خـاتوو باربـارا ئیشارەی بە تەقویمی بەرنامەکانی داهاتووی پارڵمان لـە سـەر ئێران کـرد و دواتـریش هەیئـەتی حیـزب لـــە باســـێک دا لـــە گـــەڵ خـــاتوو باربـــارا لـــە ســـەر زەروورەتـــی بەرنامەیـــەک لـــە مـــەر مـــافی کەمایەتییـە نەتـەوەیـیـەکان لـە ئێران و باسی کوردەکان قسـەیان کـــرد و قـــەرار درا پێوەندییەکـــە بـەردوام بێـت و هەیئـەتی حیـزب هێندێک زانیاری و پێشنیار بخاتە ڕوو لـە سـەر گرینگیـی هێنـدیک مەسەلە بۆ باسەکان. لە کوتایی دا هـەیئـەتی حیـزب و خـاتوو شـادی سەدر وەک میوان لە گەڵ خاتوو سابین و خـاتوو باربارا نـەهاریان کـــرد و لـــەو ماوەیـــەدا هێنـــدێک بابـەتی دیکـە لـە سـەر باسـەکانی داهـاتووی کۆمیسـیۆنی پارڵمـانی ئورووپـا بـۆ کـار و بـاری ئێـران هاتنە گۆڕێ.

# هەیئەتێکی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان سەردانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد



پێشـــنیوەڕۆی ڕۆژی سێشـــــەممە، ١٧ ی ســـــەرماوەزی ٨٨ ی هـــەتاوی هەیئەتێکـــی حیزبـی زەحمەتکێشـانی کوردســـتان بـــە سەرپەرســتیی کـــاک بەهمـــەن حوســێن، بەرپرســی کـــارگێڕی مەکتەبـــی سیاســـی و هاوڕێیـــەتیی بـــەڕێزان گـۆڕان جەلال، ئەنـدامی کارگێڕی مەکتەبی سیاسـی، بێکـەس حەمـەدقادر، ئەندامی مەکتەبی سیاسـی وهیوا سـەید سـەلیم، ئەنـدامی مەکتەبـی سیاسـی سـەردانی دەفـتەری سیاسـیی حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتانیان کـرد و لە لایەن هەیئـەتێکی پایەبـەرزی حیزبەوە بە سەرپەرستیی کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشـتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێشوازییان لێ کرا.

لەو دانیشتنەدا کە بۆ ماوەی دوو کاتژمێری خایاند، کاک خالید عەزیزی سیاسـەتی حیزبـی دێمـوکڕات و وەزعییەتـی ئێسـتای ئێـران و هەڵوێسـتی حیزبی شی کردەوە کە کە لە لایەن هەیئەتی میوان پێشوازیی لی کرا.

لە بەشێکی دیکەی ئەو دیدارەدا کۆمـەڵێک بـاس و ڕووداوی پێوەندیدار بە کوردستان و عێڕاق هاتنە بەرباس و ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لە سەر کرا.

# بەڕێوەچوونی سمینارێکی گشتی بۆ بەڕێز مستەفا شەڵماشی بەبۆنەی ٢٦ی سەرماوەز

کـــاتژمێـــر ٢:٣٠ ی دوانیـــوەڕۆی ڕۆژی ١٢ی دێســـامبری ٢٠٠٩، سمینارێکی گشتی بۆ ڕێزدار مستەفا شڵماشی ئەندامی دەفتەری سیاسی لە لایـەن کۆمیتـەی سویسـی حیزبـی دێمـوکراتی کوردستان لـە شـاری بێرنـی پێتەختی سویس پێک هات. لەم سمینارەدا کە بە بە ئامادەبوونی دوکتور ئاسۆ حەسەن زادە ئەندامی کۆمیتـەی ناوەندیی حیزب بەڕێوە چوو، تێیدا زۆربـەی ئەنـدامانی حیـزب لـە وڵاتـی سـویس، نوێنـەرانی چەنـد حیـزب و ڕێکخـراوی کوردسـتانی و کەسـایەتیی سیاسـی و ناسـراوی کـورد تێیـدا بەشـدار بـوون، لـە لایان بـەڕێز شڵماشـیەوە باس لەسـەر دوا گـۆڕانـەکانی پێوەندیدار بە کوردستان بە گشتی و ڕۆژهـەڵاتی کوردستان بەتایبەتی کرا و سیاسـەت، ئامـانج و ڕوانینـەکانی حیزبـی دێمـوکراتـی کوردسـتان بـۆ بەشـداران شـی کرایـەوە. بـە دوای وتـەکانی بـەڕێز کـاک مسـتەفا شڵماشـی ئامادەبووان بـە سـەرنج و پرسـیارەکانی خۆیـان بەشداریان لـە باسـەکە دا کـرد. لـە کۆتـایی دا لـە لایـەن بەرپرسـی کۆمیتـەی دەرەوەی وڵاتـی حیزبـی دێموکراتی کوردستانەوە بەوردی سەرنج و تێبینیەکانی بەشداران تـاوتوێ کـــراو وڵامـــی پرســـیارەکان درایـــەوە.

لە کۆڕەکەدا هەروەها زاهید شاعیری شڵماشی بە خوێندنەوەی چەند پارچە شێعر بـە بۆنـەی ٢٦ی سـەرماوەز، یـادی ڕۆژی پێشـمەرگەی کوردسـتانی بەرز ڕاگرت.

**درێژەی:**

## پێشمەرگە پارێزەری هەموو گەلی کوردە و نابێ لە کێشەی نێوان حیزب و لایەنەکان دا کەڵکی لێ وەربگیرێ

خالید عەزیزی هەروەها لە بەشێکی دیکەی وتارەکەیدا جەختی لەسـەر کەڵك وەرگرتن لە هـەموو شـێوازەکانی خـەبات بـە پێـی پێویسـت کـردەوە و ڕایگەیانـد کـە زۆر جـار ئـەو باسـە دێتـە پێشـێ کـە سـەردەمی خـەباتی پێشمەرگانە نەماوە و ئێمە خەباتی چەکداریمان وەلاناوە. حیزبی دێمـوکراتی کوردستان وێـڕای ڕێزدانـان و ڕەچـاوکردنی هـەموو بنـەماکان و جاڕنامـەکانی نێونەتەوەیی پێوەندیدار بـە مـافی مرۆڤـەوە لـە کێشـەی گـەلی کـورد لەگـەڵ دەوڵەتی ناوەندی دا، کەڵك وەرگرتن لە هەموو مێتۆدو شێوازەکانی خەبات بە مـافی خـۆی دەزانـێ و هـەرکاتێك بـە پێویسـتی بزانـێ هـەروەك ڕابـردوو لـە خەباتی چەکدارییش کەڵك وەردەگرێ.

خوێنەرانی بـەڕێز دەتـوانن وتـەکانی سـکرتێری گشـتی لـە ڕێـوڕەسمی ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز لەم ژمارەی "کوردستان"دا بخوێننەوە.

شایانی باسە ڕێوڕەسمی ڕێزگرتن لە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردسـتان لـە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوەچوو، جگە لـە وتارەکەی بەڕێز سکرتێری گشتی چـەندین بڕگـەی دیکەشـی لـە خـۆ گرتبـوو لەوانـە خوێندنـەوەی پـەیامی ڕێکخراوەکـانی یەکیـەتیی لاوانـی دێمـوکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، بۆ یەکەم جار نیشـان دانـی فیلمـی "ملوانکـە" لـە دەرهێنـانی جـەماڵ پوورکـەریم و ئامادەکردنی ناوەندی سینەمایی "کات"، پێشکەش کردنی چـەندین سـروودو گۆرانی تایبەت بەو ڕۆژە لەلایەن هونەرمەندانی لاوی نێوریزەکانی حیزب.

# وتاری سکرتێری گشتیی حیزب
# لە ڕێورەسمی ٢٦ی سەرماوەزی ئەمساڵدا



**خوشك و برایانی خۆشەویست، هاوڕێیانی حیزبی و هاوڕێیانی پێشمەرگە!**

ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگە ئەو ناوەی کە لە سەردەمی کۆماری کوردستان بۆ دامەزراندنی سوپای میلیی کوردستان، هاتە گۆڕێ، پڕ بە دڵ پیرۆزبایی لە ئێوەو لە هەموو هاوڕێیانی حیزبی و لە هەموو خەڵکی کوردستان دەکەم. بەتایبەت جێی خۆیەتی لەو ڕۆژەدا پیرۆزبایی ڕۆژی پێشمەرگە لە بنەماڵەی دەیان و هەزاران پێشمەرگەی کوردستان بکەین کە ڕۆڵەکانیان لە ڕێگای ڕزگاریی کوردستاندا گیانیان بەخت کردوە.

پێشمەرگایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ بنەمایەك تێکەڵ بووە، واتە ئەوەڵ پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات لەگەڵ فەرهەنگ و فەلسەفەی حیزبایەتی، پێڕەوو پڕۆگرامی حیزب کە بەرنامەیەکی وەسیع و بەربڵاوە بۆ ئاوەدانی، بۆ ئیدارەی وڵات، بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەك کە لەو کۆمەڵگەیەدا تاکەکان مافیان پارێزراوە، بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەك کە لەو کۆمەڵگەیەدا بەردی بنەماو بۆچوونەکانی کۆماری کوردستان کە کاتی خۆی کاری بۆ کراوەو، بەڵام بەداخەوە بە هۆی تەمەنی کورتی کۆمار جێبەجێ نەبووە، هەر ئیدامەی ئەو ڕێبازە بووە. پێشمەرگە لە چەندو چۆنی خوێندنەوەی ئەرك و وەزیفەی لە کوردستانی ئێران هەمیشە کەوتۆتە خانەیەك کە ئێمە وای پێناسە دەکەین کە خانەی پارێزگاری لە ژیان و ماڵ و هۆوییەتی نەتەوایەتیی کورد لە کوردستانی ئێران و لە هەمان کاتیشدا پێشمەرگە بە تەفسیری نیزامیی خۆی حافزی ئەمنییەتی کۆمەڵگەیە، حافزی ئەمنییەتی تاکەکان بووە لەو کۆمەڵگەیە.

ئەگەر سەرەڕای سیاسەتێکی واقع بینانەو ئەوەکە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەمیشە پێی وابووە کێشەی کوردستانی ئێران لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی وەك کێشەیەکی سیاسی، دەبێ لە ڕێگەی دیالۆگ و گفتگۆ چارەسەر بکرێ، لە هەمان کاتیشدا لە تەنیشت ئەم سیاسەتەدا بە تەبیعەتی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی لە کوردستانی ئێران و ئەوەکە دەوڵەتی مەرکەزی وڵامی داواکانی گەلی کوردی نەداوەتەوە، ئێمە مەجبوور بووین بۆ دیفاع لە خۆمان و، پێشمەرگەی کوردستان بۆ دیفاع لە کوردستان مەجبوور بە شەڕێکی نەخوازراو بێ لە دژی کۆماری ئیسلامی، قەت لە تەبیعەتی فەلسەفەو باوەڕو بۆچوونی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی نەگۆڕی. هەر لە سەردەمی کۆمارەوە لە تەنیشت ئەوەکە کۆماری کوردستان بە گوێرەی توانای خۆی سوپای میلیی کوردستانی دامەزراند، بەڵام هەموو کاتێك ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات بەتایبەت شەخسی پێشەوا، لە هەموو بۆچوون و لە هەموو ڕاگەیاندن و لە هەموو مەجالێکی دیپلۆماتیکدا، پێی وابوو ڕێگای چارەی کێشەی کورد لە ئێران لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی دەبێ لە ڕێگای دیالۆگ و گفتگۆ بێ. بۆیە لێرەدا من تەئکید لە سەر ئەوە دەکەمەوە کە فەلسەفەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر ئەوە بووەو بە تەبعییەت لەو واقعییەتە پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات، پێشمەرگەی ڕێکخراوێکی سیاسییە، پێشمەرگەی حیزبێکە کە لە چوارچێوەیەکی سیاسیی ئاوا چاو لە چەندو چۆنی مەسەلەی کورد لە ئێران و چەندو چۆنی تەسفیە حیسابی قەزیەی کورد لە ئێران لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی دەکا. بۆیە پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دەورانێکدا کە کۆماری ئیسلامی هێرشێکی بەربەرینی کرد بۆ سەر کوردستانی ئێران و، ئێمە لە مەیدانی شەڕێکی نەخوازراودا بووین بە پێچەوانەی هێزەکانی جمهووریی ئیسلامی کە لە کوردستان و لە خاکی کورداندا خەڵکیان ئێعدام دەکرد، دیلیان ئێعدام دەکرد، لە هیچ شتێك کە تەنانەت بە پێچەوانەی چوارچێوەکان و یاساکانی نێونەتەوەیی بوو خۆیان نەدەپاراست، پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەعیان کردوەو هەوڵیان داوە تەنانەت لە شەڕێکی نابەرابەر لەگەڵ دوژمنانی خۆشیاندا وەك پێشمەرگەی ڕێکخراوێکی موتەمەدین ڕەفتار بکەن. لەمێژووی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سی ساڵی ڕابردوودا، سیاسەتی حیزبی دێموکرات لە چۆنیەتیی تەعامول لەگەڵ دیلەکان و لەگەڵ هێزەکانی جمهووریی ئیسلامی کە لە بەرەکانی شەڕدا بەدیل گیراون یا بە بریندار گیراون، دەقیقەن لە چوارچێوەی هەمووی ئەو جارنامەو هەمووی ئەو قانوونانەدا بووە کە مافی مرۆڤ لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا جێبەجێی کردوەو حیزبی دێموکرات لە سەر بنەمایەك بۆ ئەوە ئێحترامی بۆ داناوە. بۆیە مێژووی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان تێکەڵاوێکە لەگەڵ ئەو ئینسانییەتەو لەگەڵ دیفاع و لەگەڵ پاراستنی ئەمنییەت بۆ خەڵکی کوردستان و جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

لە هەمان دەوراندا کە حیزبی دێموکرات و لایەنەکانی دیکە زۆربەی شوێنەکانی کوردستانی ئێرانیان بە دەستەوە بووە و ئیدارەیان کردوە لە دەورانێکدا کە ئێمە تا ڕادەیەکی زۆر دەسەڵاتمان هەبووەو هێزی پێشمەرگەمان بە هەزاران کەس بووە، هەر لەو دەورانەدا ئێمە وەك حیزبێکی سیاسی ڕامان گەیاندوە کە چارەسەرکردنی کێشەی سیاسیی کورد لە ئێران تەنیا لە ڕێگای دیالۆگ و گفتگۆوە دەبی. جا ئەگەر وایە بۆ جارێکی دیکە پێشمەرگەی ئێمە لەو مەیدانەدا، پێشمەرگەی جێبەجێ کردنی ڕێبازو بەرنامەکانی حیزبی دێموکرات بووە، پێشمەرگەی بەئاکام گەیاندن و بەئەنجام گەیاندنی پەیامی ئاشتیی حیزبی دێموکرات بووە. ئەگەر ئێمە شەڕمان بە سەردا تەحمیل بووەو هێزی پێشمەرگەی ئێمە فیداکارییەکی زۆری کردوە بۆ ئەوەی بوو کە سوڵح لە ئێران تەحمیل بکا، بۆ ئەوەی بووە کە مەجالێکی ئاشتیخوازانە بۆ نەتەوەی کورد لە ئێران بێنێتە گۆڕێ و بیانوو لە جمهووریی ئیسلامی ببڕێ و کێشەکەی خۆی بخاتە ئاستێکی مەدنی و لە چوارچێوەی قانووندا جێبەجێی بکا. بەڵام بە داخەوە لە تەواوی ئەو سی ساڵەدا پەیامی ئێمەو فیداکاریی هێزی پێشمەرگەی ئێمە لە موقابیل هێرشی جمهوری ئیسلامی‌دا، لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە هەمیشە بە شەڕ وڵامی دراوەتەوە. ئەگەر فەلسەفەی دامەزراندنی پێشمەرگە، واتە ناوی پێشمەرگە بگەڕێتەوە سەر مێژووی کۆماری کوردستان و دامەزراندنی سوپای میلیی کوردستان و، بەو مەبەستە پێشمەرگە داندراو ئەو ناوە هەڵبژێردراو دوایی بیرۆکەی ئەوە لە ئەدەبیاتی حیزبی و ڕاگەیاندنەکانی حیزبی و سەنەدەکانی حیزبی شکڵی گرت لە سەردەمێکدا بوو کە خەڵکی کورد لەو بەشە کەمەی کوردستانی ئێران لە چوارچێوەی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستاندا تا ڕادەیەکی زۆر کۆدەنگ و یەکدەنگ بوو و خەڵك خۆی بە پێشمەرگەی کوردستان پێناسە دەکرد. ئەگەر ژیانی حیزبایەتی بە دوای کۆماری کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەموو پارچەکانی دیکە کەوتە قۆناغی دروستکردنی حیزب و، پێشمەرگە لە باری سازمانی‌یەوە تەعەللوقی حیزبایەتیی بە خۆوە گرت و تا ڕادەیەکی زۆر لە هەمان کاتیشدا خەڵکی کوردستان کوڕو کچەکانی خۆیان دەنارد بۆ پێشمەرگایەتی، بۆ ڕزگاریی کوردستان بوو ، بەڵام بەداخەوە دەورانێکی زۆر لە مێژووی کێشەو بەربەرەکانیی بەینی حیزبەکان وا هەبووە، دیسان بەداخەوە کە پێشمەرگەی کوردستان کە بۆ ڕزگاریی کوردستان و وەدیهێنانی ئەو خەون و ئارەزووانەی کۆماری کوردستان هاتۆتە مەیدان، لە شەڕو کێشەی نێوخۆی حیزبی‌دا فیدا بووە. ئێمە هیوادارین بەو گۆڕانکارییانەی کە لە دنیادا دەکرێ و لە ئاستی عەقڵییەت و فەرهەنگ و بۆچوونی تەعامولی حیزبەکان لەگەڵ یەکتر لە داهاتووی پەیوەندیدار بە کوردستانی ئێران دەکرێ، هەرگیز بۆ جارێکی دیکە ناوی پیرۆزی پێشمەرگە کە بە مەبەستی ڕزگاریی کوردستان و بۆ جێبەجێ کردنی ئارەزووەکانی کۆماری کوردستان چەکی هەڵگرتووەو بۆ ڕزگاریی کار دەکا، هەرگیزو هەرگیز نەکەوێتەوە قۆناغی کێشەی حیزبی و کوڕو کچی کوردی کوردستانی ئێران لەو پێناوەدا زەرەرمەند نەبن. تا ئەو جێگەیەی پێوەندیی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە هەیە ئێمە تێدەکۆشین هاوڕێیانی پێشمەرگەی خۆمان ئاوا پەروەردە بکەین و لە ژێر بنەماو بۆچوونەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە ڕزگاریی کوردستان و جێبەجێ کردنی ئەرکی نەتەوەیی و ئەوەکە پێشمەرگە وەك هێزێکی نیزامی حافزی ئەمنییەتی خەڵکی کوردستانە هەرگیز نەکەوێتە ئەو کێشە ناخۆشانەی کە ئێمە لە ڕابردوودا تەجروبەمان کردوون. هیوادارین لەم ڕۆژە پیرۆزەدا، لە ڕۆژی پێشمەرگەدا هەموو حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستانی ئێران بە تێکڕایی، ئەو پەیامە بکەینە بنەمای کاری خۆمان کە ئەگەر لە کێشەی نێوخۆیی‌دا بە هەر دەلیلێك بە جۆرێك ئێستا ئێمە شوێنەواری ڕەوانیی لەتبوونەکان تەجروبە دەکەین، پێشمەرگەی کورد نەکەوێتە نێو شوێنەواری ئەو کێشانەو پێشمەرگەی کورد بەو ڕووحە پەروەردە نەکەین کە لە داهاتووی ناڕوونی ئێراندا خوای نەخواستە تەعەللوقی حیزبایەتییەکەی ئەوەندە گەورە بێتەوە کە لە پێناو بەرژەوەندی حیزبی‌دا ئامادە بین ئێمە دیسان وەکوو ڕابردوو تووشی کێشەیەکی نەخوازراو بین. ئێمە وەك حیزبی دێموکراتی کوردستان زۆر دڵخۆشین بەوە، کە شعووری سیاسی لە کوردستان ئەو گۆڕانکارییەی کە لە کۆمەڵگەی کوردستاندا هەیەو ئەو گۆڕانکارییەی کە لە فەرهەنگی سیاسیی حیزبایەتیی ئێمەدا هەیەو ئێمە پەرەی پێ دەدەین، سێناریۆیەکی لەو بابەتە تێکرار نابێتەوە. بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئەوە ئەرکی هەموو پێشمەرگەکانە بە پێشمەرگەی هەموو حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسی و لەوان گرینگتر ئەرکی دایك و باوکانە لە کوردستانی ئێران کاتێك کوڕو کچیان دەبێتە پێشمەرگە ئەو ڕووحیاتەیان تێدا پەروەردە بکەن پێیان بڵێن ئێوە لە هەمان کاتدا کە حەقی خۆتانە ئەندامی حیزبێکی سیاسی بن بەڵام لەبیرتان نەچێ ئێوە پێشمەرگەی کوردستانن و پێشمەرگەی کوردستان هەرگز، هیوادارین، لە سەر ئەو تێبینی دایك و بابانەش لە ئایەندەدا نەچێتەوە نێو خانەی، خوای نەخواستە، تەسفیە حیسابی حیزبی. ئێمە وەك حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەر ئەو باوەڕە سوورین و تا ئەو جێگایەی پێوەندی بە حیزبەکەی خۆمانەوە هەیە کاری بۆ دەکەین.

**هاوڕێیانی پێشمەرگە !**

ئێمە کە کۆدەبینەوە، زۆربەی زۆری ئێمە لە بەرگی پیرۆزی پێشمەرگانەدا دەبێ ئەوەمان لەبیر بێ کە لە حیزبی دێموکراتدا بەرگی پێشمەرگایەتی و ئەرکی پێشمەرگایەتی سنووری پلەی حیزبیی تێپەڕاند، بە چ مەعنایەك؟ بەو مەعنایە ڕەنگە وا تەسەور کرابا کە هێزی پێشمەرگە هێزێکی نیزامی بووە بە بەراوەرد کردن و لاساکردنەوە لە شەڕو ئەرتەشەکانی دنیا، ڕاستە لە مەیدانی شەڕەکاندا ئەوە زۆرتر هێزی پێشمەرگەیە فیدا دەبێ. بەڵام لە حیزبی دێموکرات لە حیزبەکەی ئێوەدا سکرتێرەکانیشی بەرگی پێشمەرگەیان لەبەردا بوو. سکرتێرەکانی کە بەرگی پێشمەرگەیان لەبەردا بوو هەر بە ناوی پێشمەرگەی دێموکرات و هەر لە ڕێگای ڕزگاریی کوردستان، سکرتێرەکانیشی تێرۆر کران و شەهیدکران. لە حیزبی دێموکراتدا دەیان کادری کومیتەی ناوەندی لە مەیدانەکانی شەڕدا شەهید کراون. چەندین کادری کومیتەی ناوەندی تێرۆر کراون. بۆیە ئێمە لە نێو حیزبی دێموکراتدا هەموومان پێشمەرگەین. لەهەمان کاتدا ئێمە پێشمەرگەی پێڕەوو پڕۆگرامێکین، پێشمەرگەی بەرنامەیەکین کە حیزبایەتی و بنەمای حیزبی و جێبەجێ کردنی ئەو پڕۆژەیە بۆ ئێمە ئەسڵەو پێشمەرگایەتی بۆ ئێمە دەقیقەن ئەو مەبەستەی هەیە.

ئەگەر ئێمە ئێستا لێرە کۆبووینەتەوەو ڕێز لە ڕۆژی پێشمەرگە دەگرین لەو کۆبوونەوەیەدا ڕێزو قەدردانیمان هەیە بۆ تەواوی ئەو کادرو پێشمەرگانەی کە بە دەیان ساڵ لە ریزی پێشمەرگەدا چالاکی و فەعالییەتیان بووە. ڕەنگە بنەماڵەی زۆر لەو پێشمەرگانەی کە لە ماوەی سی ساڵی ڕابردوودا شەهیدبوون، ، ئێمە ئێستا مەجالی ئەوەمان نەبێ لە شارو گوندەکانی کوردستان لە دەوریان کۆببینەوەو لەگەڵیان دابنیشین و ئاوا ڕووبەڕوو لە کۆڕو کۆمەڵێکی ئاوادا قەدردانییان لێ بکەین بەڵام هەمیشە ئەوەیان لەبیر بێ کە ئەو بنەماڵانە لای ئێمە ناویان هەیەو زیندوون. ئەگەر ئێستا بۆ ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی

ل ٤






ئێمە هیوادارین هەرگیز بۆ جارێکی دیکە ناوی پیرۆزی پێشمەرگە کە بە مەبەستی رزگاریی کوردستان و بۆ جێبەجێ کردنی ئارەزووەکانی کۆماری کوردستان چەکی هەڵگرتووە بۆ رزگاری کار دەکا، نەکەوێتەوە قۆناغی کێشەی حیزبی و کوڕو کچی کوردی کوردستانی ئێران لەو پێناوەدا زەرەرمەند نەبن.

## بەیاننامە

# بە بۆنەی کۆچی دوایی ئایەتوڵلا مونتەزیرییەوە



شەوی شەممە لەسەر یەک شەممە ٢٨لەسەر ٢٩ی سەرماوەز، ئایەتوللا مونەزیری لە تەمەنی ٨٧ ساڵی دا کۆچی دوایی کرد.

ئایەتوللا مونتەزیری بە هۆی رایردووی خەباتگێڕانەی لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتی داو، هەروەها سەبارەت بە جێگەوپێگەی ئایینیی خۆیەوە، بوو بە یەکێك لە چەند کەسایەتیی هەرە دیاری نیزامی کۆماری ئیسلامی. هەر بۆیە چ وەك مەرجەعو شارەزایەتی ئایینیی دەسترۆیشتووو چ وەك سەرۆکی یەکەم مەجلیسی خیبرەگان لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دا، رۆڵێکی دیاری لە دارشتنی پایەکانی نیزامو یاساکانی وەلایەتی فەقیهی یەوە هەبوو، هەر بە هۆی نفووزی مەزهەبیو ئەم جێگەو پێگەیەشی بوو کە وەك جێگری خومەینی یا قایممقامی رێبەری دیاری کرا. نارەزایەتی دەربرینی مونتەزیری بەرامبەر بە کوشتاری بەندییە سیاسییەکان لە ساڵی ١٣٦٧ دا بووە هۆی ئەوە بکەوێتە بەر رقو توورەیی خومەینیو هاوبیرانیو، سەرئەنجام لە وەلی عەهدیی خومەینی وەلانرا. کاتێکیش خومەینیی مردو خامەنەیی جێگای ئەوی گرتەوە، مونتەزیری سەلاحییەتی خامەنەیی بۆ رێبەری نیزامو وەلیی ئەمری موسلمانان هێنایە ژێر پرسیارو هیچ کات ددانی بە سەلاحییەتی ئەم رێبەرییەو دامو دەزگاکەی دا نەنا.

ئایەتوللا مونتەزیری کە لە پێناوی دەربرینی بیرو بۆچوونەکانیو داکۆکی لە خەڵك دا، بەرزترین پۆستو مەقامی لەو نیزامە دا لە دەست دابوو، تاکاتی مردن واتە لە ماوەی زیاتر لە ٢٠ ساڵی رابردوودا، هیچ کات ئامادە نەبوو تەسلیمی هەرەشەو فشاری خامەنەییو تاقمی دەسەڵاتدار بێو، دینی خۆی بە دنیا نەفرۆشتو، لە ستەمو تاوانەکانی دەسەڵاتبەدەستان دەرحەق بە خەڵك بێدەنگ نەبوو. تاقمی دەسەڵاتدار، بێ شەرم کردن لە پێگەی ئایینیو توانای فیقهیو زانستیی ئەو کەسایەتییەو نفووزی زۆری لە نێو شیعەکان دا، لە ئازارو ئەزیەتدانو سووکایەتی پێکردنی دەستیان نە پاراستو تەنانەت بۆ ماوەی چەند ساڵ لە ماڵەکەی خۆی دا دەستبەسەریان کرد، حوسێنییەکانی ئەویان لە شارە جۆراوجۆرەکان داخستو کەوتنە دژایەتیو بۆغزاندنو تولەستاندنەوەی کەسانێك کە لایەنگرییان لە ناوبراو دەکرد. بەڵام مونتەزیری نەترسانەترو راشکاوانەتر لە پێشوو پەردەی لەسەر تاوانەکانی تاقمی دەسەڵاتدارو پێشێلکردنی مافو ئازادییەکانی خەڵك لە لایەن ئەوانەوە لادەدا. کاتێکیش خەباتو بەربەرەکانیی خەڵکی ئێران بە دژی دەسەڵاتدارانی پاوانخوازو کودەتاچی پێی نایە قۆناغێکی نوێ، ئایەتوللا مونتەزیری لە پشتیوانیی بزووتنەوەی ئازادیخوازایو لە قاودانی درۆو ریا و ستەمی دەسەلاتبەدەستان دریغی نەکرد. ئایەتوللا مونتەزیری لەم ساڵانەی دوایی دا، ئازایانە رۆڵی خۆی لە گونجاندنی ئەسلی ویلایەتی فەقیە لە قانوونی ئەساسیی ئێران دا نەقد کردەوە. هەڵسوکەوتی ئەم دوو دەیەی دوایی دەسەلاتدارانی نیزام لەگەڵ مونتەزیریو هەڵوێستی ئەم ئایەتوللایە بەرامبەر بە دەسەلاتدارەتیی ئەوان، ئایەتوللا مونتەزیریی کرد بە یەکێك لە خۆشەویست ترین مەرجەعەکانیو تەقلید لە نێو شیعەکانی ئێران دا، وەك پشتیوانیکی مەعنەویی جوولانەوەی ئازادیخوازی سەیری دەکرا. هەر بۆیە مردنی بووە بە مایەی خەمو نارەحەتیی میلیونان ئێرانیی بێزار لە ستەمو بێدادی دەسەلاتدارانو بە خەساریك بۆ بزووتنەوەی ئازادیخوازیی ئەمرۆی خەڵکی ئێران دەژمێردرێ.

حیزبی دیموکراتی کوردستان، وێرای رێزنان لە هەڵوێستی بوێرانەو خۆراگریی ئایەتوڵلا مونتەزیری لە پێوەندی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی نیزامی کۆماری ئیسلامی دا، بە بۆنەی کۆچی دوایی ئایەتوڵلا مونتەزیری، سەرەخۆشی لە بنەماڵەکەی، موقەللیدانو لایەنگرانی دەکا. هیوادارین ژیانی ئەم کەسایەتییە ئایینییە خەباتگێڕەو بایەخدانی بە مافو ئازادییەکانی خەڵکو، مایە لە خۆدانانی لەم پێوەندییە دا، ببێتە وانەو سەر مەشق بۆ کەسایەتییە ئایینی یەکانی دیکەی ئێرانو، لە بیریان بێت، کە ئەوانەی لە ململانێی نێوان دەسەڵاتی سەرەڕۆو خەڵکی حەقخوازدا ، پشتی خەڵك بگرن، وەك ئایەتوڵلا مونتەزیری، بەڕێزو خۆشەویستیی یەوە بەرەو دوامەنزل بەڕێ دەکرێنو بە مێژوو دەسپێردرێن.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**

**دەفتەری سیاسی**

**21/12/2009**

**١٣٨٨/٩/٣٠**

---

درێژەی:

## وتاری سکرتێری گشتیی حیزب لە ڕێورەسمی ٢٦ی سەرماوەزی ئەمساڵدا

کوردستان، بۆ ڕێکخراوو تەشکیلاتەکانی ئەم حیزبە مەجالی ئەوە نیە لە نێوخۆی وڵات ، لە نێو ئەو بنەماڵانە دا حزووریان هەبێ ، ئەو ئەرکە دەکەوێتە سەر خەڵکی کوردستان لە نێوخۆی وڵات. خەڵکی کوردستان لە نێوخۆی وڵات دەبێ بەشداری جێبەجێ کردنی ئەو ئەرکە بن. ئەوە ئەرکی ئەوانە دراوسێکانیان کە بنەماڵەی پێشمەرگەن، کوڕو کچیان لە ڕێگای ڕزگاری کوردستاندا شەهید بووە، ئاوڕیان لێ بدەنەوە، بەشداریی ژیان و خەم و خۆشییان بکەن. ئەو ئەرکە تەنیا داوایەکی حیزبی نیە، ئەوە ئەرکی نەتەوایەتییشە. ئەگەر بۆ ڕزگاریی نەتەوایەتی لە کوردستانی ئێران دەیان هەزار پێشمەرگە گیانی خۆی داناوە، بەرهەمی ئەو ڕزگارییە و، چەندو چۆنی داهاتووی ئەو ڕزگارییە ئەگەر لە ژێر ڕووناکایی فیداکاریی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات و لایەنەکانی دیکە، ئێستا نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران بە خۆشییەوە تووشی بووژانەوەیەك بووەو کۆماری ئیسلامی وا بە ڕاحەتی، سەرەڕای هەموو زوڵم و زۆرێك، ناتوانێ بە کەیفی خۆی ڕەفتار بکا، ئەوە بە مەعنای ئەوەیە ئەم جمهوری ئیسلامییە دەزانێ کە پێشمەرگەی کوردستان و پێشمەرگەی دێموکرات ڕۆژێك لە ڕۆژان دەسەڵات بووەو کاری کردوەو فەعالییەتی بووە و دەزانێ کە کوردستانی ئێران ئەگەر پێویست بێ لە ئایەندەشدا دەتوانێ مەیدانێکی بەربەرینی دەیان و هەزاران پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات و لایەنەکانی دیکە بێ. بە تەفسیری ئەو واقعییەتە بۆ جارێکی دیکە ئەرکی هەموو خەڵکی کوردستانە کە بە شێوەی جۆراوجۆر لە ڕۆژەکانی مێژوویی، لە موناسەبەتی جۆراوجۆردا ئاوڕ بدەنەوە سەر بنەماڵەی پێشمەرگەکان. ئەوە ئەرکێکی کوردایەتییشە. بۆیە ئێمە هەموومان لە ڕۆژێکی پیرۆزی وەك ڕۆژی پێشمەرگەدا کە خۆی بیرەوەریی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان ویادی سەرکۆماری کوردستان و حکوومەتی کوردستانە، ئەو ئەرکە دەکەین بە ئەرکی هەموو لایەکمان لە شارو گوندەکانی کوردستان کە پشتیوانی پێشمەرگە بین، کە لەگەڵ پێشمەرگەدا بین، کە لەگەڵ کەسوکاری پێشمەرگەدا بین. جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە دەتوانێ پەیامێکی گشتگیر بێ بۆ ئەوەی کە ئێمە لە کێشەیەکی بەربەرین لە دژی کۆماری ئیسلامی وزەو توانای خۆمان زۆرتر نیشان بدەین.

**پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەعیان کردووە هەوڵیان داوە تەنانەت لە شەڕێکی نابەرابەر لەگەڵ دوژمنانی خۆشیاندا وەك پێشمەرگەی ڕێکخراوێکی موتەمەدین ڕەفتار بکەن.**

### هاوڕێیانی پێشمەرگە !

لە کەشو هەوایەك دا ئێمە ڕێز لە ڕۆژی پێشمەرگە دەگرین کە ئێران لەگەڵ کێشەیەکی بەربەرین و کۆمەڵێك قەیران ڕووبەڕووە. ئێمە هەمیشە گوتوومانە باشترین حاڵەت و باشترین سێناریۆو باشترین ڕێگاچارە بۆ ئەوەی کە نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران و هەمووی ئێمە بە ئارەزووی پێشمەرگانەی پێشمەرگەکان بگەین، کە ڕزگاریی کوردستانی ئێران و سەقامگیرکردنی ئەمنییەت بۆ کوردستانی ئێرانە، ئەوەیە کە جمهووریی ئیسلامی نەمێنێ و پێمان وایە نەمانی جمهووریی ئیسلامی باشترین فورسەتە بۆ ئەوە. بەڵام لە هەمان کاتیشدا لە تەنیشت ئەو بۆچوونە ئەوەش ڕادەگەیەنین بۆ ئەوەی کە لە نەمانی جمهووریی ئیسلامیدا ئێمە تووشی سێناریۆو حاڵەتێك نەبینەوە کە لەم سێناریۆو حاڵەتەدا ئایەندەی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران ناڕوون بێ و بە تەبەعییەت لەو ناڕوونیەو ئەوەی کە نازانین ئێران چی لێ بەسەر دێ، تووشی کێشەیەك نەبینەوە کە دوای ئینقلابی ئێران تووشی بووین، بۆ ئەوەکە بتوانین لە کێشەکانی داهاتووی ئێران کە زۆر ناڕوونە، چۆن موعاملە بکەین و چۆن کورد وەك فاکتۆرێکی قورس و قایم بێتە پێشێ، ئەوەیە ئێمە هەموو حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تێبکۆشین لێك نزیك بینەوە، یەکگرتوو بین، پەیامێکی واحیدمان هەبێ و لە هەمان کاتیشدا سەیر نیە هەموو لایەکمان کار بکەین پێشمەرگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یا پێشمەرگەی حیزبەکانی کوردستان، ناویان پێشمەرگەی کوردستانی ئێران بێ یا ناویان پێشمەرگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ. هەمووی ئەوانە عەمەلییە بە شەرتێك ئێمە هەموو لایەك بتوانین ئەو واقعیاتەو ئایەندەی ناڕوونی ئێران و چۆنیەتی دەوری کورد لەو ئایەندەیە لە پێش خۆمان دانێین و کاری بۆ بکەین.

جێی خۆیەتی ئاماژە بە شتێکی دیکەش بکەم ئەویش ئەوەیە دوای سی ساڵ تەجرووبەی شەڕێکی خوێناوی کە جمهووریی ئیسلامی بە سەر ئێمەیدا سەپاند و لە تەواوی ئەو سی ساڵەدا پێشمەرگە ڕەمزی دیفاع لە کوردستان و لە هوویەتی کوردی و ڕابردووی خۆی بووە زۆر جار ئەو باسە دێتە پێشێ کە سەردەمی خەبات چەکداری نەماوە. زۆرجار ئەو باسە دێتە پێشێ کە ئێمە خەباتی چەکداری ناکەین، زۆر جار ئەو باسە دێتە پێشێ کە سەردەمی خەباتی پێشمەرگایەتی نەماوە. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەر ڕێزدانان بۆ بنەماکان و جاڕنامەکانی نێودەوڵەتیی مافی مرۆڤ لە کێشەی خۆی لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزیدا، هەموو مێتۆدەکان و شێوەکانی خەبات بە حەقی خۆی دەزانێ. خەباتی پێشمەرگانەو شەڕی چەکداری ئەگەر پێویست بێ و هەڵبگرێ و ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات تەشخیس بداو لە کەشوهەوایەکی ناڕوونی داهاتووی ئێراندا ئێمە ئەوەش بە دروست دەزانین. حیزبی دێموکرات لە ڕابردووشدا مەجبوور بە خەباتی چەکدارییان کردوە، بەڵام گرینگ ئەوە بووە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بنەماکانی ئوسوولی قانوونی شەڕو قەواعێدی شەڕو بازیی شەڕ تا ئەو جێیەی پێوەندیی بە مافی ئینسان هەیە لای نەداوە. بۆیە ئێمە لە خەباتی خۆمان دژی جمهووریی ئیسلامی هەموو مێتۆدەکان و هەموو شێوەکانی خەبات بە حەقی خۆمان دەزانین. خەباتی دیپلۆماسی، خەباتی مەدەنی، خەباتی تەبلیغاتی، خەباتی ڕاگەیاندن، ئەگەر پێویست بوو لە داهاتوودا کەشوهەوایەکی وا هاتە گۆڕێ خەباتی پێشمەرگانەو خەباتی چەکدارییش. بەڵام هەر وەك پێشتر ئاماژەم کرد فەلسەفەی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان، فەلسەفەیەکی سیاسی و مەدەنی بووە. بۆ ئیدارەی وڵات دامەزراوە بۆ جێبەجێکردنی ژیانێکی خۆش و لەبار بۆ تەواوی ئەندامانی کۆمەڵگەی کوردستان دامەزراوە.

لە کۆتاییدا ڕۆژی پێشمەرگە لە هەمووی ئێمە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات و هەموو پێشمەرگەکانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی دیکەی کوردستانی ئێران پیرۆز بێ. هەروەها ئەم ڕۆژە لە هەمووی ئەو بنەماڵانەی کە کوڕو کچیان لە ڕێگای ڕزگاریی کوردستاندا فیدا کردوە پیرۆز بێ. هیوادارم هەموو لایەکی ئێمە لە ئایەندەدا لە کەشوهەوایەکی موناسب بۆ وەزعی کوردستانی ئێران بە یەکەوە ڕۆژی پێشمەرگە لە جلوبەرگی پێشمەرگایەتیدا بکەین بە جێژن، لە شارو گوندەکانی کوردستان بە یەکەوە کۆببینەوەو بنەماڵەی شەهیدانیش لە تەنیشتمان بن ئەگەر کوڕو کچی شەهیدبووی پێشمەرگەیان لەوێ نین بۆ خۆیان لەگەڵمان دا دەبن.

پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەعیان کردووە هەوڵیان داوە تەنانەت لە شەڕێکی نابەرابەر لەگەڵ دوژمنانی خۆشیاندا وەك پێشمەرگەی ڕێکخراوێکی موتەمەدین ڕەفتار بکەن.

ئێمە هیوادارین بەو گۆڕانکارییانەی کە لە دنیادا دەکرێ و لە ئاستی عەقڵییەت و فەرهەنگ و بۆچوونی تەعامولی حیزبەکان لەگەڵ یەکتر لە داهاتووی پەیوەندیدار بە کوردستانی ئێران دەکرێ، هەرگیز بۆ جارێکی دیکە ناوی پیرۆزی پێشمەرگە کە بە مەبەستی ڕزگاریی کوردستان و بۆ جێبەجێ کردنی ئارەزووەکانی کۆماری کوردستان چەکی هەڵگرتووەو بۆ ڕزگاریی کار دەکا، هەرگیزو هەرگیز نەکەوێتەوە قۆناغی کێشەی حیزبی و کوڕو کچی کوردی کوردستانی ئێران لەو پێناوەدا زەرەرمەند نەبن.



# کۆنگرەی حیزبی سۆسیال دێموکراتی سۆئێد و پرسی کورد

کەماڵ حەسەن پوور

**پێشەکی**

لە ڕۆژانی ٢٨ی ئۆکتۆبر تا یەکی نۆڤامبری ئەمساڵ بەرامبەر بە ٦ تا ١٠ خەزەڵوەر، حیزبی سوسیال دێموکراتی سوێد سی و شەشەمین کۆنگرەی ئاسایی خۆی گرت. ٣٥٠ نوێنەر لە ٢٦ ناوچەی جیاواز را بەشدارییان لەم کۆنگرەیە دا کرد و لە ماوەی ئەم ٥ ڕۆژە دا ١١٠٧ پێشنیار تاوتوێ کران و هەروەها ڕێبازی نوێ پەسەند کرا.

جێگای سرنجە کە لەم ١١٠٧ پێشنیارە دووانیان پەیوەندییان بە پرسی کوردەوە هەبوو. پێشنیاری یەکەم لە ژێر ناوی "ئاشتی و دێموکراسی لە کوردستان" لە لایەن بەڕێز حەسەن قارەمانی ئامادە کرابوو و وەک پێشنیاری تاکەکەسی پێشکەشی کۆنگرە کرابوو. جێگای باسە کە ئامادە کردنی وەها پێشنیارێک بە تەنیا کاتێکی زۆری پێویستە، بردنی پێشنیارەکە بۆ ناو کۆنگرە و وەرگرتنی دەنگی مەتمانە بۆ پێشنیارێک پێویستی بە دەیان و بەڵکوو سەدان کاتژمێر کاری لۆبی لە ناو هاورێیانی حیزبی و هەروەها ئەندامانی خاوەن نفوزی حیزب هەیە.

پێشنیاری دووهەم لە ژێر ناوی "کۆمەڵکوژییەکانی سەیفۆ و ئەل ئەنفال" لە لایەن بەڕێز کلاس نوردمارک ئامادە کرابوو و ڕێکخستنی لقی ناوچەی سوندبیبەری پێشنیارەکەی بە ناوی خۆی پێشکەشی کۆنگرە کردبوو.

بە لەبەر چاو گرتنی گرینگی باسەکان بە پێویستم زانی دا کە هەم ناوەرۆکی پێشنیارەکان و هەم راگەیاندراوی لیژنەی بەڕێوەبەرایەتیی حیزب لە ئاست پێشنیارەکان وەرگێڕم و بیخەمە بەر دیدی خوێنەرانی بەڕێز.

## پێشنیاری J26

ڕێکخستنی لقی ناوچەی سۆلنا – پێشنیاری تاکەکەسی

ئاشتی و دێموکراسی لە کوردستان

بەجیهانیی بوون و تەکنۆلۆژی پێشکەوتووی زانیاری، بۆتە هۆی رەخساندنی هەلی پەیوەندی ناوخۆیی کوردەکان و هەر وەها پەیوەندی لە گەڵ گەلان و نەتەوەکانیتر، بە شێوەیەک کە پێشتر نامومکین بوو. ئەو بۆتە هۆی ئەوەی کە کوردەکان بە شێوەیەکی جیاواز لە جاران بتوانن ئاگاداری ڕووداوەکانی جیهان و شارەزای ئەو چەوساونەوە بێ بەزەییە بن کە گەلی کورد بەرەورووی دەبێتەوە.

یەکێک لە کۆسپە هەرە بەرچاوەکانی دێموکراتیزە بوون، هەژارییە. بەڵام هەژاری لە کوردستان ئاکامی تایبەتمەندیی ئابووریی ناوچەکە نیە بەڵکو ئاکامی ڕاستەوخۆی ڕەچەڵەکی نەژادییە.

لە کوردستان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان ڕەچەڵەکی نەژادی و دواکەوتوویی ئابووری‌دا هەیە. بە واتایەکی تر لە کوردستان ناتوانرێ بە بێ دانپێدانانی یاسایی و ڕێز گرتن لە مافە کولتووری و سیاسییەکانی کوردان، بەربەرەکانی لەگەڵ هەژاری‌دا بکرێت. هەروەها تا ئەو کاتەی کە کوردەکان هیچ دەرفەتێکیان بۆ کارتێکەریی لە سەر ئەو بڕیارانەی نەبێت کە ئەوان دەگرێتەوە ، مرۆڤ ناتوانێ باس لە دێموکراسی بکات.

کوردەکان قەت ناتوانن تاکی ئازاد بن و لە ئاستی وڵاتدا دەوری سیاسی بگێڕن مادام بوونی ئەوان وەک گەل، حاشای لێ بکرێت.

ئەگەر دێموکراسی لە بنەڕەتدا مەسەلەی بەشداریی جەماوەریی لە سیاسەت دایە، کەوابوو خەبات بۆ دانپێدانانی مافە کولتووری و سیاسییەکانی کوردان لە ڕاستیدا خەبات بۆ دێموکراسی‌یە. جووڵانەوەی کوردان گەلی کوردی لە تەماشاوانێکی ناچالاکی ڕووداوە سیاسییەکان کردۆتە ئەکتەرێکی چالاکی گۆڕەپانی سیاسی.

شێوەی چەوساندنەوەی گەلی کورد لە بەشەکانی کوردستان لە گەڵ یەک جیاوازییان هەیە. ناسنامەی کوردی لە ئێران ژێردەستی ناسنامەی رەگەزی فارسە و ناوچە کوردەکان لە دواکەوتووترین بەشەکانی ئێران لە روانگەی ئابوورییەوەن.

بناغەی چالاکیی هەرەوەزیی سیاسی لە کوردستان باوەڕی ئایدیۆلۆژیکی نیە بەڵکو بنەمای ئەتنیکیە. کوردەکان و هەروەها گشت کەمینە نەتەوەکانیتر لە سەر باوەڕی ئایدیۆلۆژیکی دەنگ نادەن بەڵکو لە سەر بەستراوەیی نەتەوەیی. بە بێ داماڵینی قۆرخ بوونی دەسەڵات لە ناوەند و بە بێ دانپێدانانی یاسایی بە مافە کولتووری و سیاسییەکانی کوردەکان، دێموکراسی لە وڵاتێکی فرەنەژادی وەک ئێران هەرگیز مومکین نیە. ئەزموونەکان لە بەشەکانیتری دونیا ئەوە دەردەخەن کە کاتێک کە مرۆڤەکان بتوانن بە ئازادی دەنگ بدەن، حەز دەکەن کە دەنگ بەو پاڵێوراوانە بدەن کە سەر بە گرووپی نەژادیی خۆیانن. کە وابوو ئاکامی هەڵبژاردنی ئازاد بۆ کوردان لە باشترین حاڵەت دا ئەوە دەبێ کە شێوازی خەبات بۆ دانپێدانان بە مافەکانی کوردان ئاڵوگۆڕی بە سەردا دێت.

ئێستا لە کوردستان ئاشتی لە ئارا دانیە. ئاشتی تەنیا بە واتای نەبوونی شەڕ نیە بەڵکو هەبوونی دادوەرییە و بە بێ دانپێدانان و ڕێز گرتن لە مافەکانی گەلی کورد هەرگیز دادوەریی نایەتە ئاراوە. سەرکوتی گەلی کورد جگەلەوەی لە روانگەی ئەخلاقییەوە نابەجێیە، گەلێکیش مەترسیدارە. سەرکوت لە دژی کوردان ڕیشەی ئەو توندوتیژییەیە کە زۆر دەمێکە ئە وڵاتانەی گرتۆتەوە کە لە کوردستان فەرمانرەوایی دەکەن. پشتیوانیی ئورووپا و بەشداریی چالاکانە بۆ کۆتایی هێنان بە توندوتیژی و دیتنەوەی ڕێگا چارەیەکی دادوەرانە بۆ پرسی کورد گەلێک گرینگە.

لێدوانێکی ئاشکرا لە لایەن حیزبەکانی ئەنجومەنی نوێنەران واتە حیزبەکانی سوسیال‌دێموکرات، مۆدێرات، چەپ، لیبراڵی گەل، سەنتەر و دێموکرات مەسیحی و پشتیوانیی ئەوان بۆ ڕێگاچارەیەکی ئاشتیخوازانە و دادوەرانە بۆ مەسەلەی کورد دەبێتە هۆی ناردنی سیگناڵێکی ڕوون و ئاشکرا بۆ ئەم وڵاتانەی کە کورد دەچەوسێننەوە. ئەوە هەروەها بۆ کوردەکان ئەو مانایەی دەبێت کە دونیای دەرەوە پشتیوانی لە هەوڵەکانی ئەوان بۆ ئاشتی، دێموکراسی و دوزینەوەی ڕێگاچارەیەکی دادوەرانە دەکات.

ئەوسا کوردەکان چیتر خۆیان لە خەباتیاندا بۆ دانپێدانان بە مافە سەرەتاییەکانیان بە تەنیا نابینن. ئەم کارە بۆ ئەو وڵاتانەش کە بناغەی سیاسەتەکانیان لە سەر چەوسانەوە دامەزراوە بەو مانایە دەبێت کە چیتر دونیای دێموکرات چەوساندنەوە تەحەممول ناکات. ئەوە هەر وەها پشتیوانییەکی زۆر بە نرخ دەبێ بۆ تاک و هێزە دێموکراتیکەکان لە ئێران.

من پێشنیار ئەکەم کە کۆنگرە بڕیار بدا:

کە بە گوێرەی ئەم پێشنیارە هەوڵ بۆ ئاشتی و دێموکراسی لە کوردستان بدرێت

حەسەن قارەمانی

J26:1

ڕێکخستنی لقی ناوچەی سۆلنا بڕیاری دا کە ئەم پێشنیارە وەک پێشنیاری تاکەکەسی بنێرێت بۆ کۆنگرە.

### راگەیاندراوی لیژنەی بەڕێوەبەرایەتیی حیزب لە ئاست پێشنیارەکان:

J٢٦:١ (کوردستان)

لە پێشنیاری J٢٦:١ (پێشنیاری تاکەکەسی لە لایەن لقی ناوچەی سۆلنا) داوا کراوە کە حیزب بە گوێرەی پێشنیارەکە بۆ ئاشتی و دێموکراسی لە کوردستان هەوڵ بدات.

لیژنەی بەڕێوەبەرایەتیی حیزب لە گەڵ مەبەستی پێشنیارکەرەکە بۆ مافی دێموکراسی و ئازادی بۆ کوردان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست هاوڕایە. ئەوە شتێکە کە حیزبی ئێمە دەمێکە هەوڵی بۆ دەدا. ئەو تاوانکارییی و دەستدرێژییانەی کە لە دژی کوردان و کەمینەکانی تر لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ئەنجام دراون گەلێک زۆرن.

ئەوە زۆر گرنگە کە ئەو زامە کۆنانە مەودایان پێ بدرێت کە سارێژ ببنەوە و چەوساندنەوەی کوردان و کەمینەکانیتر کۆتایی پێ بێت بۆ ئەوەی کە ئاشتی‌یەکی درێژخایەن بێتە ئاراوە کە لەوێدا مافەکانی مرۆڤ، دێموکراسی و ئازادیی بیروڕا دەربڕین بۆ گشت ئەو کەسانەی کە لەو ناوچەیەدا دەژین، مسۆگەر بکرێت. ئەوە هەوڵ و کۆششی بێ پسانەوەی حیزبی ئێمە دەخوازێ. ئەو ڕاستی‌یە کە ڕێژەیەکی بەرچاو کورد لە سوێد دەژین پەیوەندیی ئێمەی لە گەڵ گەلی کورد بەهێز کردوە و حیزبی ئێمە بە پێی نەریت گرینگییەکی زۆری بە مەسەلەی کورد داوە، چونکە گەلێک کورد ئەندامی چالاکی ئێمەن.

کوردستان ناوچەیەکە و وڵاتێکی سەربەخۆی بە فەرمی ناسراو نیە. بارودۆخی ئەو وڵاتانەی کە کورد لێیان دەژین لە گەڵ یەک جیاوازییان هەیە. هەر بۆیە ڕێگاچارەی کوردان و کەمینەکانیتر بە پێی ئەوەی کە لە کام وڵاتدا دەژین جیاوازە.

لیژنەی بەڕێوەبەرایەتیی حیزب پێی وایە کە هەم کوردەکان و هەم کەمینەکانیتر لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەبێ هەلێکی ڕاستەقینەیان بۆ برەخسێ کە بە شێوەیەکی چالاک لە پرۆسەی دێموکراتیزە کردنی ئەو وڵاتەی کە تێیدا دەژین بە شێوەیەکی چالاک بەشدار بن.

لە ئێران ئەو کوردانەی کە لە بواری سیاسیدا چالاکن ڕاو دەنرێن. ئەوە یەکێک لەو هۆیانەیە کە حیزبە دەستەخۆشکەکانی ئێمە ناتوانن بە ئاشکرا لە نێوخۆی وڵات کار بکەن و بنکەی ڕێبەرایەتییەکانیان لە کوردستانی عێراقە. دێموکراسی لە ئێران دەبێ پێش هەموو شتێک بە جیاکردنەوەی دەسەڵاتی بەهێزی ئایینی (لە دەسەڵاتی سیاسی) بە هێز بکرێت. مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی کەمینەکان دەبێ لەو وڵاتە بە شێوەیەکی بەرچاو باشتر بکرێن.

لیژنەی بەڕێوەبەرایەتیی حیزب روانگەی ئەرێنی لە سەر گەشەکردنی دێموکراسی لە کوردستانی ئێراق هەیە، هەرچەند بۆ کارتێکەریی دێموکراسی بەتەواوی، کاری زۆرتر پێویستە. لە هەمان کاتدا دەبێ لەبیرمان بێت کە لەمێژ نیە کە ئاشتی لە کوردستانی ئێراق بەردەوامە و بۆ سەقامگیر کردنی دێموکراسی‌یەک کە لەوێدا هەموو گروپە ئایینی و نەژادییەکان وەک یەک هەڵسوکەوتیان لە گەڵدا بکرێت، کات پێویستە. کوردەکان لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراقدا دەسەڵاتێکی ڕاستەقینەیان هەیە، هەر نەبێ بە هۆی ئەوەی کە سەرکۆماری ئەو وڵاتە، جەلال تاڵەبانیی سوسیال دێموکرات، کوردە.

لیژنەی بەڕێوەبەرایەتیی حیزب پێی وایە کە هەم بۆ کوردان و هەم بۆ کەمینەکانی تر گرینگە کە تورکیا ببێتە ئەندامی یەکیەتیی ئوروپا. تا ئێستا پرۆسەی ڕیفۆرمی تورکیا بۆ ئەوەی بتوانێ پێوەرەکانی کۆپێنهاگی یەکیەتیی ئورووپا لە بارەی دێموکراسی، مافەکانی کەمینەکان و هتد بپێکێ ماف و ئازادیی زیاتری بە کەمینەکان بەخشیوە. یەکێک لەو شتانەی کە ئێمە پێمان باشە ئەوەیە کە ئێستا لە تورکیا کانالێکی تەلەفزیۆنی هەیە کە بەرنامەکانی بە کوردی بڵاو دەکاتەوە.

ئەم پرۆسەیە دەبێ درێژەی هەبێ و سوێد دەبێ درێژە بە پشتیوانیی خۆی بۆ بە ئەندام بوونی تورکیا لە یەکیەتیی ئورووپا بدات. لە هەندێک لە وڵاتانی ئەندام، هەستی ترس لە بێگانە لە دژی بە ئەندامبوونی تورکیا بەو پاساوە پەرەی پێ دەدرێت کە وڵاتێکی ئیسلامی جێگای لە "کلوبێکی مەسیحی"دا کە یەکیەتیی ئورووپایە نابێتەوە. ئەم پاساوە بە تەواوی هەڵەیە.

ئەمڕۆ یەکیەتیی ئورووپا لە هەموو چەشنە مرۆڤێک، کە زۆریان موسڵمانن، پێک هاتوە و ئەندامەتیی لە یەکیەتی ئوروپا لە سەر بنەمای باوەڕی ئایینی نیە بەڵکو لە سەر بنەمای دێموکراسی، بازاری ئازادی کاریگەر و ویست و توانای جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەیە کە ئەندامەتی، لە گەڵ خۆیان دێنێت.

لە سووریا پتر لە ٢٠٠ هەزار کورد لەبەر راوەدوونانی سیستەماتیکی دەوڵەتی سووریا مافی هاووڵاتییان نیە. زمانی کوردی بە فەرمی نەناسراوە. چەوساندنەوەیەکی چڕ و پڕ لە ئارا دایە و کورد و کەمینەکانی تر دەرەتانی زۆر کەمیان بۆ چالاکیی سیاسی هەیە. چەوساندنەوەی کوردان دەبێ کۆتایی پێ بێ و مافەکانی مرۆڤ و دێموکراسی دەبێ بە هێز بکرێن و مافەکانی کەمینەکان دەبێ بەشێوەیەکی بەرچاو لە وڵاتدا باشتر بکرێن.

ئەمە ویستی لیژنەی بەڕێوەبەرایەتیی حیزبە کە لایەنگری حیزبی ئێمە لە مافی کورد و گشت کەمینەکان بۆ گەیشتن بە دێموکراسی، ئازادی و دادپەروەریی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست درێژەی هەبێت.

لیژنەی بەڕێوەبەرایەتیی حیزب پێشنیار بە کۆنگرە دەکات کە:

بە لەبەر چاو گرتنی راگەیاندراوی J٢٦:١ پەسەند بکات کە پێشنیاری J٢٦ وەڵامی خۆی وەرگرتوتەوە.

## پێشنیاری J٢٨

### ڕێکخستنی لقی ناوچەی سوندبیبەری

### کۆمەڵکوژییەکانی سەیفۆ و ئەل ئەنفال

لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە دەوری زنجیرە کێوی قەندیل چوار وڵاتی تورکیا، سوریا، ئێران و ئێراق هەڵکەوتوون. باوەرمەندانی چەندین دین و چەندین جۆرە خەڵک لەم ناوچەیە دا دەژین و بە درێژایی مێژوو دڵرەقیی زۆر لێرە ئەنجام دراون. چەندین جار کارەساتی خوێناوی لە ناوچەی قەندیل رووی داوە. دوو دانە لە بێبەزەیی‌یانەترین ڕووداوەکان کۆمەڵکوژیی سەیفۆ و ئەنفالن.

سەیفۆ ئەو کۆمەڵکوژییە بوو کە بە دژی ئەرمەنییەکان، ئاسۆری/سریانی/کلدانی، یۆنانیی پۆنتی و قەرەجەکان لە نێوان ساڵەکانی ١٩١٤ تا ١٩١٨ بەڕێوەچوو. کوشتنە سیستەماتیکەکە بە فەرمان و لە سەر دەستی ئیمپراتۆری عوسمانی بەڕێوە چوو. توێژەرەکان بە تەواوی لە سەر ڕێژەی کوژراوەکان هاوڕا نین، بەڵام باسی ٧٥٠٠٠٠ تا پتر لە یەک میلیۆن کەس دەکرێت. کۆمەڵکوژییەکە بووە هۆی کۆڕەوی مەزن لە پەنابەران بۆ دەرەوەی تورکیا. ئاسەواری سەیفۆ لە تورکیا تا ئەمڕۆش دەبینرێت، لە بەراورد لە گەڵ نزیکەی یەک میلیۆن کەس کە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا لە تورکیا دەژیان ئێستا تەنیا چەند هەزار ئاسۆری/سریانی/کلدانی لەم وڵاتە دەژین. بە درێژایی مێژووی تورکیا باس کردن لە پرسی کۆمەڵکوژی یاساغ بووە. پرۆسەی یاسایی، کەمپەینی گشتی و هێرش کردنە سەر، ئەو شتانە بوون کە بەرەورووی ئەو کەسانە بۆتەوە کە وێراویانە پرسەکە بەرز بکەنەوە. تەنانەت ئەمڕۆش کۆمەڵکوژییەکە بە تەواوی دەستنیشان نەکراوە و بابەتەکە تا رادەیەک لە تورکیا، ئەو شوێنەی کە ڕووداوەکە لێی ئەنجام دراوە، تابوویە.

ئەل ئەنفال ناوی ئەم کۆمەڵکوژییە بوو کە ڕێژیمی بەعسی عێراق بە مەبەستی فەوتاندنی کوردان لە کوردستانی ئێراق ئەنجامی دا. بەرپرسی ئۆپەراسیۆنەکە عەلی حەسەن ئەلمەجید وەزیری بەرگریی سەددام حوسێن بوو کە بە عەلی کیمیاوی ناوبانگی دەرکردوە. ئەنفال لە ٢٣ فێورییە تا ٦ی سێپتامبری ١٩٨٨ درێژەی کێشا. سەرجەم ١٨٢٠٠٠ کورد کوژران و پتر لە یەک میلیۆن کەس کە زۆربەیان ژن و منداڵ بوون ئاوارە بوون. ئەنفال هەروەها راگواستنی بە زۆرەملیی خەڵکی مەدەنییشی لە خۆگرتبوو و لە هەندێک شار ئۆردووگا دروست کرابوون (کە ئەو خەڵکەیان لەوێدا کۆ کردبۆوە). ئەو شێوازانەی کە لە { رەوتی} ئەنفال دا کەڵکیان لێ وەرگیرا هەر هەمان شێواز بوون کە لە سەیفۆ کەڵکیان لێ وەرگیرابوو. سەرجەم ٤٠٠٠ گوند، ٢٠٠٠ قوتابخانە و ٢٧ کلیسای ئاسۆرییەکان وێران کران. ٢٥٠ شار و گوندی کوردستان کەوتنە بەر هێرشی چەکی شیمیایی کە لە گازەکانی ئەعساب و خەردەل پێک هاتبوون. بەناوبانگترین هێرش لە ١٦ی مارسی ١٩٨٨ لە دژی شاری هەڵەبجە بەڕێوەچوو. شارەکە کەوتە بەر گەورەترین هێرشی شیمیایی بە دژی خەڵکی مەدەنی لە سەردەمی مودێرن دا و پتر لە ٥٠٠٠ مرۆڤ کوژران و ١٠٠٠٠ کەس بریندار بوون کە ئێستاش ژمارەیەکی زۆر لەوان بە کەمئەندامی دەژین.

بۆ ئەوەی کە ناوچەی قەندیل و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بتوانێ لەم کۆمەڵکوژییانە تێپەڕ ببێت ئەبێ دەرفەتی ئەوە بدرێت کە برینەکان سارێژ ببنەوە. ئەمە بەو واتایەیە کە کۆمەڵکوژییەکان وەک خۆی دانیان پێدا بنرێت و ڕاستیی ئەم ڕووداوانە بخرێتە ژێر ڕووناکایی.

بە لەبەر چاوگرتنی ئەوەی لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا، من پێشنیار ئەکەم:

J28:1 کە سوسیال دێموکراتەکان هەوڵ بدەن کە ئەم ٢ کۆمەڵکوژییەی سەیفۆ و ئەل‌ئەنفال لە لایەن سوێد، یەکیەتی ئورووپا و نەتەوە یەکگرتووەکان بە فەرمیی بناسرێن.

J28:2 کە سوسیال دێموکراتەکان هەوڵ بدەن پێش کۆنگرەی داهاتوو کۆنفرانسێک لە سوێد لە بارەی هەردوو کۆمەڵکوژیی سەیفۆ و ئەنفال بە مەبەستی تیشک خستنە سەر و بڵاو کردنەوەی زانیاری لە بارەی ئەم کۆمەڵکوژییانە ڕێک بخەن.

J28:3 کە سوسیال دێموکراتەکان هەوڵ بدەن کە ڕۆژی ١٦ی مارس بکرێتە ڕۆژی ناونەتەوەیی یادکردنەوەی قوربانیانی چەکی شیمیایی و چەکی کۆکوژ.

کلاس نوردمارک، ڕێکخستنی لقی ناوچەی سوندبیبەری

ڕێکخستنی لقی ناوچەی سوندبیبەری بڕیاری دا کە ئەم پێشنیارە وەک پێشنیاری خۆی پەسەند بکات

### راگەیاندراوی لیژنەی بەڕێوەبەرایەتیی حیزب لە ئاست پێشنیارەکانی J28:1, J28:2, J28:3 (کۆمەڵکوژی)

ل ٦

# پەیامی حیزبی دێموکراتی کوردستان

## بۆ کۆنفرانسی ئەنجومەنی پەژوهێشگەرانی ئێران سەبارەت بە ئیعدام

*لە رۆژەکانی ٥ و ٦ دێسامبری ٢٠٠٩دا کۆنفرانسی ئەنجومەنی پەژوهشگەرانی ئێران سەبارەت بە پرسی ئیعدام لە ئێران لە شاری کۆڵنی ئاڵمان بەڕێوە چوو. ئەوەی خوارەوە دەقی پەیامی نوێنەرایەتیی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ ئەو کۆنفرانسەیە کە ەلایەن بەرێز خالید حەسەنپوورەوە پێشکەش کراوە:*

**دۆستانی خۆشەویست !**

ناوکی سەرەڕۆیی لە کۆماری ئیسلامیدا لە کاتێکدا هەوڵ دەدا گوتاری سەرکوتکەرانە بەسەر کۆمەڵگای ئێراندا زاڵ بکاتەوە کە ئیدی پەنا بردن بۆ زەبر و زەنگ و مێکانیزمەکانی توند و تیژی بۆ بەڕێوە بردنی کۆمەڵگای دینامیکی ئێران جگە لە داچڕژانی دەسەڵات خۆی و لاواز بوونی هەرچی زیاتری بنەماکانی نیزام شتێکی دیکەی لێ ناکەوێتەوە. کوشتاری خەڵکی کوردستان، سەرکوتی دژبەران لە ساڵەکانی شەستدا، قەتڵە زنجیرەیییەکان و بە گشتی هەودای نەپساوەی بێدادگەریی درندانە لە سی ساڵی رابردوودا، هەمووی شایەتی بۆ ئەو راستییە دەدەن کە ئەگەر قەرار با پۆتانسیەلی عەدالەتگەرانە و ئازادیخوازانە لە کۆمەڵگای ئێراندا لە رێگای سەرکوت و توند و تیژییەوە دەستەمۆ بکرێ، ئێستا دەبوو کۆمەڵگای ئێران لە هەموو کاتێک مات و سرتر بێ کە بەخۆشییەوە راستییەکەی رێک بەپێچەوانەیە. هەوڵی کاربەدەستانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ بەرهەم هێنانەوەی ملهوڕی لە رێگای درندەیی ئاشکراوە، ئەگەر لەلایەک لۆژیکی رێژیمێک دەگەیەنێ کە نیزامییەکان پاوانیان کردووە، لەلایەکی دیکەوە نیشاندەری دڵەراوکەیەکی راستەقینە و حاشا هەڵنەگر لەنێو بازنەی بەرتەسکی کاربەدەستان دایە: بڵاوکردنەوەی ترس و خۆف لە کۆمەڵدا و بەکارهێنانی رێکارە نامرۆییەکانی وەک ئیعدامی رۆژ بە رۆژ زیاتری جیابیران، شتێک نیە جگە لە دووپاتبوونەوەی پێکەنیناوی بەڵام بەئازاری مێژوو. پێکەنیناوی لەو سۆنگەیەوە کە کاربەدەستانی رێژیم بۆخۆیان دان بە گۆڕانی سروشتی ئەو مەترسییانە دادەنێن کە هەڕەشە لە مانەوەیان دەکەن و باس لە پێویستیی گۆڕانکاری لە مێکانیزمەکانی بەرەوڕوو بوونەوەدا دەکەن، کەچی لە کردەوەدا هەر هەمان تەپڵی دێرینی توند وتیژیی کوێر لێ دەدەن. ئەوان باسی "ناتۆی فەرهەنگی" دەکەن، کەچی بۆخۆیان هەر بە "فەرهەنگی ناتۆیی" واتە بە هەمان لۆژیکی پادگانییەوە دەچنە سۆراغی چالاکانی بزووتنەوەی مەدەنی و لاوانی ئازادیخوازی وڵات. ئەوان دم لە هەڕەشە نەرمەکان دەسوون، کەچی بۆخۆیان رەقترین روخساری دەسەڵاتی زۆردار نیشان دەدەن. تراژیکیش لەو گۆشەنیگایەوە کە کاتێک دەیانەوێ "ئیبتکاری کردەوە" لە گۆشەیەکی وەک کوردستان بە دەستەوە بگرن، لاوانی بێگوناح ئیعدام دەکەن. غافڵ لەوە کە راستییەکەی هەمان رەوتی بێ گەڕانەوەی هەڵوەرین و داتەپینی حاکمییەتی دەروونیی رێژیمە کە ئیدی ئەمانیان نادا. ئاشکراشە کە حکومەتێک کە لە جەوهەردا لە کۆی دژەکان پێک هاتبێ، ناچارە لە بەرامبەر واقیعەکانی دەرەوەی خۆیدا پەنا بۆ چەواشەکاری و هەڵسوکەوتی نائەقڵانی بەرێ. لە بەرامبەردا، یەکێک لە هۆکارەکانی گەشە سەندن و پێشکەوتنی دوو چەندانی بزوتنەوەی دێموکڕاسیخوازی لە ئێرانی ئەمڕۆدا بەکار بردنی ئامرازی مەدەنی و خۆ بواردنی ئازادیخوازان لەو شێوانە لە بەربەرەکانییە کە رێژیمی کۆماری ئیسلامی دامودەزگا و توانای بەرەوڕووبوونەوەیانی هەیە. گەشە کردنی ئاوەزی گشتی و تێگەیشتنی سیاسیی خەڵک لەلایەک و چالشگەریی مەدەنیی ئازادیخوازانی کۆمەڵگای ئێران لەلایەکی دیکەوە، بەرپرسایەتیی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵات دوو ئەوەندە دەکەن. ئەرکی ئێمەیە کە هەر لەوکاتەدا کە لەگەڵ بزوتنەوەی خەڵک هاوهەنگاو بین، یارمەتییش بە زەرفییەتسازیی نوێ و تازەگەری لە مێکانیزمەکانی خەباتدا بکەین. ئێمە دەبێ بە روانینێکی تازە و بنیاتنەرەوە بە ئەزموونەکانی رابردوودا بچینەوە و بۆ هەڵدانی هەرچی زیاتری جەوهەری دێموکڕاتیکی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن و دەوڵەمەند کردنی ژێرخانی




موسبەتی نیزامی داهاتوو، فەرهەنگی سیاسیی گشتی بەتایبەتی پرسی بەشداریی دێموکراتیک لەسەر بناخەی تێگەیشتن و وەخۆ گرتنی زۆرترین رادە لە جۆراوجۆری و فرەچەشنییەکان پەرە پێ بدەین. لەو پێناوەشدا، وەبەرچاوگرتنی ئەزموونی خەباتکارانەی تێکەڵ بە ژان و ئازاری ئازادیخوازانی میللییەتەکانی ئێران بەتایبەتی خەڵکی کوردستان بایەخێکی زۆرتر بەخۆوە دەگرێ. کوردستان هەر لە سەرەتای سەردەمی پاش ئینقلابەوە بوو بە تاقیگەیەک بۆ تاقیکردنەوەی ئەو مێتۆدانەی دواتر لە سەرانسەری ئێراندا بەکار هاتن. سەرکوتی ئازادی لە کوردستان ڕا دەستی پێ کرد و ئەو رۆژانە رەنگە کەمتر کەسێک کوردستانیزاسیۆنی ئێرانی پێشبینی دەکرد. تۆمەتی جوداییخوازییان کردە بیانوویەک بۆ سەرکوتی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان و پاشان ئەو تیغانەیان کە بە خوێنی لاوانی کورد هەسان کرابوون وە ملی ئازادیخوازانی دیکەی ئێران خست. بە بیانووی داکۆکی لە تەواوەتیی ئەرزیی وڵات، لە کردەوەدا تەواوخوازیی دژەگەلییانەی خۆیانیان بۆ نیشتمانپەروەران بە دیاری هێنا. باسی تەجزیەتەڵەبیی کوردەکانیان کرد و بۆخۆیان خراپترین جۆرەکانی تەجزیە و لێکترازانی کۆمەڵایەتی، ئابووری، جنسیەتی، وهی دیکەیان بەسەر کۆمەڵگای ئێراندا سەپاند. باسی وەتەنفرۆشیی ئازادیخوازان و بەستراوەیی وان بە بێگانەکانیان کرد، کەچی بۆخۆیان وڵاتیان تووشی رۆژ رەشییەکی وەها کرد کە حاشا ئەگەر قەت بێگانە توانیبێتی کاری وا بکا. مێژووی نوێی ئێران مێژووی بەکەمگرتن و لە پەراوێز خستنی میللییەتەکانی ستەملێکراوی ئەو وڵاتەیە. سەرنجەدان بەو رەهەندە ستروکتورییەی پرسی دێموکڕاتیزاسیۆنی ئێران واتە پێکهاتەی فرە نەتەوەی کۆمەڵگای ئێران، بۆخۆی هەمیشە سەرچاوە و هۆکارێکی دووبارە بوونەوە و هەرمانی سەرەڕۆیی لە ئێراندا بووە. بەڵام ئەمڕۆ لەم گوزەرگا مێژوویییەدا کە دەرس وەرگرتن لە رابردوو بۆتە بەشێکی جیانەکراوەی رەوتی گوڵ کردن و قووڵبوونەوەی تەڤگەری دێموکڕاتیکی خەڵکی ئێران، جێی خۆیەتی کە بە خۆپاراستن لە گوتاری شۆڤێنیستی ئەو راستییە حاشا هەڵنەگرەی مێژووی تازەی ئێران قبووڵ بکرێ کە لە بنەڕەت ڕا ئاستی هەست بە بەرپرسیاری کردنی گشتی لە بەرامبەر مافی میللییەتەکانی وڵات پێوەندیی راستەوخۆی لەگەڵ ئاستی دابین بوونی مافە تاکەکەسییەکانی هەر ئێرانییەک هەیە. نابێ چیدیکە تەنیا لە زاڵکی خۆمانەوە بۆ پرسی ئازادی بڕوانین و کەمتر بە خەڵکانی دیکەی بە رەوا بزانین. نابێ ئەو ترسە کە پاوانخوازانی دەسەڵات لە ئازادییە فەردییەکانیان هەیە، ترس لە ئازادییە جەمعییەکان بەتایبەتی لە بواری ناسنامەی گەلانی ئێراندا جێی بگرێتەوە. پێویستە خەبات بۆ وەدیهێنانی ئازادییە فەردییەکان و ئازادییە جەمعییەکان واتە هەم مافی شارۆمەندی و هەم مافی میللییەتەکان لەسەر یەک رایەخ هەڵچنین و لە پێناوی بردنەسەری کەرامەتی ئینسانیی تاک تاکی ئەندامانی کۆمەڵگای ئێران بە شێوەی هاوکات چاویان لێ بکەین. لەسەرمانە هەتا لە بەرامبەر گوتاری سەرکوتگەرا و بێ چیکڵدانەدا، گوتارێکی نوێ لەسەر بنەمای رێزگرتنی بەرامبەر لە مافە تاکی و بەکۆمەڵەکان پەرە پێ بدەین. لەسەر ئێمەیە هەتا زەرفییەتە ئێتنیکی و جوغرافییەکان، فرەچەشنیی جوانی کەلتووری و هەمەڕەنگیی هاوسانی کۆمەڵگای ئێران بکەینە توێشەبەرەی رێگای بنیاتنانی داهاتووی دێموکڕاتیکمان. کەرامەتی هەر مرۆڤێک یەکسانە بە کەرامەتی سەرجەم مرۆڤایەتی. وەرن هەتا داکۆکی لە مافەکانی هەر مرۆڤێک لە ئێران، لە هەر نەتەوە و باوەڕ و ئایین و جنسییەتێک، بکەینە ئەرکی سەر شانی هەموو مرۆڤێکی ئێرانی. وەرن هەتا ئێرانی بوون لەسەر بەستەرێکی بە تەواوی پلورالیستی بە تاقی بکەینەوە.

---

درێژەی

## کۆنگرەی حیزبی سۆسیال دێموکراتی سۆئێد و پرسی کورد

پێشنیاری J28:1-3 (رێکخستنی لقی ناوچەی سوندبیبەری) داوا ئەکات

کە سوسیال دێموکراتەکان هەوڵ بدەن کە هەر دوو کۆمەڵکوژیی سەیفۆ و ئەلئەنفال لە لایەن سوێد، یەکیەتیی ئوروپا و نەتەوە یەکگرتووەکان بە فەرمی بناسرێن و سوسیال دێموکراتەکان تێ بکۆشن کە پێش کۆنگرەی داهاتوو کۆنفرانسێک لە سوێد لە بارەی هەردوو کۆمەڵکوژیی سەیفۆ

و ئەنفال بە مەبەستی تێشک خستنە سەر و بڵاو کردنەوەی زانیاری لە بارەی ئەم کۆمەڵکوژییانە رێک بخەن و هەروەها سوسیال دێموکراتەکان هەوڵ بدەن کە رۆژی ١٦ی مارس بکرێتە رۆژی نێونەتەوەیی یادکردنەوەی قوربانیانی چەکی شیمیایی و چەکی کۆکوژ.

ساڵی ١٩٤٨ نەتەوە یەکگرتووەکان پەیماننامەیەکی بۆ پێشگرتن و سزای ئەنجامدانی تاوانی کۆمەڵکوژی پەسەند کرد. بەم شێوەیە ئامانجی پێشگرتن لە کۆمەڵکوژی لە داهاتوودا بەهێز کرا چونکە کۆمەڵکوژی لە روانگەی یاساییەوە وەک تاوانێکی نێونەتەوەیی دەهاتە ئەژماردن، هەلی سزادانی تاوانبارانی رەخساند و وڵاتەکانی بەرپرسیار کرد کە دەخالەت بکەن. رووداوەکانی وەک یوگوسلاڤیای پێشوو، روئاندا و دارفور شاهیدی ئەم راستیین کە ئەم رێککەوتننامەیە نەی توانیوە مەبەستەکەی بە تەواوی بپێکێت. بەڵام ئەم رێککەوتننامە لە گەڵ دادگا کاتییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و لە ساڵی ٢٠٠٢ بەم لاوە دادگای نێونەتەوەیی تاوانەکان توانیویانە لەم کۆمەڵکوژییانەی ئەنجام دراون بکۆڵنەوە، تاوانەکان بسەلمێنن و تاوانبارەکان سزا بدەن. لە ئاکامی ئەم هەنگاوانەدا و لە رێگای کارتێکەری لە سەر یاسای وڵاتەکان و بەهێزکردنی پرەنسیپی بەرپرسیاریی تاکەکەسی و نەبوونی مەسوونییەت بۆ تاوانی ناونەتەوەیی، دەبێ ئەمە قبوڵ بکەین کە کاریگەریی پێشگیرانەیان هەبووە. شیمانەی ئەمەش دەکرێ کە رێککەوتننامەکە دوای کۆبوونەوەی سەران لە ساڵی ٢٠٠٥ و پەسەند کردنی پرەنسیپی "ئەرکداریی پاراستن"، واتە ئەگەر وڵاتێک توانایی پاراستنی هاووڵاتییانی نەبێت دەبێ کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی دەخالەت بکات، هێندەی تر بەهێز کرا. بۆ دەستپێکردنی پرۆسەی ئاشتبوونەوە و درێژەدان بە ژیانی ئاسایی جگە لە پێشگیری لە رێگای سزادانی تاوانباران، دیاریکردنی رەوتی رووداوەکە ودەستنیشان کردنی ئەوە کە کێ تاوانبارە و کێ زەرەرمەند، پێشمەرجێکی گرینگە.

ئۆپەراسیۆنی ئەنفال ناوی کۆمەڵێک هێرشی سەربازییە کە هێزەکانی رێژیمی عێراق بە رێبەریی سەددام حوسێن لە ١٩٨٨ ئەنجامیان دا. ئامانجی هێرشەکان بەشێکی بەرچاو لە گوندەکانی کوردستانی ئێراق بوو. هێرشەکانی ئەنفال نموونەیەک بوون لەم توندوتیژییە درندانەیە کە رێژیمی سەددام حوسێن بە شێوەیەکی سیستەماتیک بە دژی هاوڵاتیانی خۆی بەڕێوەی دەبرد.

لیژنەی بەڕێوەبەریی حیزب لە سەر ئەم باوەڕەیە کە هێرشەکان زۆر سامناک بوون و ئەم شەڕانەی کە بە دژی ئەم ناوچانە بەڕێوەچوون مەحکووم دەکات. ئەم رووداوە ترسناکانەی کە لە {رەوتی} ئەل ئەنفال بەڕێوەچوون دڵتەزێنترین نموونەی مێژوو لە دەستدرێژیکردنی دەسەڵاتداران بە دژی هاوڵاتیانی خۆیانە. ئەم جۆرە دەستدرێژییە بەربڵاوە بە دژی خەڵک و کۆمەڵگە تراژیدیایە، نەک تەنیا ئەو کاتەی کە شتەکان روو دەدەن، بەڵکوو چەندین نەسل بریندار دەکەن. لیژنەی بەڕێوەبەریی حیزب لای وایە کە پرۆسەی ئاشتبوونەوە لە رادە بەدەر گرینگە و دەبێ درێژەی هەبێت. یاد کردنەوە و وەبیرهێنانەوەی ئەمانە، درندانەترین هێرشی شیمیایی لە دەیان ساڵی رابردوو، بۆ ئەوەی کە ئەم نەسلانەی کە بوونە قوربانی بتوانن درێژە بە ژیانیان بدەن گرینگە. لە دەسەڵات خستنی سەددام حوسێن بەم مانایەیە کە ئێستا گەلانی ئێراق دەرفەتی ئەمەیان هەیە کە عێراقی داهاتوو لە سەر بنەماکانی دەوڵەتی یاسا و رێز گرتن لە مافەکانی مرۆڤ دامەزرێنن. کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بەرپرسیارە کە پشتگیریی لەم کارە بکات. لە ٢٠٠٨ چەندین سێمینار بە بۆنەی بیستەمین ساڵی هێرشەکانی ئەنفال بەڕێوە چوون.

"سەیفۆ" ئەم کۆمەڵکوژییە بوو کە بە دژی ئەرمەنییەکان، ئاسوری/سریانی/کلدانی، یونانیی پۆنتی و قەرەجەکان لە نێوان ساڵەکانی ١٩١٤ تا ١٩١٨ لە ئیمپەراتوریی عوسمانی پێشوو بەڕێوەچوو. رووداوەکان زۆر زوو سەرنجی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بۆ لای خۆی راکێشا. ساڵی ١٩١٥ وڵاتە هاوپەیمانەکان ئەم تاوانەیان وەک "تاوان بە دژی مرۆڤایەتی" بە دژی ئەرمەنییەکان شەرمەزار کرد. ئەمە شتێک بوو کە پاشان یارمەتیی بە دروستبوونی دەستەواژەی "تاوان بە دژی مرۆڤایەتی"ی کرد و لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانییەوە کەڵکی لێ وەر دەگیرێت.

یەلمار برەنتینگ لە ١٩١٧ باسی "کۆمەڵکوژیی سیستەماتیک"ی لە چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەوانی دا کرد کە مەبەستی "خستنە رووی بارودۆخی سامناکی ئەرمەنییەکان" بوو.

لە رووداوەکانی سەردەمی نوێ، وەک ئەوانەی روئاندا، درفور و سربێرنیسا راگەیاندنە مۆدێرنەکان توانیویانە ئەمەی کە رووی داوە تۆمار بکەن بە شێوەیەک کە ئیددیعاکان بە ئاسانی لێکدانەوەیان لە سەر بکرێت و تاوانەکان یەکلا بکرێنەوە. بەڵام لە ئاست ئەم رووداوەی کە پێشنیارکەری ئەم پێشنیارە مەبەستیەتی مەسەلەکە بەم شێوە نیە. ئەم پرسانە ماوەیەکی دوورودرێژ لە تورکیا تابوو بوون. ئارشیوە مێژوویییەکان بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە بەر دەست دا نەبوون. بەڵام لە ساڵەکانی دوایی دا گەشە کردنێکی ئەرێنی هاتۆتە ئاراوە. چەندین کۆنفرانس لە سەر ئەم بابەتە پێک هاتوون و چەندین کتێب بڵاوکراونەوە. پرسەکە لە لایەن راگەیاندنە گشتییەکان هاتۆتە بەر باس و هەندێک رێکخراوی تورکیایی یادیان کردۆتەوە. لێرە دا پرۆسەی ئەندامەتیی تورکیا لە یەکیەتیی ئوروپا کاریگەریی پۆزەتیفی هەبووە. لە درێژایی ئەم پرۆسەیەدا دەبێ ئارشیوی تورکیا و وڵاتانی تر بۆ توێژەرانی بێ لایەن کراوە بن و رێز گرتن لە بۆچوونە جیاوازەکان پێویستە بۆ ئەوەی کە پرۆسەی ئاشتبوونەوە دەست پێ بکات. پرسی توێژینەوەی کراوە و ئازاد و وتوویژ لە بارەی وەرددانەوەی مێژووی نێوان ١٩١٨-١٩١٥ دەبێ بەردەوام لە پەیوەندیی نێوان وڵاتەکان و دانوستاندنەکانی بە ئەندامبوون بە مەبەستی سارێژ کردنی برینەکان و بە هێز کردنی پێگەی بیروڕای ئازاد لە سەرانسەری تورکیا بخرێتە روو.

لیژنەی بەڕێوەبەریی حیزب رێز و هاوهەستیی یەکجار زۆری بۆ هۆگریی پێشنیارکەرەکە بۆ کۆمەڵکوژییەکانی سەیفۆ و ئەل ئەنفال هەیە. زۆرکەس لە سوێد بنەچەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ بەم ناوچانە و هۆی ئەمەی کە ژمارەیەکی زۆر لەوان ئێستا لە سوێد دەژین پەیوەندییەکی پتەوی بە ئەم رووداوانەوە هەیە. یەکەم تاقمی کۆچبەر لەم ناوچەیە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی هاتن بۆ سوێد. ئەم هەردوو رووداوە خراپترین دەستدرێژیی مێژوون. لە پەیوەندی لە گەڵ ئەل ئەنفالدا ٥ کەس بە تاوانی کۆمەڵکوژی مەحکووم کراون. سەیفۆ راستییەکی مێژووییە و بێگومان ئەگەر رێککەوتننامەی ١٩٤٨، ئەوکات کە رووداوەکە قەوما لە ئارا دا بایە وەک کۆمەڵکوژی حیسابی بۆ دەکرا.

لیژنەی بەڕێوەبەریی حیزب لە سەر ئەم باوەڕەیە کە راهێنانی خەڵک و بڵاو کردنەوەی زانیاری لە سەر هەردوو رووداوی سەیفۆ و ئەل ئەنفال گرینگە و ئەم دەستپێشخەرییانە دەبێ وەک شتێکی پۆزەتیف چاو لێ بکرێن. دیاریکردنی رۆژێکی ناونەتەوەیی بۆ قوربانیانی چەکی کاولکەر و شیمیایی شێوەیەکە بۆ راکێشانی سرنج بۆ ئەم هەڕەشەیە کە چەکە کۆکوژەکان لە ئاسایشی ئێمەی دەکەن. بەڵام گرینگتر لە هەموو شتێک ئەمەیە کە کار بۆ داماڵینی چەک، لە دژی بڵاو کردنەوە و بەکار هێنانی چەکی کۆکوژ بە شێوەیەکی چالاک و لێبڕاوانە درێژەی هەبێت. ئامانج ئەبێ نەهێشتنی بە تەواویی چەکی کۆکوژ، هەم بیۆلۆژیکی و شیمیایی و هەروەها ناوەکی بێت.

لیژنەی بەڕێوەبەرایەتیی حیزب پێشنیار بە کۆنگرە دەکات:

کە پێشنیارەکانی J28:2, J28:3 رەت بکاتەوە

کە بە لەبەرچاوگرتنی ئەم لێدوانە پەسەند بکات کە پێشنیاری J28:1 وەڵامی خۆی وەرگرتۆتەوە

# رەچەڵەکناسیی بزووتنەوەی خوێندکاری

ن: سابیر پاك نەزەر
و: تەها رەحیمی

بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی لە بنەڕەتدا بە جۆرێ کرداری گرووپی دەوترێ کە لەسەر هانەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و یان گۆڕینی هێندێك بۆنەی سیاسی ـ کۆمەڵایەتیی پێك بێ.

بە واتایەکی دیکە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بە جۆریك هەوڵی گشتگیر لەپێناوی پێکهێنانی هێندێك گۆڕان لە رەهەندکانی تەکووزی کۆمەڵایەتی دەژمێردرێن. ماکس وێبر جەخت لەسەر تاوتوێێ پارادیمی دیوانسالارییەکان و سەرهەڵدانی خەڵك دژی پێوەندییە نادادپەروەرانە ئاراییەکان دەکا کە خاوەنی تایبەتمەندیی لەسەرخۆیی و نەرمی نواندنن. ناوبراو لەسەر ئەم بڕوایەیە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دیاردەگەلێکی ئەکتیف و زیندوون کە بۆ گۆڕینی هێندێك پێکهاتەی دیاریکراوی سیاسی و کۆمەڵایەتی، پێك هاتوون کە پێشتر راڤەو پێناسە کراون و خاوەن دەرفەتگەلێکی بەربڵاوی حوقووقی، جێبەجێکردن، نیزامی و عورفین. بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دوای پێکهاتنی دەوڵەتی رەهای مودێرن و جیابوونەوەی بیاڤی گشتی لە بیاڤی تایبەتی، دەست وەرنەدانی دەوڵەت لە ئابووری و لە ئاکام دا سەرهەڵدانی بورژوازیی سەربەخۆ، کاریگەرییەکی بەرچاویان لە ئاڵوگۆرە کۆمەڵایەتییەکان دا هەبووە. کۆمەڵناسان چەمکی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی بۆ جۆرێك لە بەسیجی جەماوەری (تودەای) بە کار دێنن کە بە مەبەستی گۆڕینی هێندێك لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکان پێك دێ.

توێژەران لەبارەی هۆکارەکانی پێکهاتنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانیش لەسەر ئەم بڕوایەن کە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان کاتێك پێك دێن کە شێوازی دابەشینی دەسەڵاتی سیاسی، قانوونەکانی کۆمەڵگەو سیاسەتگوزارییە گەورەکان (کلان) کە لەلایەن حاکمییەت و دەسەڵاتی حاکمەوە ئامادە دەکرێن و دەسەپێن نەتوانن وەڵامدەری پێویستییەکانی زۆرینەی جۆراوجۆرو مەشرووعی خەڵك بن.

تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بریتین لە: (١) خاوەن پێکهاتەو سیستماتیکن (٢) شێلگیرو خاوەن ئامانجن (٣) درێژخایەن و خۆراگرن.

لە راستیدا ئەم تایبەتمەندییانە بەرهەمی زەمەن و شێوەی دژکردەوەی دەسەڵات بە داخوازی و ویستەکانی ئەو بزووتنەوانەن کە بە تایبەتی دەتوانین ئاماژە بە بزووتنەوەی کرێکاران، ژنان و خوێندکاران بکەین.

کۆمەڵناسان بە پێی ئامانج و نێوەرۆك، بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دابەش دەکەنە سەر چوار دەستە:

(١) بزووتنەوە ئەڵتەرناتیڤەکان، (alternative movment) کە خوازیاری هێندێك گۆڕانی بەرتەسك لە هێندێك مەبەست و ئامانج دان.

(٢) بزووتنەوە رزگاریخوازەکان ( Redemptire moment ) کە بە دوای پێکهێنانی گۆڕانی قوڵ و بنەڕەتی لە ژیانی تاکەکانەوە.

(٣)بزووتنەوە چاکسازیخوازەکان (reformative moment)کە بە دوای گۆڕانی سنووردار لە گشت کۆمەڵگەداو بە شێوەی بەرەبەرەیین.

(٤) بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکان (revolutionar moment) کە خوازیاری پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی و گۆڕینی هەموو پێوەندییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانن.



بزووتنەوەی خوێندکاری وەك فۆرمێکی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و وەك بزووتنەوەیەکی ناڕازی مەبەستی گۆڕینی پێوەندە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانە. ئەم بزووتنەوەیە بە گشتی لەهەر کۆمەڵگەیەك دا کە دەسەڵات لەگەڵ بەشێك لە کۆمەڵگە دا تووشی کێشە بێ وەك پشتیوانێکی ئارمانجخواز"کە بەرهەمی تەمەنی خوێندکارە" ئامادەییەکی چالاکی دەبێ و وەك هانتینگتۆن دەڵێ: لەهەموو وڵاتەکان دا لاوان بەتایبەت خوێندکارەکان لەنێوان راستی و بنەماکان جیاوازی دادەنێن. لەئاکام دا لاوانی خوێندەوار لەهەموو جێیەك حەزیان لێیە لە رادەبەدەر پشتیوانی لە بزووتنەوە ئازادیخوازەکان بکەن. ئەوان ئیدۆلۆژیی دنیای گەورەکان لە خودی گەورەکان بە جیددی‌تر دەگرن.

لە بزووتنەوەی مانگی مای خوێندکارانی فەڕانسە راپەڕینی خوێندکاری لە بێرکلی لە پاییزی ١٩٦٤دا بۆ ناڕەزایەتی دژی سنووردار کردنی ئازادی لە ژینگەی زانکۆوە بگرە هەتا خۆپێشاندانی هەزاران خوێندکاری بێرمەیی لە ٤ی ئۆکتوبری١٩٨٨و درێژەی خۆپێشاندانەکان لە مانگەکانی ژووئیە و ئوت بۆ پشتیوانی لە بزووتنەوەی دیموکراسیخوازی لە بێرمە، خۆپێشاندانی هەزاران خوێندکاری چینی لە ٢٨ی مای ١٩٨٩ لەپێناوی سەقامگیریی دێموکراسی و ئازادی کە لەلایەن تانکەکانی ئەرتەشی سوورەوە لە مەیدانی "تیان ئان مێن" سەرکوت کرا، ناڕەزایەتیی خوێندکارانی کۆریای باشوور لە ٢٤ی ژووئنەی ١٩٨٩بۆ پشتیوانی لەو مامۆستایانەی بۆ کردنەوەی سەندیکا کۆببوونەوە و خوازیاری چاکسازیی دیموکراتیك بوون، خۆپێشاندانی خوێندکارانی کۆریای باشوور لە ٣٠ی ئاوریلی ١٩٨٩بە پشتیوانی لە بزووتنەوەی کرێکاری، خۆپێشاندانی خوێندکارانی سودان لە ٤ی نوامبری ١٩٨٩بە ناڕازیەتیی لە بەردەوامیی دیکتاتۆری و خۆپێشاندانی خوێندکارانی یۆنان لەساڵی پار بە پشتیوانی لە ناڕەزایەتیی لاوان و خەڵك دژی کوژرانی گەنجێك بە دەستی پۆلیس و نالێهاتوویی دەوڵەتی ئەو وڵاتە. هەروەها ناڕەزایەتیی خوێندکاران لە ئاکامی هەڵبژاردنی دەهەمی سەرکۆماری کە کوژران و گیرانی کۆمەڵێکی زۆری لێ کەوتەوە. لەلایەکی دیکەوە بزووتنەوەی خوێندکاری لەو کۆمەڵگەیانەی کە هەلومەرجی پێویست بۆ پێکهاتنی کۆمەڵگەی مەدەنی و گرووپە سەربەخۆ نافەرمییەکانیان تێدا نیە، بە جۆرێك کە دەسەڵاتەکان هیچ جۆرە ناڕەزایەتیی و دژایەتییەك دژ بەخۆیان قەبووڵ ناکەن و تواناو کارامەیی سیستەمەکان لەچارەسەری پارادۆکسەکان دا بە شێوەیەکی مەعقوول و بەرپرسیارانە بە هۆی گەشە نەکردنی فەرهەنگ و دێموکراسی، قورسبوونی هەیمەنەی دەوڵەت و نەبوونی گەشەی سیاسی لەئێران و لە ئاکام دا دانەمەزرانی پارتەکان و نەبوونی سیستەمی حیزبیی سەربەخۆ بووە هۆی ئەوە رۆڵێکی نوێ لە پاڵ رۆڵی سروشتیی وەك فێرخوازی و زانستی و مەعریفەی ئاکادیمیك بدرێ بە خوێندکار کە ئەویش کاری تایبەتیی سیاسی و ئامادەیی لە گۆڕەپانی سیاسەت و پشتیوانی لە داخوازیی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە لە نەبوونی چوارچێوەیەکی رێکخراو دابوو.

ئەگەر چی زانکۆ لە وڵاتانی گەشەسەندوو دا هەروەك ناتوانێ دامەزراوێکی پیشەیی بێ، بەو رادەیەش ناتوانێ رۆڵی پارتێکی سیاسی بە ئەستۆوە بگرێ. بەڵام لە وڵاتانی جیهانی سێیەم دا بە پێچەوانەی ئەم رێسایە، زانکۆ زیاتر ناوەندی چالاکیە سیاسی‌یەکان و دەربڕینی ناڕەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکانە. لە ئێرانیش دا خوێندکار وەك توێژێك کە لەگەڵ زانستی ئاکادیمیك لە پێوەندیی دایەو، وشیار، زیندوو خاوەن وزەیە، چالاکانە لە مێژووی سیاسی ئەو وڵاتە دا حوزوری هەبووە، لە روانگەی مێژووییەوە ئەو ئامادەییە بریتیە لە :

١ــ بە دامەزراندنی "دار الفنون" کە بۆ یەکەم جار ئێرانییەکانی لەگەڵ زانستە نوێیەکان ئاشنا کردو ناردنی خوێندکار بۆ ئورووپا لەلایەن ئەمیر کەبیرەوە، گەرای بزووتنەوەیەکی نوێی ناڕەزایی دەربڕین بۆ هێنانە ژێر پرسیاری حکوومەتی پادشایەتیی دانرا کە وێڕای توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگە مەشروتەی سەرخست.

٢ــ دوای دامەزرانی زانکۆی تاران لە ساڵی ١٣١٣دا، ئەگەرچی کەشوهەوای داخراوی سەردەمی رەزاخان دەرەتانی بۆ ناڕەزایەتیی دەربڕین نەهێشتبۆوە، بەڵام هەر لەو سەردەمی رەشی ملهوڕی لە ساڵی ١٣١٤ دا ،یەکێك لە یەکەمین ناڕەزایەتییە خوێندکارییەکان لە شێوەی مانگرتن لەپێناوی گەیشتن بە داخوازییە گشتی ــ خوێندکارییەکان دا رووی دا. دواتریش ئەو توێژە لەگەڵ گرووپەکانی دیکە لە دەیەی ٢٠ دا تێکۆشانی بەربەرینی بۆ ژیاندنەوەی مەشرووتە دەست پێ- کردو وەك پشتیوانانی بزووتنەوەی مەدەنی ــ میللی لە دەستکەوتی پڕشنگداری بە میللی بوونی نەوت دا بوون بە خاوەن پشك.

٣ــ دوای کودیتای ٢٨ی گەلاوێژو بەرتەسك بوونەوەی کەشی تارادەیەك کراوەی دەیەی ٢٠، زانکۆ ئێستا ئیدی دوو دەیە لە تەمەنی تێدەپەڕی و پوختە ببوو، بوو بە ناوەندو چەقی ناڕەزایەتییە بنەڕەتییەکان بە دژی سیاسەتی دیکتاتۆرانەی پەهلەویی دووەم کە لووتکەی سەرهەڵدانی ناڕەزایەتیی ١٦ی سەرماوەزی ساڵی ٣٢ بوو کە کوژرانی سێ خوێندکاری لێ کەوتەوە. لەو قۆناخەدا بزووتنەوەی خوێندکاری بە شێوەیەکی هێمنانە لە مەیدانەکە دا هەبوو و هێشتا لە ژێر کاریگەری دەیەی ٢٠ی رێفۆریست و چاکسازیخواز دا بوو.

٤ــ دەیەی ٤٠، بزووتنەوەی خوێندکاری دەکەوێتە ژێر کاریگەریی رەوتە چریکی و شۆڕشگێڕییەکانی ئاستی جیهان و درێژەی بێ بەزەییانەی توندوتیژی و سەرکوت لەنێوخۆی وڵات دا.

بزووتنەوە سیاسییە نێوخۆییەکان و بە تایبەتی بزووتنەوەی خوێندکاری کە بەستراوەیی پێکهاتەیی لەگەڵ بزووتنەوەکانی دەرەوەی زانکۆ هەبوو، مەیلێکی توندیان بۆ رادیکاڵ بوونەوە لە خۆ نیشان دا. لەو قۆناخەدا سێ رەوتی دیار لەنێو خوێندکاران دا هەبوو. رەوتی مەزهەبی کە لەژێر کاریگەری و سەر بە رەوتە ئیسلامییەکانی دەیەی ٤٠، وەك ((هیأتهای موتلفەی اسلامی))، پارتی نەتەوە موسلمانەکان، بزافی ئازادی، رێکخراوی موجاهیدین و رەوتی دوکتور شەریعەتی‌دا بوو.

رەوتی چەپی رادیکاڵ، لە ژێر کایگەری و سەر بە رێکخراوی چریکە فیداییەکانی گەلی ئێران ـ گرووپی ئەستێرەی سوورـ گرووپی ئارمانی خەڵك و سەرئەنجام، رەوتی میللیش کە سەر بە بەرەی میللی بوون . لە پاڵ ئەو رەوتەشەوە (میللی) رەوتێکی بەرین لە خوێندکارانی کوردی زانکۆکان چوونە ریزی بزووتنەوەی ناسیونالیستی کوردی و شەڕێکی چەکداری خوێناوییان لەگەڵ رێژیمی پەهلەوی دەست پێ‌کرد. بە گشتی ئەم دۆخە تا سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە رێبەندانی ٥٧ درێژەی هەبوو. تایبەتمەندیی بەرچاوی بزووتنەوە لەو قۆناخە دا چاکسازیی سیستم نیە بەڵکوو خەباتی چەکدارانە بۆ رووخاندنی رێژیمە.

٥ـ بە سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران لە رێبەندانی ٥٧ و داخرانی زانکۆکان بە بیانووی شۆڕشی فەرهەنگی کە لەگەڵ داخراویی سیاسی و یەکدەست کردنی دەسەڵات و کەشی سیاسیی کۆمەڵگە لەلایەن رەوتی مەزهەبی هاوکات بوو حکوومەتی ئینقلابی کە بە باشی ئاگاداری توانای زانکۆو بەربەرینی بزووتنەوەکەی بوو، بە پێکهێنانی دامەزراوەی حکوومەتی کە ئەرکی پاڵاوتن، رێکخستن و یەکدەست کردنی بزووتنەوەی خوێندکاری لەسەر شان بوو ویستی دەوڵەت کەڵك لەم بزووتنەوەیە وەرگرێ کە (دفتر تحکیم وحدت) بەرهەمی ئەو قۆناخەیە.

٦ـ لەگەڵ تەواو بوونی شەڕو تۆختر بوونەوەی داوا کۆمەڵایەتییەکان ( بە تایبەتی لە سەرەتای دەیەی هەفتاوە) بزوتنەوەی خوێندکاریی حکوومەتی بە شێوەیەکی ئاماژەیی خوازیاری کرانەوەی کەشی سیاسی بوو. لە راستی دا لەگەڵ ئاڵوگۆڕە سیاسی ـ کۆمەڵایەتییەکان کە دامرکاندنەوەی تین و گوڕی شۆڕشی لێکەوتەوە بەشێك لە خوێندکاران بە برینی بەستێنی لانی کەمی دێموکراسی لەنێوخۆی حکوومەت لەگەڵ گرووپە سیاسییەکانی دیکە، بناخەکانی"دووی جۆزەردان" یان دامەزراند کە وێدەچوو ببێتە "ترمیدور"ی شۆڕشی ئیسلامی. لە ساڵەکانی دوایی دا لە تەکمیل و درێژەی ئیلیتپەروەری بۆ حکوومەتدا، ئەو جار دەستیان بە پەروەردە کردنی ئیلیت بۆ بزووتنەوەی چاکسازیی کردو بوونە باسکی تئۆریکی ئەو بزووتنەوەیە لە چاکسازیی دا.

٧ــ لە دوای دەورەی دوویەمی ئیسلاحاتەوە کە دەرکەوت دروشمەکانی دەوڵەتی ئیسلاحات تەنیا رواڵەت و بانگەشەی هەڵبژاردن و پڕوپاگەندە بوون. ئەم دەورەیە نەیتوانی بە سەرنجدان بە جۆراوجۆریی نەتەوەیی، چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان (کە خاوەن داخوازیی جۆراوجۆریشن) وەڵامدەری داخوازییەکانی خەڵك بێ، رەوتە جۆراوجۆرە خوێندکارییەکان سەریان هەڵداو لە درێژە دا بە هاتنە سەرکاری دەوڵەتی رادیکاڵی نۆیەم و داخرانی دووبارەی کەشی سیاسی، رەوتگەلێکی سەربەخۆو زیندووی وەك بزووتنەوەی خوێندکارانی ئازەری، بزووتنەوەی خوێندکارانی لیبراڵ، بزاڤی خوێندکارانی لایەنگری مافی مرۆڤ و تەیفێك لە خوێندکارانی چەپی پشتیوانی بزووتنەوەی کرێکاری و ژنان بە تایبەتمەندیی دادپەروەریخوازی، ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی، پێك هاتن. لە راستی دا دوای ئەوەی دوکتور ئەحمەدی نژاد بوو بە سەرکۆماری ئێران و ئەو تۆزقاڵە کەشە سیاسییە کراوەیە بەرتەسك بۆوە کەلێنەکانی کێشەو ململانێ چالاکتر بوونەوەو گرووپە سیاسییەکان لەسەر قەیرانەکانی شووناس، مەشرووعییەت، نەتەوەیی و ئابووری پێك هاتن. تەنانەت دەفتەری تەحکیمی وەحدەتیش لە بڵاوکراوەیەك دا رایگەیاند ئیدی هیچ پێوەندییەکی فەرمیی لەگەڵ گرووپەکانی حکوومەت دا نیەو بە شێوەی بزووتنەوەیەکی سەربەخۆ پشتیوانی لە بزووتنەوەکانی دیکەی وەك کرێکاران، ژنان و ... دەکا. لە راستی دا بە روونتر بوونەوەی هەڵوێستی رەوتەکانی بزووتنەوە خوێندکاری لەو قۆناخە دا بە پێچەوانەی قۆناخەکانی پێشوو کە بزووتنەوەی لکێك بوو لە حیزبی توودە، بەرەی میللی، بزاڤی ئازادی، موجاهیدینی خەلق و پاش شۆڕشیش دامەزراوێکی حکوومەتی، بە جیابوونەوە لە رەوتە سیاسی و پارتە حکوومەتییەکان، پەیکەرەی سەرەکیی بزووتنەوەی رووناکبیری بە تایبەتمەندیی رەخنەگربوونەوە پێك دێنێ. کە بە هیوای حوزوورو بە دەست هێنانی دەسەڵات نیەو دەیەوێ لەسەر دەسەڵات لە پێناو ئارمانە رەواکانی چین و توێژەکان و داخوازییەکانی دیکەی کۆمەڵگە لەنەبوونی کۆمەڵگەی مەدەنیی ئەکتیڤ دا، کاریگەریی هەبێ.

لە ئێرانیش دا خوێندکار وەك توێژێك کە لەگەڵ زانستی ئاکادیمیك لە پێوەندیی دایەو، وشیار، زیندوو خاوەن وزەیە، چالاکانە لە مێژووی سیاسی ئەو وڵاتە دا حوزوری هەبووە

# داخستنی DTP و هۆکارەکانی

✍ حەسەن شێخانی

دوای گەڕانەوەی گرووپەکانی ئاشتی و پێشوازی سەدان هەزار کەسی لەو گرووپانە، فشاری دەوڵەتی قووڵ بۆ سەر پارتی دادو گەشەپێدان (AKP) زیاتر بوو. باس کردن لە چارەسەری پرسی کورد لەلایەن AKPوە ساردییەکی زۆری بەخۆیەوە بینی. سەرەنجام DTP بە پشت بەستن بە قانوونی بنەڕەتیی نادێموکراتیکی تورکیە و بەتۆمەتی هەبوونی پێوەندی لەگەڵ PKK لەلایەن دادگای قانوونی بنەڕەتیی تورکیەوە (کە یەکێك لە بەهێزترین دامەزراوەکانی لایەنی ئۆلیگاریشیی سیستمی سیاسیی ئەو وڵاتەیە) داخرا.

فاکتەرەکانی دەخیل لە داخستنی DTPدا کامانەن؟ ئامانج لە داخستنی DTP چییە؟ لایەنەکانی نێو کۆماری ئۆلیگارشیکی تورکیە چ ڕۆڵێکیان هەبوو؟

١ــ پارتەکانی ئۆپۆزیسیۆن (CHP و MHP) کە لەگەڵ دەوڵەتی قووڵ یان لایەنی ئۆلیگارشیکی کۆماری تورکیە لە یەك بەرەدا جێدەگرن ماوەیەکی زۆرە لە دەسەڵات دوورن و بەم هۆیەش هەموو هەوڵێك دەخەنە گەڕ تا پارتی دەسەڵاتدار تووشی قەیران بکەن بۆ ئەوەی نەتوانێ لە هەڵبژاردنی داهاتوودا زۆرینەی دەنگەکان (بەتایبەت دەنگی ناوچە کوردنشینەکان) بە دەست بێنێ. داخستنی DTP لەلایەن دادگای باڵای دەستوورییەوە لەو پێناوەدا بوو. AKPش بە پشتیوانی کردنی ئاماژەگەرانە لە بڕیاری دادگای ناوبراو، لە راستای ئامانجەکانی لایەنی ئۆلیگارشیك دا هەنگاوی نا.

٢ــ AKP لە سەرەتاوە جیددییەت و بوێری پێویستی بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد نەبوو. بەشێك لە هەوڵەکانی AKP لەسەر فریودانی رای گشتی کورد و بە دەست هێنانی دەنگی کوردان لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا چڕ ببۆوە. پێشوازیی سەدان هەزار کوردستانی لە گرووپەکانی ئاشتی ئەوەی سەلماند کە پارتی ناوبراو بە ماست مالیزاسیۆنی چارەسەری پرسی کورد ناتوانێ رای گشتی کورد فریو بداو دەنگی کوردان لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا بە دەست بێنێ. بەم هۆیە ئەو پارتە لە هەوڵەکانی بەناو چارەسەری پرسی کورد دڵسارد بۆوە. پێدەچێ لۆژیکی پارتی دەسەڵاتدار ئەوە بێ ئەگەر نەتوانێ رای گشتیی کورد بۆلای خۆی راکێشێ با دەنگی بەشێك لە رای گشتیی تورکیش لە دەست نەدا. لەلایەکی دیکەش AKP سەرەڕای هەوڵێکی زۆر نەیتوانی لە نێوان باڵەکانی بزاڤی کورددا جیایی دروست بکاو DTP لە دژی باڵی چەکداری بزاڤ بخاتە گەڕ. عەبدوڵڵا گویل دوای هاتنەوەی گرووپەکانی ئاشتی هۆشداری دا کە "دەگەڕێنەوە خاڵی سەرەتا". بە واتایەکی دیکە ئەگەر لایەنی کوردی هەستیاری بارودۆخەکە لە بەرچاو نەگرن (بە گوێرەی دڵخوازی پارتی دەسەڵاتدار هەڵسوکەوت نەکەن)



کۆتایی بە پرۆسەی کرانەوەی دێموکراسی دەهێنن. بەم هۆیانە پارتی دادو گەشەپێدان لە هەمبەر داخستنی DTP لەلایەن دادگای قانوونی بنەڕەتیی تورکیەوە نەتەنیا بێدەنگی هەڵبژارد بەڵکوو بە ئاماژە پشتیوانی لە بڕیاری دادگای ناوبراویش کرد.

٣ـ دەسەڵاتی تورك بەربڵاویی و قووڵایی بزووتنەوەی باکووری کوردستانیان لە رێوڕەسمی پێشوازی کردنی خەڵکی کوردستان لە گرووپەکانی ئاشتی زیاتر لە هەمیشە بۆ دەرکەوت. بە گومانی خۆیان ئەگەر بارودۆخەکە کۆنترۆڵ نەکرێ تورکیە رووبەڕووی مەترسییەکی جیددی دەبێتەوە. شیمانە دەکرێ لایەنە توندڕەوو نەژادپەرەستەکانی تورکیە هۆکاری پەرەسەندنی هەرچی زیاتری بزاڤی باکوور بۆ سیاسەتەکانی AKP لە هەمبەر پرسی کورد بگەڕێننەوە، بەم هۆیانە AKP لە مەڕ گرتنەبەری مێتۆدێکی دیکە کە لە سەرکوتی زیاترو بەرتەسك کردنەوەی دەرەتانی دێموکراسیدا خۆی دەبینێتەوە رەزامەندیی نیشان دا تا بە گومانی خۆی ئەگەر بارودۆخەکە لە گرێژنە چۆوەدەر تا رادەیەك بتوانێ خۆی بێتاوان نیشان بدا.

٤ــ AKP لە سەرەتای پرۆسەی کرانەوەی دێموکراسییەوە رادەگەیەنێ کە هیچ کەس و لایەنێك وەك بەردەنگی پرسی کورد قبووڵ ناکا، ئەو پرسە بە گوێرەی خۆی چارەسەر دەکاو لایەنی کوردیش دەبێ رازی بێ. بەم پێیە DTP وەك بەردەنگ قبووڵ نەکرا، pkk لە دەرەوەی ئەم پرۆسەیە مایەوە، لە پراکتیك دا هەنگاوێکی ئەوتۆ نەهاوێژراو باس کردن لە چارەسەری پرسی کورد لە چوارچێوەیەکی فۆرمالیتەدا قەتیس مایەوە. هەمووی ئەم فاکتەو دەرکەوتانە کوردی بە نیسبەت پرۆسەی کرانەوەی دێموکراسی و ئامانجەکانی AKP زیاتر دردۆنگ کرد. لە چەند هەفتە لەمەوبەریشەوەخەڵك لە هەموو شارەکانی باکووری کوردستان بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین لە هەمبەر خراپتر بوونی رەوشی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە زیندانی ئیمرالی دا رژاونە سەر شەقامەکان و بەوەڕێخستنی رێپێوان و خۆپێشاندان تووڕەیی و بێزاریی خۆیان لەم کارەی دەسەڵاتی تورك دەردەبڕن. بەپێی ئەمەش لایەنی کوردی رەوتێکی دژایەتی لە هەمبەر پرۆژەی کرانەوەی دێموکراسی گرتەبەرو سەرەنجام DTP پشتیوانیی خۆی لەم پرۆژەیە راگرت.

چەند رۆژ پێش داخستنی DTP، HPG چالاکییەکی چەکداری لە نیزیك دەریای رەش ئەنجام دا کە تێیدا ٨ سەربازی تورك کوژران. راگەیاندنەکانی تورك مانۆڕێکی زۆریان لەسەر ئەم مەسەلەیەداو DTPشیان وەك باڵی قانوونی PKK بە بەرپرسیار زانی. ئەم هەل و مەرج و رووداوانە زەمینەیەکی لەبارتریان بۆ داخستنی DTP پێك هێنا و لانی کەم لە قۆناغی ئێستادا پرۆسەی کرانەوەی دێموکراسییان لەگەڵ قەیرانێکی جیددی بەرەوڕوو کرد.

ئەنجام

بە سەرنجدان بە بەربڵاویی و قووڵایی بزووتنەوەی باکوورو بەرەو پێش چوونی رۆژ لە دوای رۆژی ئەم بزووتنەوەیە، شیمانە ناکرێت میتۆدی سەرکوتی زیاتر، بەرتەسك کردنەوەی دەرەتانی دێموکراسی و داخستنی پارتە سیاسییەکانی کورد رێگە لە پەرەسەندنی هەرچی زیاتری بزووتنەوەی کورد بگرێ. لە راستیدا ئەم میتۆدە تەنیا خەڵکێکی زیاتر راکێشی نێو بازنەی بزاڤ دەکاو دەبێتە مۆتۆری ماشێنی بزووتنەوەی کورد.

بزووتنەوەی باکوور هەروەك لە رابردوودا سەلماندوویەتی بێ ئاڵترناتیڤ نییە و بە داخستنی DTP دەستەوەستان نابێ بەڵکوو بە ئەزموونێکی زیاترەوە لە چوارچێوەی پارتێکی دیکەدا (BDP) زیاتر لە پێشوو خۆی رێك دەخا لە بەرامبەردا داخستنی DTP کاریگەرییەکی نێگەتیڤ لەسەر روخساری تورکیە لە ئاستی نێونەتەوەییدا دادەنێو پرۆسەی چوونی تورکیە بۆناو یەکیەتیی ئورووپا دژوارتر دەکا. لە لایەکی دیکەش دەسەڵاتی تورك بە کردنەوەی رێگە لەبەردەم ئێش و ئازاری زیاتردا و لە دەستدانی دەرفەتە زێرینەکان، داهاتووی خۆی خەوشدار دەکاو پارتی دەسەڵاتداریش هەرچی زیاتر پێگەی جەماوەریی خۆی لە ناوچە کوردنشینەکان لە دەست دەدا.

# بزووتنەوەی سەوز، بزووتنەوەی دێموکراسیخوازیی خەڵکی ئێران

✍ فەیسەل ئێراندووست

بەشی یەکەم

لە چەند مانگی رابردوداو، پاش کێشەی بەناو هەڵبژاردن ، خەلکی شارە گەورەکانی ئێران ،بەتایبەت تاران، بۆ دەربرینی نارەزایەتیی خۆیان بەرامبەر بە کاربەدەستانی رێژیمی ئاخوندی رژانە سەر شەقامەکان و بە دانی دروشم و هەلگرتنی پلاکاردی جۆراجۆر، بێزاریی خۆیان لە رێبەرانی رێژیم بە تایبەت شەخسی خامنەیی و سەرەک کۆماری جێگای باوەری جەنابیان ، پیشان دا. سەرەرای سانسۆر و هەوڵ و تەقالای لە رادەبەدەری رێبەرانی حاکم، نارەزایەتیی خەلکی ئێران لە لایەکەوە و، کردەوە جینایەتکارانەکانی رێژیم لە لایەکی دیکەوە، سرنجی بیرورای گشتیی خەلکی جیهان و کۆروکۆمەڵە نێو دەوڵەتییەکانی بۆ لای خوی راکێشاو و ، هەواڵ و لێکدانە وەکانی پەیوەست بە روداه وەکانی ئێران ، بوون بە مانشیت و خەبەری رۆژنامە ناسراوە کان و دەنگ و باسی گرینگی رادیۆ وتەلویزیۆنەکانی جیهان و، بەم شێوەیە جارێکیتر بزووتنەوەی دێمۆکراسیخوازیی گەلانی ئێران دەنگی خۆی بەرزتر لە جاران هەڵێنا و، ویست و داخوازەکانی خۆی بە گوێی خەلکی جیهان گەیاند. ویست و داخوازێک کە دەیان سالە لە ئارادایە و لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکانی هەزاران قوربانیی داوە.

بێگومان لە هەر کۆمەڵێک کە زولم و زۆر لە ئارادابێ ، نارەزایەتی هەیە و خەلکی ئەم کۆمەلە بە پێی تێگەیشتوویی و پێشکەوتوویی خۆیان و بە کەلکوەرگرتن لە ئامرازەکانی هەبوو ، خۆیان رێک دەخەن و، بەرامبەر بەم زۆلم و زۆهرە رادەوەستن و سەرئەنجام سەرچاوەی نارەزایەتییەکانی خۆیان لە بەین دەبەن و بۆ بە دەست هێنانی ژیانێکی ئاسودە و بەختەوەر، کۆمە لێکی لە بار پێک دێنن. مێژووی کۆن و نوێی گەلانی جیهان دەیان داستانی راستەقینەی لە بەربەرەکانیی چەوساوەکانی تێدایە کە سەر کەوتوون و، چەوسێنەرانیان لە زبڵدانی مێژو هاویشتوە.

ئێرانی پاشایەتی، ولاتێکی پان و بەرینە کە مێژوویەکی خۆیناوی و پر لە کارەساتی هەیە و لە گەل ئەوەشدا ، لە شارستانی و بەرەو پێشچوونی کۆمەڵی مروڤایەتیدا دەوری گەورەی گێراوەو، یەکێک لە قوتبەکانی کولتورو شارستانیی مێژوویی بە ئەژمار دێ. سەرەرای هێرش و شەری گەورەی ئەم ولاتە لە گەل دراوسێ دوور و نزیکەکانی ، مێژوو هێندیک قوناخی درەوشاوەو پێکەوە ژیان بۆ ئەو گەلانەی لە نێو سنووری دەسەلاتداریی ئێرانی پادشایی دا بوون ، دەنووسێ. ولات بە هۆی سیستمی حکوومەتە ناوچەیی یەکانەوە بەرێوە چووەو، زوڵمی زۆرتر لە خەلکی ئەو ناوچانە کراوە کە ولاتەکەیان لە لایەن سپای ئێرانەوە داگیر کراوە. سەرەرای شەر و کێشەی حکوومەتە ناوچەیی یەکان لە گەڵ یەکتر و جار جاریش لە گەل دەستەلاتی شاهەنشا ، خەڵکی ولات ژیانێکی نەمر و نەژیان هەبووە. مێژوونووسان دەورانی رەشی مێژووی ولاتی ئێران بۆ دوای هاتنە سەرکاری شاکانی قاجار دەگەرێننەوە. لەم دەورەیەدا زۆلمو زۆری ناوەند پەرەدەستێنی و خەلک ناچار دەکرێن بۆ خەرجی شەرەکانی سپای شا ،لە لایەکەوە باجی زیاتر بدەن و، لە لایەکی دیکەوە، لە رووی سیاسی و کۆمەلایەتییەوە لە دابین کردنی چارەنووسی خۆیان بێ بەش دەکرێن . بە پێی پێشکەوتنی ئامرازی کار و ژیان و بەرەوپێشچوونی کۆمەل ، ئەم بێبەش کردنە ، لە سەر دەمی مێژووی نوێ دا زەقتر خۆ دەنوێنێ و کۆمەلی چەوساوەو، بە حسێب نەهێنراوی ئێرانی، زیاتر بەرەو روی دەستەلات راوەستاندوە.

زۆلم و زۆری سیستمی پاشایەتی و ژیانی سەخت و دژواری خەلک تا هاتوە ، درزی نێوان دەستەلات و کۆمەلانی چەوساوەی پان و بەرینتر کردوە و، راوەستان بەرامبەر بە دەستەلاتی ناوەند و حاکمە ناوچەیی یەکان ، لە ئارادابوو، هەر رۆژ لە ناوچەیەک بە شێوەی نا فەرمانی لەراسپاردەکانی ناوەند یان حاکمی سەر بە شا ، سەری هەڵ دەداوبۆتە هۆی لەشکر کێشی و شەر و لە ئاکام دا کوشتاری بەشێک لە خەلکی ولات . لە بەرەبەرەی کۆتایی دەستەلاتی پاشاکانی قاجار و هاتوچۆی ئێرانییەکان لە گەل خەلکی ئورووپا و بە تایبەت پاش شەری دووهەمی جیهانی ، لە پێوەندییەکانی خەلک و دەستەلات و، لە سەر شێوەی خەبات دژ بەم دەستەلاتە، ئالو گۆرپێک هات. هاتنی ئیدئولۆژی ، بیری رێکخستن و حیزب سازکردن و، وەبەر چاو گرتنی تاکتیک وئامانجی درێژخایەن، لەو مەفهوومە تازانە بوون کە ئەدەبیاتی شۆرشگێرانە و خەباتی فکری و بە کردەوەی لە نێو کۆمەل و بەتایبەت لە نێو رووناکبیران و خەباتکارانی ولات پێک دەهێنا. ئەوەی وەک ئامانج، لە بەربەرەکانی و سەرهەڵدانەکانی رابردوو و، خەبات و نافەرمانیی مێژووی نوێ ، بەدی دەکرا و بە تەواوی نیازی کۆمەلی ئێستای ئێرانی پێک دەهێنا ، وەک یەک ژیان و یەکسانیی کۆمەڵایەتی و کەلکوەرگرتنی وەک یەک لە هەموو دەستکەوتە ئابووری و سروشتییەکانی ولاتی ئێران بوو. مانای سیاسیی ئەم داخوازە ، لە نەزەر رووناکبیرانی شورشگێر و تێکۆشەرانی خوازیاری ئالوگۆرە کۆمەلایەتییەکان ، دابینکردنی دێمۆکراسی بە مانای راستەقینەی خۆی لە ئێران دا بوو، داخوازێک کە ئیستەش خوێندکاری زانکۆ و کرێکاری بەشە جۆراجۆرەکانی ولات شانبەشانی چین و توێژەکانی گەلانی ئێران، بو وەدیهێنانی ، دەرژێنە سەر شەقامەکانی شارەکان . دێمۆکراسیخوازی و خەبات لەم پێناوەدا ، لە درێژەی خەباتی خەلکی ئەم ولاتە و، لە هەر قۆناغێکدا ، بە شێوەیەک هاتوەتە ئارا و بە شکلێک درێژەی بە ژیانی خۆی داوە. زۆر جار وەک هەر رەوتێکی کۆمەڵایەتی ، سەرکەوتن و پاشەکشەکەی ، راستەوخۆ پێوەندیی بە رووداوە نێوخۆیی و دەرەکییەکانەوە هەبووە. زۆر جار دەستێوەردانی دەرەکی رۆڵی هەوەڵی لە ئاکام و ئالوگۆرەکانی سیاسیی ئێراندا گێراوە. ئەم دیاردەیە واتە دەخالەتی دەرەکی ، بوەتە هۆی گیروگرفتی قوول وهاوکات لە گەڵ کەم و کۆرییە نێوخۆیی یەکان ، نەیهێشتوە داخوازی دێمۆکراسی لە وڵاتی ئیران دا ، جێ بگرێ.

لێکۆلەران و مێژووناسەکان دەڵێن ، دێمۆکراسیخوازی و خەبات بۆ دابینکردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی لە ئێراندا ، دەگەرێتەوە بۆ دەورانی مەشرووتە کە ژمارەیەک رووناکبیر و پیاوی ئایینی بۆ بەشدار کردنی خەلک لە بەرێوە بردنی ولات ، خوازیاری ئالو گۆر لە یاسای بەرێوە بردنی ولات و دابینکردنی هێندێک یاسای نوێ بوون . مەشروتە خوازەکان پاش بەربەرەکانییەکی زۆر ، لە گەل شا و دەرباری شا دەرگیر بوون.



# خوێندنەوەیەکی کورت بۆ سووتاندنی وێنەی خومەینی

حوسێن ئەحمەدپوور

لە ماوەی رۆژانی رابردوودا لە راگەیەنە گشتییەکاندا لە روانگەی جۆراوجۆرەوە زۆر لە سەر سووتاندنی وێنەی "خومەینی" دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی قسەکرا. ئێمەش لەم نووسینە کورتەدا دەمانەوێ شیکردنەوەیەکی کورتی ئەم بابەتە بکەین.

١ـ گرنگیی هەر بابەتێك، هەر دیاردەیەك، هەر حەرەکەت و جموجولێك لەو واتایانەدایە کە لە زەینی موخاتەب و لە زەینی کۆمەڵگەو مرۆڤەکاندا دروستی دەکا. بە پێی کولتوورەکان و بە پێی هەلومەرجە زەمانی و مەکانییەکان، واتای حەرەکەتێکی هاوشێوە، لە دوو وڵات و لە نێوان دوو کلتووردا جیاوازە. واتای سووتاندنی وێنەی ئۆباما لە ئەمریکا لەگەڵ واتای سووتاندنی وێنەی ناوبراو لە پاکستان یان ئێران زۆر لێك جیاوازە. واتای سووتاندنی وێنەی ئۆباما لەگەڵ واتای سووتاندنی وێنەی سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل لێك جیاوازە. هەر بەو شێوەیەش واتای سووتاندنی وێنەی خومەینی لە تاران لەگەڵ واتای سووتاندنی وێنەی ناوبراو لە وڵاتێکی دیکەدا لێك جیاوازەو تەنانەت واتای سووتاندنی وێنەی خومەینی لە تاران لەگەڵ واتای سووتاندنی وێنەی خامنەیی لە تاران لێك جیاوازە. ئەوە راستییەکە هەم ئەو کەسەی کە وێنەکە دەسوتێنێ و هەم ئەو کەسەی کە دژی سووتاندنی وێنەکەیەو هەم ئەو کەسەی کە وێنەکەی دەسووتێندرێ و هەمیش هەموو ئەو کەسانەی بابەتی سووتاندنی وێنەکەیان بەلاوە گرینگە، لە واتاکەی تێدەگەن. واتە سووتێنەری وێنەکە دەزانێ کە بە سووتاندنی وێنەی خومەینی چ پەیامێك بە موخاتەبەکانی دەگەیەنێ و دەشزانێ کە واتای پەیامەکەی بە دروستی وەردەگیردرێ، بۆیە دەست بۆ ئەو کارە دەبا. سووتاندنی وێنەی خومەینی لە تاران بە واتای دژایەتی کردنی تێکڕای سیستەم و رابردوو و ئێستاو داهاتووی سیستەم دێ.

٢ـ سووتاندنی وێنەی خومەینی بە گشتی لە زەینی هەموو لایەنەکاندا ئەو پەیامانە دەگەیەنێ:

ئەلف) خومەینی وەکوو رەمزی پیرۆزیی و تەقەدووسی سیستەم چیتر پیرۆز نیە. ب) ئەگەر سیستەم دەیەوێ بۆ درێژەدان بە دەسەڵاتی خۆی لە پیرۆزیی خومەینی کەڵك وەربگرێ و نەیارانی خۆی لە ژێر ئەو پیرۆزییەدا سەرکوت بکا، ئەوا نەیارانی دەسەڵات لێرە بەدواوە ئامادەن پیرۆزی لە خومەینی بستێننەوە. ج) ئەو نەیارانەی کە هیچ کاتێك خومەینی و سیستەمیان بەلاوە پیرۆز نەبووە، ئێستا لە تاران حزووریان هەیەو لە رکەبەرایەتییەکانی نێوان دوو باڵی سیستەمدا کەڵك وەردەگرن. و ...

٣ـ سووتاندنی وێنەی خومەینی بە پێی ئەوەیکە کاری چ کەس و لایەنێکیش بێ واتای جیاوازی هەیەو پەیامی جیاوازی هەیە. ئەگەر کاری لایەنی پاوانخواز بێ و وەکوو پیلانێك بۆ سەرکوتی بزووتنەوەی سەوز کەڵکی لێ وەرگیرا بێ، دەکرێ ئەو واتاو پەیامانەی هەبێ: ئەلف) ئەگەر مووسەوی و کەڕووبی و خاتەمی و ... دەست هەڵنەگرن ئەوا بە هەموو نرخێك وەلایان دەنێین و ئامادەین بە توندترین شێوە سەرکوتیان بکەین. ب) دژایەتی کردنی بزووتنەوەی سەوز لەگەڵ دەسەڵات وەکوو دژایەتی کردن لەگەڵ خومەینی دایە، هەر بۆیە مووسەوی و کەڕووبی و خاتەمی و ... هەمان سەرەنجامی ئەو کەسانەیان هەیە لە کاتی خۆی دژایەتیی خومەینییان کرد. ج) مووسەوی و کەڕووبی و خاتەمی بە هەڵسوکەوتی ئێستایان دەیسەلمێنن کە دژی کوللیەتی نیزامن، بۆیە دەبێ خۆیان ساغ بکەنەوەو هێڵی خۆیان لە هێڵی نەیارانی سیستەم جیابکەنەوە. د) مووسەوی و کەڕووبی و خاتەمی و ... پێیان وانەبێ دەتوانن هەروا لە رابردووی خۆیان نان بخۆن و دەسەڵات ناتوانێ دەسبەسەریان بکاو سزایان بدا، بەڵکوو دەسەڵات ئامادەیە رابردوویان لێ بستێنێتەوە. ه) و ...

٤) سووتاندنی وێنەی خومەینی بە پێی بارودۆخی ئێستای بزووتنەوەی سەوزو رێبەرانی ئەو بزووتنەوەیە، لایەنە بەشدارەکانی نێو ئەو بزووتنەوەیە دەکرێ بە دڵنیاییەوە بڵێین کە کاری هیچ کام لەو لایەنانە نەبووە. ئەگەر نەڵێین کە پیلانێکی لە پێشدا داڕێژراوی باڵی پاوانخوازبووە، ئەوا دەکرێ کاری کەسێك یان چەند کەسێکی ئێحساسی و توڕە بووە کە بەو شێوەیە نەفرەتی خۆیان لە کۆماری ئیسلامی دەربڕیوە. چونکە دڕاندن یا سووتاندنی وێنەی خومەینی بۆ هەر ئینسانێکی سیاسی روون و ئاشکرایە کە هیچ بەرژەوەندییەکی بۆ بزووتنەوەی سەوز تێدا نیە کە رێبەرانی ئەو بزووتنەوەیە بەو شێوەیە ویستبێتیان پاشەکشەیەك بە لایەنی پاوانخواز بکەن. بەڵام رووداوەکانی چەند رۆژی رابردووی ئێران، لێدوانی بەرپرسانی رێژیم و وەڕێخستنی خۆپیشاندان لە لایەن دەسەڵاتەوە زیاتر ئەوەمان پێ دەڵێن کە پیلانێکی لایەنی پاوانخواز بووە.

٥ــ ئەگەر پیلانی لایەنی پاوانخواز بوو بێ و بە پێی رووداوەکان و لێدوانەکانی رێبەرانی رێژیم لە چەند رۆژی رابردوودا، دەکرێ ئەم مەبەستانەی . بووبێ: ئەلف) لە ئەگەری پاشەکشێ نەکردنی کەسانێکی وەکوو مووسەوی و کەڕووبی و ... ئەوا بیانووی پێویست بۆ دەسبەسەرکردنی ئەو کەسانە دروست بکرێ و رای گشتیی لایەنگرانی نیزام بۆ ئەم مەبەستە ئامادە بکەن. ب) درز خستنە نێو بزووتنەوەی سەوز واتە لایەنی ریفۆرمخوازو مووسەوی و کەڕووبی و خاتەمی ناچار بکەن کە بە پارێزەوە هەنگاو بنێن و پشتیوانیی نەیارانی رێژیم ردە بکەنەوەو بەم شێوەیە پشتیوانی ئەو بەشە لە کۆمەڵگەی ئێران لەدەست بدەن و بەم شێوەیە بزووتنەوەی سەوز بەرەو لاوازی بەرن و هەروەها مووسەوی و کەڕووبی بە رەدکردنەوەی پشتیوانیی نەیارانی رێژیم پێگەیان لە نێو بزووتنەوەی سەوزدا لاواز بێ. ج) دروست کردنی هاوپێوەندی لە نێوان لایەنگرانی نیزام و وەدەستهێنانی پشتیوانیی کەسانێك کە باوەڕیان بە خومەینی و پیرۆزیی ناوبراو هەیەو تەنیا لە بارودۆخی ئێستا ناڕازیین. د) بەلارێدا بردنی بزووتنەوەی سەوز کە بە باوەڕی من دەکرێ ئەمەیان گرینگترین مەبەستی لایەنی پاوانخواز بێ.ڕێژیم کە لە لایەك لە رادیکالیزەبوونی ئەم بزووتنەوەیە دەترسێ و دەشزانێ کە ئەو بزووتنەوە بەو ئاراستەیەدا دەڕواو لە لایەکی دیکەشەوە دڵنیایە لەوەیکە بزووتنەوەی سەوز بە دوای دڕاندنی وێنەی خامەنەیی لە بەرامبەر سووتاندنی وێنەی خومەینیدا بێ هەڵویست نابێ و لانیکەم رێبەرانی ئەو بزووتنەوەیە ناچارن کە لە قۆناغی ئێستادا وەفاداری و رێزی خۆیان بۆ خومەینی دووپات بکەنەوە. لە روانگەی ئەوانیشەوە وەفاداری بە خومەینی واتە وەفاداری بە نیزام و ویلایەتی فقیه و خامەنەیی. لەم روانگەیەوە خۆپیشاندانی خوێندکارانی ناڕازی و خەڵکی ناڕازی بە دژی سووتاندنی وێنەی خومەینی بەرزکردنەوەی وێنەی خومەینی لە لایەن ناڕازییانەوە واتای پێش گرتن لەو رادیکالزەبوونی بزووتنەوە دەگەیەنێ. ه) پاش ئەوەیکە ماوەیەکە بەردەوام خۆپیشاندان دژی دەسەڵات بەڕێوە دەچێ و هەموو بۆنە حکوومەتییەکان بۆتە مەیدانی خۆپیشاندانی ناڕازییان و بە کردەوە مەیدانی مانۆڕدانی رێژیم بەرتەسك بووە، رێژیم لە دەرفەتێك دەگەڕێ تا بە بێ کۆسپ نانەوە لە لایەن نەیارانەوە لایەنگرانی خۆی کۆبکاتەوەو هێزی جەماوەریی خۆی



نیشان بدا. سووتاندنی وێنەی خومەینی ئەو دەرفەتەی بۆ ئەوان پێك هێنا.

لە کۆتاییدا دەبێ ئەو پرسیارە بکەین کە ئێستا مووسەوی و کەڕووبی و ... دەزانن وێنەکە کێ سووتاندویەتی و پەیامەکەشیان وەرگرتووە، ئاخۆ وڵامێکی ئەرێنی بە پەیامەکەی لایەنی پاوانخواز دەدەنەوە یا خود ئەم هەنگاوە ناچاریان دەکات بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ دەسەڵات لەمە بەدوا هەڵوێستی روونترو راشکاوانەتریان بە دژی دەسەڵات هەبێ؟.

# هەڵدانی سەرەتانیی سوپای پاسداران

مستەفا مەعرووفی

راستە لە ماوەی شەڕی ئێران‌و عێراق دا سوپای پاسداران رولێکی زۆی هەبوو بەڵام بە رادەی ئێستا پەلوپۆی ناویشتبوو ئەوەندە بەهێزو بەربڵاو نەکرابۆوە. ئەوەی لێرە دا پرسیارە ئەوەیە کە ئێستا بێ ئەوەی شەڕێك لەگەڵ وڵاتێك لەگۆڕێ دابێ یان کۆماری ئیسلامی تووشی شەڕێك لە جێیەك هاتبێ بۆچی سوپای پاسداران رۆژلەگەڵ رۆژ بەهێزتر دەبێ‌و دەست بەسەر ناوەندە نیزامی‌و ماڵی‌یەکان دادەگرێ؟ داخوا مەترسی‌یەك هەڕەش لە ئێران دەکا؟ ئەگەر وایە بۆچی ئەرتەش بەهێز ناکرێ؟

سوپای پاسداران کە ئۆرگانێکی سەر بە بەیتی رێبەری‌یە، لە پاش شەڕی ئێران‌و عێراق دا نەك هەر ئەرکی تەواو نەبوو بەڵکوو زیاتر بەهێز کرا، پرۆژە نیزامی‌یەکانی وەك بەرهەمهێنانی چەکی قورس، لەبەر دەستی سوپای پاسداران نران، چالاکی‌یە ئەتۆمی‌یەکان خرانە بازنەی چالاکی‌یەکانی سوپای پاسداران. هەر ئەوەش بۆتە هۆی شك‌و گومانی وڵاتانی جیهان لەوەی کە ئەم چالاکی‌یە ئەتۆمی‌یانە بۆ مەبەستی ئاشتیخوازانە ـ وەك بۆخۆیان دەڵێن ـ نیە، ئەگینا ناوەندێك یان ئۆرگانێکی مەدەنی‌و زانستی بەڕێوەی دەبرد. سوپای پاسداران وردەوردە دەستی بە چالاکیی ئابووری کردو بوو بە هێزێکی ئابوورییش. چەندین پرۆژەی گرنگی ئابووری بە تایبەتی لە بواری نەفت دا کە بەهەرمێکی ستراتیژی‌یەو بڕبڕەی پشتی ئابووریی ئێرانە کەوتنە دەست سوپای پاسداران. ئەمساڵ سوپای پاسداران بوو بە خاوەنی ٥١٪ شیرکەتی موخابەراتی ئێران کە بایی چەندین میلیارد دۆلار بوو. سوپای پاسدران هەر بە چالاکی‌یە نیزامی‌و ئابووری‌یەکانیش رازی نیەو دوای هەڵبژاردنی دەیەمین دەورەی سەرکۆماری‌و کوودیتا لە دەنگی خەڵکی ئێران، کابینەی دەوڵەتیشی داگیر کرد. سوپا دەیەوەی لە قوتابخانەکانیش دا پیاوی خۆی دابمەزرێنێ‌و سیستمی پەروەردەو فێرکردنیش تەسخیر بکا. بە گشتی سوپا ئەوەندە بەرین‌و بەربڵاو بۆتەوە کە لە هەموو بوارە سیاسی، فەرهەنگی، ئابووری‌و تەنانەت کۆمەڵایەتی‌یەکان دا حوزووری چالاکی هەیەو لە راستی ئێران بە تەواوی "سوپا زەدە" بووە بە چەشنێك کە سوپای پاسداران لە چاو ئۆرگانەکانی دیکەی رێژیمی کۆماری ئیسلامی هەڵدانێکی سەرەتانیی هەیەو تەواوی ئۆرگان‌و دامودەزگاکانی دیکەی خستۆتە ژێر سێبەری خۆیەوەو وای لێ هاتوە سوپای پاسداران بریتی بێ لە کۆماری ئیسلامی.




بەو هەمووە چالاکی‌یە بەربڵاوەیەوە پێناسەو ئەرکی سوپا لە هێزێکی نیزامی‌و دیفاعی بەرەوژوورترە. مەبەست لەبەهێزکردنی سوپا بەم شێوەیە خۆ ئامادە کردن بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەل مەترسیی دەروە نیە. چونکە هێزێك بیەوەێ هێرشی دەروە بەرپەرچ بداتەوە پێویست ناکا دەوڵەتی بەدەست بێ بەڵکوو دەبێ دەی‌وڵەتی لە پشت بێ. ئەو هەلومەرجە تەنیا بۆ سەرکوتی نێوخۆ موناسیبە. بۆ کۆماری ئیسلامی کە لەگەڵ ناڕەزایەتیی خەڵکی ئێران بەرەوڕوویە مۆرەیەکی سوپا لە کابینە دا بێ‌و بڕیار بدا جێی متمانەترە تا مۆرەیەکی غەیرە نیزامی.

هەر لەبنەڕەت دا کە سوپای پاسداران دامەزرا لە حالێك دا کە ئەرتەش هەبوو، بە هۆی نەبوونی متمانە بە ئەرتەش لە لایەن رێبەرانی رێژیم، بە تایبەتی ئایەتوڵڵا خومەینی-یەوە بوو. چونکە ئەرتەش هەر لە بنەڕەت دا بۆ سەرکوتی خەڵك هێزێکی جێی متمانە نیە بۆ رێژیمەکان. ئەرتش ئەرکی ئەوەیە سنوورەکانی وڵات لە مەترسیی دەرەوە بپارێزێ. لە ساڵی ١٣٥٧ دا ئەو کاتە رێژیمی شا رووخا کە ئەرتەش بێلایەنیی خۆی لە نێوان کابینەی راسپێردراوی شا لەلایەك‌و کابینەی راسپێردراوی خومەینی لەلایەکی دیکە راگەیاند. ئەوە ئەزموونێکە بۆ رێبەرانی رێژیم کە دەبێ هێزێکی نیزامیی ئەوتۆ پێك بێنن کە لەو ئەرکانەی لەسەر شانی ئەرتەشن بەدوور بێ‌و نەك هەر بێلایەن نەبێ بەڵکوو بەر لەوەی کە ئەرکی پاراستنی وڵات بێ دەبێ ئەرکی پاراستنی رێژیم بێ، سوپای پاسدارانیش راست مانایەکەی بریتی‌یە لە سوپای پارێزەران. ئەرتەش خاوەنی هێندێك تایبەتمەندی‌یە کە ناکرێ رێژیمێکی دیکتاتۆری وەك کۆماری ئیسلامی متمانەی پێ بکا کە بریتن لە: یەکەم، ئەرتەش لە کوڕی خەڵك پێك دێ، پێکهاتەی ئەرتەش پێکهاتەیەکی خەڵکی‌یە، رەنگە رێژیم بتوانێ کەڵك لە ئەرتەش وەربگرێ بەڵام ئەو کەڵك لێوەرگرتنە سنووردارەو ئەرتەش ئەگەر ئەرگەر سەرکوتی خەڵك بە ئەستۆوە بگرێ، شیرازەی لەبەریەك هەڵدەوەشێ‌و کاتێك راپەڕینی خەڵك پەرە بگرێ سەربازەکان دەچنەوە نێو خەڵك. بەڵام سوپا پێکهاتەیەکی ئیدئۆلۆژیکیی هەیەو لە کەسانێك پێك دێ کە رێژیم تەئیید دەکەن‌و باوەڕیان پێیەتی. دووەم، سەربازی لە ئەرتەش دا "ئیجباری"یە، بەڵام لە سوپا دا دڵخوازە، سێیەم، سەربازی لە ئەرتەش دا داهاتی نیە، بەڵام لە سوپا دا سەرچاوەیەکی داهاتەو ئیمتیازی مادی، کارو پلەو پایەی لەگەڵە. چوارەم، قۆناغی سەربازی لە ئەرتەش دا کاتی‌یە، بەڵام لە سوپا دا دەکرێ تا سەر بێ. جگە لەمانەش سوپا رێکخراوێکە کە چالاکی‌یەکانی هەر بە نێوخۆی ئێران نابڕێتەوە، لقێکی سوپا تایبەتە بە چالاکی لە دەرەوەی وڵات. ئەرکی ئەو بەشە یارمەتی گەیاندن بە گرووپە ئیسلامی‌یەکانی لایەنگری کۆماری ئیسلامی لە ناوچە، جاسووسی‌و کردوەی تێرۆریستی لە دەرەوەی وڵات.

پەلوپۆ هاویشتنی سوپای پاسداران بۆ هەموو بوارەکان راست بریتی‌یە لە شەڕی نێوان خەڵك‌و کۆماری ئیسلامی. ناڕەزایەتیی خەڵك هەموو جێگەیەکی گرتۆتەوە، سوپای پاسدارنیش دەبێ هەموو دامودەزگاکان بگرێتەوە. سوپای پاسداران ئەمڕۆ رۆڵی تاکە حیزبی دەسەڵاتدار لە کۆماری ئیسلامی دا دەگێڕێ، راست لە چەشنی سیستمی تاکە حیزبیی وڵاتانی کۆکمۆنیستیی پێشوو لە سەدەی رابردوو دا. نموونەی دیکەی لەم بابەتە لە سەردەمی رێژیمی پاشایەتی دا بوو کە حیزبی رەستاخیز تاقانە حیزبی دەوڵەتی بووو هەموو ئێرانی‌یەك ناچار بە ئەندامەتی لەو حیزبە ! ! دا دەکرا. ئێستا کۆماری ئیسلامی لە هەوڵی ئەوە دایە کە هەموو کەس لە سوپای پاسداران دا بەسیج بێ. تاکە حیزبی دەسەڵاتدار لە رێژیمی سەددام حوسێن دا حیزبی بەعس بوو. هیچ کام لەو سیستمە تاك حیزبیانە نەیان توانیوە مانەوەی رێژیمەکانیان دەستەبەر بکەن. بێگومان سوپای پاسدارانیش ناتوانێ دەستەبەری مانەوەی کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر راپەڕینی خەڵکی ئێراندا بێ.

# بەرپەرچدانەوەی سووکایەتییەك

## ( لە پەراوێزی هەواڵی نیشاندرانی مەجید تەوەککولی لە بەرگی ژناندا )

✍ کوێستان

لەم رۆژانەدا شەپۆلیکی دیکە لە دەستگیرکرانی ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکارانی ئێران لە لایەن رێژیمی کۆماری ئیسلامییە بە تایبەتی لە سەروبەندی ١٦ی سەرماوەز رۆژی خوێندکار دا دەستی پێکرد. مەجید تەوەککولی چالاکێکی ناسراوی خوێندکارییە و لە بەندەر عەبباس دەخوێنێ. بۆ رێورەسمی ١٦ی سەرماوەز دەچێتە تاران و بەم بۆنەیەوە لە کۆری خوێندکاراندا قسە دەکا. چەند سەعاتێك دوای ئەوە لە لایەن هێزە ئەمنییەتەکانەوە دەستگیر دەکرێ و دواتر وێنەی ئەم خوێندکارە بە جلوبەرگی ژنانەوە چاپ و بڵاو دەکرێتەوە و رادەگەیەندری کە ناوبراو لە زۆر دیتراوە و بیستراوە خەباتگێرانی سیاسی لەو وڵاتانەی ئازادیی رادەربڕین و تێکۆشانی سیاسی نیە، لە کاتە حەساسەکاندا سیمای خۆیان دەگۆڕن بۆ ئەوەی لەداوی دوژمن رزگاریان بێ. ئەمە لایەنگرانی خومەینیش لە دەورانی رێژیمی پاشایەتیدا لەو ئیبتکارانە کەڵکیان وەرگرتوە. ئەوانەی کاری سیاسی و نهێنییان کردوە زۆر باش لەم مەسەلەیە تێدەگەن.

بەڵام وای دانێین بەڵێ مەجید تەوەککولی بە جلوبەرگی ژنانەوە ویستوویەتی رابکا و لە کاتی راکردندا بەم شێوەیە دەستگیر کراوە. ئەمە لە جیاتی ئەوەی بۆمەجید و مەجیدەکان ملیەی سووکایەتی بێ، بۆ رێژیمێك بکەوێتە زیندان و بەتایبەتی چالاکی سیاسی بێ و بە دژی پێشێل کردنی مافەکانی خەڵك لە ئێراندا تێکۆشانی هەبێ و دەنگی دەربێ، ئەگەر بگیرێ لە لایەن حکوومەتە عادڵەکەی خامەنەیی و ئەحمەدی نەژادەوە! چ بەڵایەکی بەسەر دێ! بەتایبەتی بۆ کەسێکی وەك مەجید تەوەککولی کە چەندین جار رێی کەوتۆتە زیندان و ١٥ مانگ لە زیندان دا بووە و شکەنجەو ئازارەکانی بەرپرسانی دەستدرێژیکەری زیندانی لەسەر تاقی کرابێتەوە، بشترسێ نەك شەرم نیە بەڵکوو زۆریش ئاساییە. گرنگ ئەوەیە ئەو ترسەش نەبۆتە هۆی ئەوە کە ئەم خوێندکارە واز لە چالاکیو تێکۆشان بۆ ئازادی بێنێ.





جلوبەرگی ژنانەدا دەسگیر کراوە. مەبەستی رێژیم لەو کارە راست سووکایەتی بە ناوبراو بووە. لەبەر ئەوەی بەرپرسانی ئەو نیزامە وەك هەمیشە کەسایەتی و تەنانەت جلوبەرگی ژنانیشیان لە لا سووکە، ویستیان بەم کارە دزێوەیان کەسایەتییەکی چالاکی خوێندکاری بەم شێوەیە تێك بشکێنن. ئەوە سیاسەت و کولتووری ئەو رێژیمە بووە لە ماوەی تەمەنیدا کە بەجۆرێك لە جۆرەکان کەسایەتییە سیاسی و چالاکەکانی موخالیفی خۆیان بە هەر جۆرێك کە بۆیان دەکرێ بڕووخێنن تا نەتوانن درێژە بە کار و چالاکیی سیاسی بدەن. بە قسەی ئەوان ئەم تاوانبارە بۆیە جلوبەرگی ژنانی لەبەر کردوە تا بەم شێوەیە خۆی لە چنگ هێزە ئاگا و وشیارەکانی نیزام! رزگار بکا. هەڵبەت ئەگەر مەجید تەوەککولی ئەم کارەی کردبێ بەو مەبەستە نەیکردوە، چونکە ئەو باش دەزانێ لە خەبات و ناڕەزایەتییەکانی ئەم دواییانەدا ژنان هاوشانی پیاوانن و تەنانەت زۆرجار بینیمان لە خۆپیشاندانەکاندا پێشەنگ بوون و لە چوونە زیندان و لە ئازار و شکەنجەش دیتنیشدا کەمتریان لە پیاوان بەرنەکەوتوە.

بە دڵنیاییەوە ئەم کردەوەیە لە لایەن زۆربەی خەڵك و بەتایبەتی خوێندکارانەوە بەم شێوەیە چاو لێناکرێ کە رێژیم مەبەستی بووە. هەرچەند ئەوەش وەك زۆر کار و کردەوەی دیکەی رێژیم لەلای خەڵکی ئاگای ئێران جێگەی بڕوا نیە، کە گۆیا مەجید بە جلوبەرگی ژنانەوە دەستگیر کراوە. ئەگەریش وابێ بەلای کەسەوە سەیر نیە. چونکە مایەی شەرمە کە خوێندکارانی وڵاتەکەی بە تاوانی ئازادیخوازی تووشی راوەدوونان وزیندان و دەستدریژی و سووکایەتییجۆراوجۆر کردوە. ئەوە دەبێ لە دەسەڵاتداران پرسیار بکرێ کەناوبراو بۆچی بە حیجابەوە رای کردوە و دەستگیر کراوە؟ ئایا جینایەتی کردبوو؟ ئایا کارێکی ناڕەوای کردبوو کە وا بەم شێوەیە دەیویست خۆی لە دەستی مەئموورە ئەمنییەتییەکانی ئەو نیزامە رزگار بکا و خۆی بشارێتەوە؟! بەدڵنیاییەوە ئەگەر ئەمە شەرم بێ بۆ ئەو رێژیمە شەرمە کە لەسەر هێنانە گۆری سەرەتاییترین داخوازی، مرۆڤەکان دەکەونە ژێرچاوەدێریی ئەمنییەتی و راوەدوونان. رێژیم ئەگەر دەیەوێ کەسێکی وەك مەجید تەوەککولی بە ترسنۆك و بێلیاقەت نیشان بدا، بەدڵنیاییەوە زۆر لە هەڵەدایە کە باوەڕی پێبکرێ. چونکە ناوبراو کەسێکی نەناسراو نەبووە لە نێو بزووتنەوەی خوێندکاریدا. چەند ساڵ لەمەوبەر لەرووبەرووی رێبەری رێژیم دا ئازایەنە رەخنەی لە رێژیم و ویلایەتی فەقیه گرتوە و ماوەیەکیش بە تاوانی بێرێزی بە ویلایەتی فەقیه لە زیندانەکانی رێژیم و لە زیندانی تاکەکەسی دا ژیانی بەسەر بردوە. ناوبراو دوای ئازاد بوونیش لە زیندان لەگەڵ زۆر گیر و گرفت لە پێوەندی لەگەڵ درێژەدانی خوێندندا لەلایەن وەزارەتی علوومەوە رووبەروو بۆتەوە و دواتریش هەر بەهۆی بەشداری لە کۆڕو کۆبوونەوە خوێندکارییەکاندا بۆ بەندەر عەبباس دوورخراوتەوە لەوێ خەریکی خوێندن بووە. دیارە ئێستا ئەگەر لە زیندان و مەئموورەکانی زیندانیش بترسێ کەس ناحەقی ناگرێ! هەموو دەزانن کەسێك کە رێی

هەر کارنامەی نەك ئەو ١٠ ساڵەی دوایی بەڵکوو ئەو چەند مانگەی دوای ناڕەزایەتییەکان لە دژی ئاکامی هەڵبژاردنی سەرکۆماری هەڵدەینەوە بەسە بۆ ئەوەی بزانین ئەو خەڵکانە بۆچی هەموو هەوڵێك دەدەن تا نەکەونە بەردەستی مەئموورەکانی زیندان.ئەم رێژیمە جینایەتکارە قاتڵی سەدان و هەزاران ئینسانی وەك مەجید تەوەککولییە. کێ هەیە نەزانێ کاربەدەستانی ئەم رێژیمە چیان بەسەر زەهرا کازمی و زەهرا بەنی یەعقووب هێنا؟! ئەوان چیان کردبوو کەوا چارەنووسیان بەو رۆژە گەیشت؟ ئەی گیراوانی نارەزایەتییەکانی ئەم دواییانە لە زیندانی "کهریزك"، بە چ تاوانیك دەستدرێژییان کرایە سەر و لە ژێر ئەشکەنجە دا گیانیان لێ ئەستێندرا؟بە ناو دادگایی کردنی گیراوانی خۆپێشاندانەکان و ئەو هەموو پەندەی لە زیندانەکاندا بەسەر گیراوەکانیاندا هێنا و، ناچار کردنیان بە داننان لە بەرامبەر دوربینی تەلەڤیزیۆن ، تەنیا بۆ تۆڵە ستاندنەوە لەوان بوو کە هاتبوونە سەرشەقامەکان و گوتبوویان دەنگەکانی ئێمە چیان لێ هات؟ خەڵکی ئێران باش دەزانن کارنامەی ٣٠ ساڵەی ئەو رێژیمە جگە لەماڵوێرانی، کوشتن، دەستدرێژی و هەموو جۆرە سووکایەتی و بێ مافییەك بۆ خەڵکی ئەم وڵاتە و بەتایبەتی ژنان و خەباتکارانی رێگەی ئازادی چی دیکەیتێدا نیە. سەرەڕای هەموو ئەمانەش لەسەر درێژەدانی خەبات تا وەدەستهێنانی ئامانجەکانیان کە رزگارییە لە دەست ئەو رێژیمە جینایەتکارە شێلگیرن.

ئەم کردەوە شەرماوییەی بەرپرسانی ئەو نیزامە، واتە بڵاو کردنەوەی وێنەی ئەو خوێندکارە بە چارشێو و مەقنەعەوە، وەك هەموو کار و کردەوە درۆیین و ساختەکانی دیکەیان ،کەس باوەڕی پێ ناکات. بەڵام وەك وتمان ئەگەر وای دانێین راستیش بێ، لە جیاتی سووکایەتی بێ بەو خوێندکارە، سووکایەتییەکی ئاشکرایە بە هەموو ژنانی ئێران. نەك لەبەر ئەوەی خوێندکارێکی کوڕ جلوبەرگی ژنانیلە بەر کردوە یا بە پێی وێنەکەی لە جلوبەرگی ژنان دا دەستگیر کراوە. بەڵکوو لەبەر ئەوەی ٣٠ ساڵە ئەم رێژیمە ژنبوون بە مایەی شەرم دەزانێت و بۆ شکاندن یا سووکایەتی بە کەسێك ، جلوبەرگی ژنانی لەبەر دەکات. ئەمەیان بۆ رێژیمێك کە ئیددیعایئیلاهی بوون و دادپەروەر بوونی نیزامیەکەی دەکا، مایەی شوورەییە.

دەسەڵاتدارنی ئەم وڵاتە کەسایەتیی ژن بە سووك چاو لێدەکەن نەك حیجابەکەی. بە لای ئەوانەوە ژن بوونەوەرێکی ترسنۆك و بێبایەخە ، هەربۆیە ویستوویانە چالاکێکی وەك مەجید بە جلوبەرگی ژنانەوە نیشان بدەن و بە نیازی خۆیان لە نێو خەڵکدا شەرمەزاری بکەن. بەڵام وەك لەدەمدانەوەیەك بۆ رێژیم و وەك پشتیوانی و لایەنگری لەو خوێندکارە و لە هەموو ژنانی ئێران، هەموومان دیتمان کە چالاکانی ئێرانی لە دەرەوەی وڵات کەمپەینێکی "مردان باحجاب"یان دروست کرد. چالاکانی بزووتنەوەی خوێندکاری (کوڕان) بەبێ ئەوەی شەرم لە حیجاب بکەن حیجابیان لەسەر خۆیان نا و لە سایت و ویبلاگەکان دا وێنە و پۆستێرەکانیان بڵاو کردەوە بۆ ئەوەی گاڵتە بە رێژیمێك بکەن کە ٣٠ ساڵە ئەم جلوبەرگەی بەزۆر بەسەر ژنانی ئەم وڵاتەدا سەپاندوە.

لە لایەکی دیکەشەوە هاوخەباتیی بوو لەگەڵ ژنانی ئێران و رایانگەیاند "بە پشتیوانی لە مەجید تەوەککولی و بە ئیفتخاری هەموو ژنان و کچانی ئازای وڵاتەکەمان" ئێمەش حیجاب لەسەر دەنێین. سووکایەتیی بە مەجید تەوەککولی بوو بە قەیرانێك و ریسواییەکی دیکە بۆ ئەو رێژیمە. بووە هۆی گاڵتەجارییەکی دیکە بۆ ئەو کەسانەی نائاگایانە و ساویلکانە بەهاکانی خۆیان بە گاڵتە دەگرن. ئەم کارەی ئەو خوێندکارانە کردیان جگە لەوە تووڕ هەڵدانی ئەو کلتوورە بوو کە ژن بە مرۆڤێکی بێ بایەخ سەیر دەکا و بەهای ئینسانەکان بە جلوبەرگ و حیجابەوە دەنرخێنێ، پشتیوانی و هاوخەباتییش بوو لەگەڵ ژنانی ئێران کە لەیەکەم رۆژەکانی هاتنەسەرکاری ئەو رێژیمەوە حیجابیان بە زۆر بە سەردا سەپێندرا. بۆیە دەستخۆشی لەوانەی ئەو ئیبتکارە تازەیان نواند و بەم کارەیان نەك شەرمیان لە حیجاب نەکرد، بەڵکوو ئەوانەیان شەرمەزار کرد کە گاڵتە بە کەسایەتیی ژن دەکەن و حیجابیان کردۆتە بەهای ژن. بەخۆشییەوە نەوەی ئەمڕۆ زۆر زیرەکانە لەگەڵ رێژیمێك کە هەموو وجوودی فرت و فێڵە لە بەربەرەکانی دان. ئەوە مایەی دڵخۆشییە و دۆڕانی ئەو رێژیمەی بەدوادا دێ.

## ڕۆژنە

# کەمئەندامی، بیانوویەك بۆ دابڕان لەژیان

✍ عەلی بداغی

کەمئەندامان و نقوستانەکانی هەر کۆمەڵگەیەك، بەشی جیانەکراوو لەهەمان کات دا لەبیرکراوی ئەو کۆمەڵگەیەن. لەزۆربەی وڵاتانی دنیاداو بە تایبەت لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا زۆر یاسای تایبەتی کاری پێ دەکرێ تا لەژێر تروسکایی ئەو یاسایانەدا کەمئەندامانی ئەو وڵاتە هەلی کاریان بۆ بڕەخسێ، سەبارەت بە پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان دابین بکرێن و ئاستی ژیان و خۆش بژێویی ئەوان بچێتە سەرێ.

کۆمەڵگەی ئێران یەکێك لەو کۆمەڵگەیانەیە کە زۆرترین کەمئەندامی هەیەو لە رووی زۆر بوونی کەمئەندامانی شەڕەوە پلەی یەکەمی لە دنیادا هەیە.

بە پێی ئامارە رەسمییەکان زیاتر لە ٢میلیون و ٣٠٠هەزار کەس مرۆڤی کەمئەندام و نقوستان لە کۆمەڵگەی ئێران دا دەژین کە ئەو حەشیمەتە بەهۆکارگەلێکی وەك نەخۆشیی زگماگ، شەڕی ٨ ساڵە، بەدخۆراکی، نەخۆشی عفونێی جۆراوجۆر، بریندار بوون لەکاتی کارکردن، خراپ بەکارهێنانی دەواو دەرمان، تەقینەوەی مین لەناوچە سنوورییەکان و رووداوەکانی هاتوچۆو پێکدادانی ماشێن بەشێك، یان سلامەتیی بەشێك لە لەشیان لە دەست داوە.

خاڵی گرینگ و جێی سەرنج لە پێوەندی لەگەڵ بارودۆخی ژیانی کەمئەندامانی ئێران لەچاو وڵاتانی دیکە لەوەدایە کە لەوڵاتە پێشکەوتووەکان دا هەموو هەوڵەکان بۆ ئەوەیە کە چۆن بکرێ زۆرترین و باشترین ئیمکانات بۆ پێڕاگەیشتنی لەبار بۆ ئەوان دابین بکرێ و لەگەڵ پڕ کردنەوەی بۆشاییەکانی ژیان و وێڕای گۆڕینی زێهنییەتی کۆمەڵگە بۆئەو کەمایسییانە، ژیانێکی شیاوی ئینسانییان بۆ لەبەرچاو بگیردرێ، بەڵام لە ئێران دا کۆمەڵگای کەمئەندامی ئێران، هەژارترین، بێ ئەنواترین، بەشخوراوترین و بێ هاناو پشستیوانترینی کەسیانی ئەو کۆمەڵگەیەن کە نەك هەر لە بیر کراون، بەڵکو و تەنانەت یاساکانی بەڕێوەبەریی وڵاتیش بواری زیاتریان بۆ پشتگوێ خرانی ئەو حەشیمەتە زۆرە لە کۆمەڵگەی ئێران خۆش کردوە. هەژاری و داماویی کەمئەندامانی وڵات گەیوەتە جێیەك کە بینیمان تەنیا لەو ساڵ دا چەند کەمئەندام ، کە تەنانەت کەمئەندامی شەڕی ٨ساڵەش بوون، لەبەر دەم مەجلیسی شووڕای ئیسلامی دا ئاگریان لە خۆیان بەردا.

ئەمڕۆکە بنەڕەتیترین گرفتی کەمئەندامانی ئێران نەبوونی کارو هەلی کارییە تا لەو رێگەیەوە بتوانن ژیانی خۆیانی پێ دابن بکەن.

بە پێی یاسا دەبێ ٣٪ی هەموو دەرفەتە کارییەکان(رەسمی، پەیمانیو کریکاری) لە هەموو بەش و دەزگا دەوڵەتی و ئیدارییەکان و لە هەموو وەزارەتخانە و شیرکەت و دامەزراوە دەوڵەتیەکانو کەرتی تایبەتیش بە کەمئەندامان بدرێ ، بەڵامئەو یاسایە نەك هەر لەکەرتی تایبەت ، بەڵکو لە بەشی دەوڵەتیش دا قەتجێبەجێنەکراوەو تەنانەت هیچ ئاسانکارییەکیش ، وەك پێدانی وامێك کە بنوانرێ کارێکی پێ وەڕێ بخرێ بۆ کەمئەندامان لەبەر چاو نەگیراوە.

تەنانەت ئەو بەشە یەکجار کەمەش لە کەمئەندامانی کۆمەڵگە کە لە بەشە ئیدارییەکان و لە کەرتی تایبەت دا توانیویانە لە خوارترین ئاستەکانی دا هەلی کاریان بۆ بڕەخسێ، لە کاتی کەمکردنەوەی هێزی ئینسانیی ئەو شیرکەت و ئیداراتانە دا ، ئەوان زووترو زیاتر لە هەموان کارەکانیان لە دەست دەدەن. ئەوەش لە جێی خۆی کە تەنانەت لەو دەرفەتە کەم و بەرتەسکەش دا کە بۆ دامەزراندنی کەسانی کەمئەندام لە ئێراندا هەیە،فەرق و جیاوازیدانان لە نێوان خۆییو ناخۆییەکاندا قسەی یەکەم دەکا.

ئەو فەرق و جیاوازیدانانە لە پارێزگاکانی کوردستاندا زیاترو زەقتر بەرچاو دەکەوێ. لە کوردستاندا کە رۆژانە بە هۆی تەقینەوەی مینی چێنراو لە لایەن هێزەکانی رێژیمەوە کەسانێکی زۆر نقوستان دەبن، دامودەزگا ئیدارییەکانی رێژیم لە کوردستان تەنانەت ئامادە نین ناوی ئەو کەسانە لە ریزی کەمئەندامانی ئەو وڵاتە دا بنووسن، هەتا بە هیچ شێوەیەك خۆیان لە بەرامبەر ژیان و گوزەران و دابینکردنی پێداویستییەکانی ئەوان و پێڕاگەیشتنیان دا بە بەرپرسیار نەزانن.

ئەو تەبعیزو جیاوازیدانانە لە بەشی دامەزراندن و پێ ئەسپاردنی کاردا زیاتر بەرچاو دەکەوێ و ئەگەر لە کوردستان هەلیچکی کار بۆ کەمئەندامێك بڕەخسێ، ئەندامەتیی ئەو کەسە لە هێزی بەسیج و سپا دا کاریگەریی زۆری لەسەر دامەزراندنی ناوبراو دا دەبێ.

بارودۆخی تایبەتیی کوردستان و خەسارە کۆمەڵایەتییەکانی وەك هەژاری و بێکاری و گرانی و نەبونی ئامووزش بۆ فێر بووونی پیشەو توانایی بەرێوەبردنی کارو کەمتەرخەمی و خەمساردی بەرپرسان و دامودەزگا حکومەتییەکان ئەوەندی دیکە ژیانیان لە کەمئەندامانی کوردستان تاڵ کردوە. ئەوەش وای کردوە کە لە کەمبوون یان باشتر وایە بڵێین مە لە نەبوونی ئەو دەرفەتانە بۆ بەشداریی کۆمەڵایەتی کەمئەندامام دا، کەلێن و مەودای نێوان ئەوان و کۆمەڵگە بەردەوا م هەراوترو زیاتر ببێ.

بۆ پێوەندی گرتن بە لاپەڕەی کۆمەڵایەتی:

komelayeti@hotmail.com

# ناوەندی سینەمایی "کات" خەباتی ڕۆڵەکانی گەلی کورد دەکا بە دیکیومێنت

### هەڤپەیڤین لەگەڵ دەرهێنەری فیلمی "ملوانکە"




لە ڕێوڕەسمی ٢٦ی سەرماوەزی ئەمساڵدا، فیلمی "ملوانکە" لە بەرهەمهێنانی ناوەندی سینەمایی "کات" بۆ یەکەم جار پێشان درا. تەلەڤیزیۆنی کوردکاناڵیش شەوی ٢٦ی لەسەر ٢٧ی سەرماوەز، بە بۆنەی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستانەوە ئەم فیلمەی نیشان دا. بۆ ئاگاداریی خوێنەرانی ئەدەب و هونەری کوردستان لە نێوەرۆکی ئەم فیلمەو چۆنیەتیی ئامادەکردنی و بۆ ئاگادار بوون لە ئامانجەکانی ناوەندی سینەمایی تازە دامەزراوی "کات"، چەند پرسیارێکمان لە بەرێز جەماڵ پوورکەریم بەرپرسی ئەو ناوەندەو دەرهێنەری فیلمی ملوانکە کرد کە بەم جۆرە وەڵامی داینەوە:

**١ـ بە کورتی باسێکمان لە نێوەرۆکی ئەم فیلمە بۆ بکە.**

بە کورتی سیناریۆی ئەم فیلمە باس لە ژیانی کچێکی گوندنشین دەکا بەناوی کوردستان کە بە هۆی ئەوەی خۆشەویستەکەی "هەژار" لە شەڕی نێوان پێشمەرگەو پاسدار دا شەهید بووە، ڕێبازی ئەوی گرتۆتەبەر و بۆتە پێشمەرگە تەنیا دیاریی کوردستان لە هەژار ملوانکەیەکی لە گوللە دروست کراوە کە بە دیتنی ئەو ملوانکەیە کۆمەڵێك بیرەوەریی بۆ زیندوو دەبێتەوە. کوردستان لە فلاش بەگی فیلمەکەدا وەبیری دێتەوە کە چۆن دایکی نانی بۆ پێشمەرگە کردووەو باوکی کاری تەشکیلاتیی بۆ حیزب ئەنجام داوە، چۆن بەکرێگیراوانی ڕێژیم خەڵکیان ئازارو ئەزییەت داوەو خەڵکیش سەرەڕای ئەو هەموو زەبرو زەنگەی ڕێژیم چۆن هاوکاریی پێشمەرگەیان کردوەو پێشمەرگەش چۆن ئامادە بووە گیانی خۆی فیدای خەڵك و خاك و نیشتمانی بکاو لە پێناوی سەربەستیی وڵاتەکەی‌دا شەهید ببێ.

بەگشتی چیرۆکی فیلمی ملوانکە باس لە خۆشەویستی و ئەوین و فیداکاری دەکا، ئاوڕدانەوەیەکی کورت و خێرایە بۆ سەر ژیانی بەشێك لە کۆمەڵی کوردەواری و چاوخشاندنێکە بەسەر دڵۆپێك لە دەریای ژیانی پێشمەرگایەتی و شۆڕش دا.

**٢ـ ستافی بەرهەمهێنانی فیلمەکە چ کەسانێکن؟**

ستافی بەرهەمهێنەری ئەم فیلمە بریتین لە بەشێك لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ئەوانەی کاری سەرەکیان لە ئەستۆ بووە بریتین لە:

ئامادەکار: سەعید باختە

سیناریۆو مۆنتاژ: هەڵمەت حەسەنی ئازەرپوور

دەنگهەڵگر: حوسێن مستەفا پوورئەقدەم، محەممەد سەید ئیبراهیمی

ڕوناکی: محەممەد میرخزری

دووربین: هەڵمەت ئازەرپوور، سەعید باختە، ئایەت مرادی‌فەر

ڕاوێژکاری نیزامی: عەلی قۆیتاسی

مونشیی سەحنە: شلێر دەروێشی

دەرهێنەر: جەماڵ پوورکەریم

بەرهەمهێنەری سەرەکیی ئەم کارە ناوەندی سینەمایی "کات"ە، دەورگێڕان و بەشداربوونی فیلمەکەش هەموویان پێشمەرگەو ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون کە لە ناخی دڵەوە دەست خۆشی و ماندوونەبوونیان پێ‌دەڵێم، چونکە بێ‌هاوکاریی ئەوان بەرهەمهێنانی وەها کارێك نەك هەر ئاسان نەبوو بەڵکوو تا ڕادەیەك دەتوانم بڵێم مەحاڵ بوو.

**٣ـ هۆی چ بوو بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەزەوە، فیلمەکە بۆ یەکەم جار پیشان درا؟**

ئامانج لە بەرهەمهێنانی فیلمی ملوانکە ڕێزگرتن و دیارییەك بوو بۆ پێشمەرگەو سەرجەم ڕێبوارانی ڕێگای ئازادیی کوردستان. ٢٦ی سەرماوەزیش بۆخۆی هاندەرێك بوو بۆ ئەوەی ئێمە ئەم فیلمە دروست بکەین و بۆ پێشوازی لەو ڕۆژە کە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان و هەڵکرانی ئاڵای پیرۆزی کوردستانە، هەستمان بەوە کرد کە ئەم فیلمە دەتوانێ دیارییەکی تا ڕادەیەك گونجاو بێ، هەر بۆیە سێ مانگ بەر لە هاتنی ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز یەکەم سکانس و گرتەکانی ئەم فیلمەمان دەستی پێکرد.

**٤ـ پێشوازیی بینەران لە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزدا لە فیلمی "ملوانکە" چۆن بوو؟**

ئەوەی لە ڕۆژی (٢٦ی سەرماوەزی ١٣٨٨ی هەتاوی) لە کاتی پیشاندانی فیلمەکە دا بینیمان پێشوازیی بەرینی خەڵکەکە ، دەتوانم بڵێم فیلمەکە توانی کاریگەری لەسەر زۆربەی ئەو کەسانەدا بنێ کە چاویان لە فیلمەکە دەکرد، چونکە بینیمان کاتێ لە سکانسێکدا دەبوو خەڵك و جەماوەر بخەینە خۆشی و پێکەنین، بینەرانی فیلمەکە چۆن دەکەوتنە پێکەنین و خۆشی و، کاتێکیش کە پێویست بوو، فیلمەکە بینەری دەخستە گریان و فرمێسکیان بۆ کەسایەتیی ناو فیلمەکە هەڵدەوەراند و بینەر هەستی دەکرد کە هەم ئەو ژیانە پڕ تراژیدیایە و هەم خۆشییەکانی ناو فیلمەکە بەشێکن لە بەسەرهات و ژیانی خۆی و لە ڕاستیدا بینەر خۆی لە فیلمەکە بە جیا نەدەزانی و کارەکە توانی پێوەندییەکی پتەو و قایم لە نێوان ئەکتەرەکانی ناو فیلمەکەو مەوزوعی فیلم و بینەرەکان پێك بێنێ، واتە تا ڕادەیەکی باش بینەران توانیان بۆ یەك ساعەت لەگەڵ ئەم فیلمەو واقعیەتەکانیدا بژین، ئەوەش بەڕای ئەمن بۆخۆی نیشانەی سەرکەوتوویی فیلمەکەیە.

**٥ـ دەکرێ باسێك لە پرۆژەو کارەکانی داهاتووی ناوەندی سینەمایی "کات" بکەی.**

وەك ناوەندی سینەمایی "کات" زۆر پرۆژەمان لە بەردەست دایە کە کاریان بۆ بکەین، یەکێك لەو پرۆژانە زیندوو کردنەوەو بە دیکۆمێنت کردنی ئەو خەبات و قارەمانێتیانەیە کە ڕۆڵەکانی کورد چ وەك پێشمەرگەو چ وەك چالاکانی ناوخۆی کوردستان کردوویانە، لە هەلومەرجی ئێستادا ئێمە پێویستیمان بە سینەمای خەبات و پێشمەرگەو شۆڕش و بەرەنگار بوونەوە هەیە، پێویستیمان بە سینەمایەك هەیە کە دەردو ئازاری میللەتەکەمان بە گوێی دنیا بگەیەنێ، چونکە سینەما تەنیا کەرەستەیەکە کە دەتوانێ بێ هیچ لەمپەرو بەربەستێك بچێتە هەموو قوژبنێکی ئەم جیهانەوەو بڕواتە ناو هەموو ماڵێکەوە، پێویستیمان بە سینەمایەك هەیە کە بتوانێ مێژووی ڕابردوومان بۆ دێکۆمێنت بکا، بۆ بکاتە بەڵگەیی. ئەو کاتەیە کە ئێمە دەتوانین مێژوو بکەینە سەرمەشقێك بۆ داهاتوو، واتە لە وانەکانی ڕابردوو بۆ یەکگرتوویی داهاتوو کەڵك وەرگرین، کەواتە ناوەندی سینەمایی کات هەوڵ دەدا ڕووداوە ڕاستییەکانی ژیانی کۆمەڵی کوردەواری وێنا بکا.

هیوادارین حیزبی دێموکراتی کوردستان هەروا هاوکارمان بێ‌و بۆ بەرهەمهێنانی کاری باشتر پشتگیریمان لێ بکاو هەر وەك پێشووش کە لە هاوکاری و هاریکارییەك درێغیان نەکردووە.

**٦ـ ئەگەر وتەیەکت هەیە بۆ ئۆگرانی فیلم لەبارەی پێشمەرگەو ژیانی شۆڕشگێڕانە، فەرموو.**

وەك دوا وتەی ئەم وتووێژە پێویستە بڵێم کە سینەمای کوردی زۆر ساوایە و لە دارەدارە دایە، بۆ کەوتنە سەر پێی و پێ‌هەڵگرتنی پێویستی بە پشتگیری هەیە، حەز دەکەم لێرەدا ئەو تەعریفەی گۆدار لە سینەما وەبیر بێنمەوە کە دەڵێ: سینەما ئەسلەحەیەکە کە لەهەر چرکەیەد دا ٢٤ گوللەی لێ دەردەچێ. جا بۆیە دەبێ سەرکردەکانی کورد زۆر وشیار بن و پشتی سینەمایەك بگرن کە ئەو گوللانە بەرەوڕووی خۆمان نەچرکێنێ، پشتی سینەمایەك بگرن کە ڕووی لوولەی ئەسلەحەکەی لە دوژمنانی گەلەکەمانە، داواشم لە خەڵك و ئۆگرانی فیلم و سینەمای پێشمەرگەو شۆڕش ئەوەیە کە پشتیوانی لەم سینەمایە بکەن، هەروەها داوام لە نووسەران، هونەرمەندان و ڕووناکبیرانی گەلەکەمانە کە هاوکاریی ئەم شێوەیە لە خەبات بکەن، وەرن با بە سینەما سیاسەت بکەین بە سینەما خۆمان بە جیهان بناسێنین چەك و قەڵەم و هونەر لێك دانەبڕاو و گرێدراوی یەکتر بن.





دەرهێنەرو بەشدارانی فیلمەکە لە کاتی وێنە گرتنی "ملوانکە"

## کام ڕێبوار

باشە کەستان هەتا ئێستە
لە توولە ڕێ و
هەورازە ڕێ و
شەقامەڕێتان پرسیوە:
چ ڕێبوارێ
ساڵ دوانزەی مانگ
وەك ئەستێرە
وەك باڵندە وەکوو هەور
چاوی لە تان و پۆتانە؟!
چ ڕێبوارێ
وەکوو درەخت
وەك تاشە بەرد
وەك مێرگ و وەرد
ئەتاندوێنێ و لە گەڵتانە؟

من لە تیپی پەنجاویەکم
لە "جەولە" بووم
لەم سەر هەناسەی بەفرم برد
بۆ گەرمیان
لەو سەر گرەم هێنایەوە
بۆ ڕێواسی قاچ تەزیوی
گەوەی کوێستان.
بە هەر لایەکدا تێ پەڕیم
بە هەر ڕێگەیەك گەیشتم
ئەوەم پرسی.
توولە ڕێیەك بۆرەقنە
کشاو، پێچ خواردوو هەتا سەر
پلەی ملە
لە پێچێکدا وای پێ وتم:
ـ ئەو ڕێبوارە ئێجگار ئێجگار،
خۆشەویستە

کە ڕۆژانە بەسەرمانا
ئەڕوات و دێ
ئاو ڕاوەستێ، ڕاناوەستێ
بە تەقەڵی گەورەی هەنگاو
دەشت بە شاخ و
شاخ بە دەشتەوە ئەدوورێ
دیسانەوە ڕێ یەکی تر
هەورازە ڕێ
ڕێیەکی تر
شەقامەڕێ
هەموو وتیان:
ـ لە هەمووتان خۆشەویستر
ڕێبوارێکە
کە بست بە بەست
ئەماناسێ
نەهێنی ئەو

لای ئێمەیە
ئەو ڕێبوارەش
هەر تەتەری پێشمەرگەیە!
ئەی تەتەری هاوڕێی "با"
ئەی هاوڕێی گەرماو سەرما.
تۆ یەکێکی و هەموویانی.
تۆ هەموومانی و یەکێکی.
لەم سەر، لەوسەر
تۆ پۆستەی ڕاز و نەهێنی
هەموومانت لە مشتایە:
تاڵ و شیرین
سۆزی دایك
تاسەی برا
خۆزگەی خوشك و
شەوقی پرسی ژن و منداڵ
بۆنی خۆشی دەزگیرانمان بۆ ئەهێنێ
ماچەکانمان لەگەڵ خۆتا ئەبەیتەوە

شێعری هێشتا قژ خوێناویی
ناو زیندانمان بۆ ئەهێنێ و
لەم سەر نامەی،
باخێکی ئازاد کراومان ئەبەیتەوە.
ئەی تەتەری هاوڕێی ئاو!
هاوڕێی سێبەر، هاوڕێی هەتاو!
تۆ هەموومانی و یەکێکی
تۆ یەکێکی و هەموومانی،
تۆ ئەو کەسەی من بزانم
وەك هەر بە پێوە ژیاوی
ئەبێ هەر بە پێوەش بمری.

"شێرکۆ بێکەس"

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party
No. 525 21 Dec 2009

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، رۆژنامەی "کوردستان" و رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@ kurdistanukurd.org info@ kurdistanukurd.com
www.kurdchannel.com : Hotbird: 8 - MHZ: 11604 -
Polarization: Horizental - S R: 27500 - FEC: 5/6
www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268
تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp.Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

بەر لەماڵاوایی

# رێگەی سەختی بەردەم کچانی پێشمەرگە

کوێستان فتوحی

خۆشەویستی و خولیای پێشمەرگایەتی هەرگیز نەیدەهێشت بیر لە ئازار و تاڵییەکانی ژیانی پێشمەرگایەتی بکەمەوە. ئەگەر جاروباریش بیرکردنەوەیەکی وا بە مێشکمدا دەهات خێرا لەخۆمم دوور دەکردەوە و دەمگوت تاڵی و سوێریی ژیانی پێشمەرگایەتی لە پێناوی ئازادیدا زۆر ئاساییە.

پێش ئەوەی ببمە پێشمەرگە تێڕوانینم بۆ ریزی خەباتگێرانی رێگەی ئازادی زۆر جیاواز بوو. بەڕاستی وەك كچێكی لاو، وێنەیەکی خەیاڵاویم لە مێشکمدا وێنا کردبوو. ئینسانییەت و هەست کردن بە "بوون" م لە نێو ئەو پێشمەرگانەدا دەدیت کە بە روویەکی خۆش و جوانەوە بەریز لە رێگا باریکەکانەوە دەهاتنە نێو ئاواییەکان. پێشمەرگایەتیم لە شکاندنی تابۆ و کلتووره تەقلیدییەکاندا دەدیت.

بیرم لە پچڕاندنی ئەو زنجیره دەکردەوە کە هەر لە منداڵییەوە وەکوو کچ لە دەست و لاقم ئاڵابوو. خەونی گەورەم ئازایەتی و سڕینەوەی ئەو ترسە بوو کە دایکم هەر لە منداڵییەوە فێری کردبووم.

دەمگوت پێشمەرگایەتی یانی بێترس هەنگاو هەڵێنانەوە. ترس لە شەڕو تۆپ و کاتیۆشاو بۆمباران! نا، بەڵکوو ترس لە هەموو ئەو کۆت و بەندانە کە من و هەزاران و ملیۆنان کچی وەك من لە ماڵ و لەنێو کۆمەڵگەدا لە گەڵی گەورە ببووین. نەمدەزانی دیسان جارێکی تر لە گەڵ پاشماوە و شوێنەواری ئەو کولتووره رووبەروو دەبمەوە.

بۆ من سەخت نەبوو کە دایکم یان براکەم دەیگوت کچ بۆ پێشمەرگایەتی نابێ! بەڵام بۆ من زۆر سەیر بوو کە هاوڕێ پێشمەرگەپیاوەکەم یان هاوسەری ئەو پێشمەرگانەی لە بنکە سابیتەکان دا شەوانی زستان من وپێشمەرگە کچەکانی هاوڕێم دەبووینە میوانیان! هەر ئەمجۆرە قسانەیان دووپات دەکردەوە. ئەو کولتوور و بیرکردنەوە دواکەوتووانەیە لە شار و دێ باڵادەست بوون و من و کچانی هاوتەمەنم بەدەستییەوە دەماننالاند، جارێکی دیکە لە نێو خەبات و ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەرەورووومان دەبووەوە. ناهاوسەنگییەکان بە جۆرێکی دیکە خۆیان نیشان دەدام. لە دەروونم دا لەگەڵ کێشەیەکی زۆر رووبەروو دەبوومەوە.

".. پێشمەرگایەتی بۆ کچان یا ژنان دەبێ، بەڵام ئەگەر برا یان هاوسەری خۆیان لەگەڵ بێ باشترە! دەبێ، بەڵام ئەگەر بۆ جەولەی نیزامی و گەڕان لە ناوچەدا نەچن! دەبێ، بەڵام.. "

ئەمە راستییەکی حاشا لێ نەکراوە خەباتی شاخ و پێشمەرگایەتی بۆ کچ و کوڕ سەخت و ناخۆشە. ئەو دۆخەی کچانی پێشمەرگەی تێیدا بوون زۆر سەختتر بوو لە هی کوڕەکان. بە تایبەتی لە دەیەکانی ٧٠ ـ ٦٠ی هەتاوی دا، جگە لە بڕینی رێگا سەختەکانی شاخ و برسییەتی و بێئاوی و نەبوونی ئیمکاناتی سادەی ژیان، پاشماوەی ئەو کلتووره دواکەوتووەیەش کە لە نێو بنکە و کەمپ و دەوروبەرمان هەبوو چەند بەرابەر رێگاکەی لە کچان سەخت دەکردەوە. ئەو کاتە ئەو ئامادەییە لە حیزبیشدا نەبوو کچانی پێشمەرگە بە ئاسانی وەربگیرێن. بەڵام ئەوە باوەڕ و هیممەتی ئەو کچانە بوو کە نەیدەهێشت هەموو ئەو سەختییانە پێشی هەنگاوەکانیان بگرن. هەرچەند بەداخەوە ئێستاش کەم کەس ئەو دەرکەی لە ژیانی کچانی پێشمەرگە هەیە کە لەگەڵ چ کەند و کۆسپێك بەرەورووو بوونەتەوە. ئینسان دەبێ چەند بەهێز بێ کە ئەو کەندوکۆسپانە نەتوانن پێشی تێکۆشانی پێشمەرگایەتیی پێبگرن؟ بەڵام کێ بڕوا بەم تواناو هێزە دەکا کە کچانی پێشمەرگە لە رەوتی ژیانی پێشمەرگایەتیدا لەخۆیان نیشانیان داوە و گەیشتوونەتە ئەمرۆ. ئەمرۆیەك کە ئەو حیزبەی زووتر گرنگیی داوە بە رۆڵی ژنان لە خەباتی پێشمەرگایەتیدا، بە یەکێك لە شانازییەکانی دەژمێردرێ. ئەو حیزبەش گرنگیی پێنەداوە یان لەم بارەیەوە درەنگ وەخۆکەوتوە بە یەکێك لە کەموکوورییە گەورەکانی ژیانی سیاسیی ئەو بەحیساب دێ.

ئێستا بۆ کۆمەڵگەی کوردستان کەمتاکورتێك مەسەلەی پێشمەرگایەتیی کچان ئاساییە. رچەشکێنیی کۆمەڵە و یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان و دواتریش حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ پێشمەرگایەتیی کچان لە شارو دێو ناوچەکانی کوردستان ئەم رێگایەی ئاوەڵا کرد. ورده ورده کچان روویان لە ریزەکانی حیزبی ئێمەش کرد. کەم نەبوون ئەو کچانەی بە عیشقی پێشمەرگایەتییەوە روویان لە ریزەکانی حیزب کرد. بەڵام هەرکات کەئاور لە رێژەی ژنانی پێشمەرگە لە نێو حیزبی دیموکراتدا دەدەینەوە، رێژە و ژمارەی کەمی ئەوانمان دێتە بەرچاو. هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەم راستییە کە خودی ژنانی پێشمەرگە ئامادە نەبوون زۆرتر هەوڵ بدەن بمێننەوە و رچەشکێنی ئاڵوگۆڕە نوێیەکان بن و هەنگاوی بوێرانەتر و ریشەییتر هەڵێننەوە. لە لایەکی دیکەشەوە بە هۆی هەلومەرجێکی تایبەتی و کولتووری نێو ریزەکانی حیزب، زۆریان خێرا ژیانی هاوبەشیان پێك دەهێنا و ئەمەش یەکێك بووە لە گرفتە سەرەکییەکانی بەردەمی هەڵدان و سەرکەوتن و مانەوەیان لە بەرگی پێشمەرگایەتیدا. پێکەوەنانی ژیانی هاوبەش، کچانی لەجێبەجێکردنی ئەرکی پێشمەرگانە سست دەکردەوە.ژیانی هاوبەش کۆمەڵێك ئەرك و بەرپرسایەتیی تێدایە و ئەگەر نەڵێم هەمووی بەشی زۆری ئەو ئەرك و بەرپرسایەتییانە لە ریزەکانی پێشمەرگەدا کەوتۆونە سەر شانی ژن. ئەمەش وای کردوە پێشمەرگەی ژن نەتوانێ ئەرکی سیاسی و پێشمەرگایەتی بەباشی بەڕێوە بەرێ. لەگەڵ ئەمەش دا کەسانێك هەبوون بە هەوڵ و ماندوو بوونی زیاتری خۆیان دەرفەتەکانیان لەدەست نەداوە و نەیانهێشتوە لەنێو تەمومژی پیاوسالاریدا ون بن. بەڵام هەر لەلایەن ئەم کلتووره زاڵەوە هێز و ئیرادە و کەسایەتییان کەوتۆتە ژێر سێبەری پیاوێك بە ناوی هاوسەر یان باوك.

بێگومان بەشێکی زۆر لە ژنانی پێشمەرگە بۆخۆیان هەڵگری بەشێك لەم کولتووره بوون و بەرپرسیار بوون بەرامبەر بەو دۆخەی تێی کەوتبوون. چونکە ئەوان تەسلیمی ئەو رۆڵ و نەخشانە بوون کە بۆیان دانرابوو. بەڵام با هەموو تاوانەکەش نەخەینە سەرشانی خودی ژنان!

\

# رەوشی سیاسیی ئێرانی دوای هەڵبژاردن لە چوارچێوەی فیلم دا



بە پێی ماڵپەری "دۆیچە وێلە" دوو فیلمی سینەمایی تاکسی بەهەشتەکان (heavens taxi) و ئێران بەندیخانە (Iran lendan) لە نوێترین بەرهەمەکانی "داریوش شۆکووف"دەرهێنەرو نیگارکێشی ئێرانی باروودۆخی ئێرانی دوای هەڵبژاردنی دەیەمین دەورەی سەرکۆماری ئەو وڵاتە دەخەنە روو لە ساڵی داهاتووی زایینیدا لە ئاڵمان پێشان دەدرێن. ئەم فیلمانە کە یەکەمین فیلمن کە رەوشی دوای هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری ئێران دەخەنە روو لە شاری برلین بەرهەم هاتوون.

بە پێی راپۆرتی "دۆیچە ڤێلە" دەرهێنەر لەم فیلمانەدا باس لە توندوتیژی حکوومەت لە بەرانبەر ناڕازییان دا دەکا و راشکاوانە ئەشکەنجەکانی دەسەڵات بەرانبەر بە بەندکراوان لە بەندیخانەکان نیشان دەدا.

دەرهێنەر بۆ فیلمی "ئێران بەندیخانە" کە لەو فیلمەدا ئاماژە بە باروودۆخی خراپی بەندیخانەکانی ئێران و بوونی ئەشکەنجە کراوە، وتوویژی لەگەڵ (١٦) زیندانی سیاسیی ئێران کردووە زانیاری لەبارەی بەندیخانەکانەوە بەمجۆرە کۆکردۆتەوەو هەوڵی داوە بە باشترین شیوە ئەم بابەتە بە بینەر نیشان بدا.

# سمیناری سینەمای کوردی لە دیاربەکر بەڕێوە چوو



لە سەر بانگهێشتی "عوسمان بایدەمیر" سەرۆك شارەوانی دیاربەکر، سمیناری "سینەمای کوردی" بە بەشداری کۆمەڵێك سینەما کاری باکووری و سینەماکارانی دەرەوەی کوردستان لە ئورووپا و ئوستralia و سینەماکارانی هەرێمی کوردستان لە رۆژانی ١١ تا ١٣ی دیسامبەر بەڕێوەچوو.

لەم سمینارەدا بە تێروتەسەلی لە سەر باروودۆخی سینەمای کوردی لە نێوخۆو دەرەوەی کوردستان باس کراو سینەماکاران توانییان خاڵ و تێبینییەکانی خۆیان سەبارەت بە کۆسپ و لەمپەڕەکانی بەردەم کاروتێکۆشانیان لە سینەمای کوردیدا بێننە بەرباس و ئاماژەیان خستە سەر سەرکەوتنی بەرهەمە کوردییەکان لە فستیڤاڵە نێونەتەوەییەکاندا.

هەروەها پێویستە بوترێ بەر لەم سمینارەش "حەوتووی فیلمی کوردی" لە دیاربەکر بەڕێوەچوو کە وێڕای نیشاندانی چەندین بەرهەمی سینەماکارانی کورد، باس لە لایەنی تەکنیکی و نێوەرۆك و نواندنی بەرهەمەکان کرا.

# ساڵی ٢٠٠٩، ساڵی پێوانەیی کوشتنی رۆژنامەنووسان



رێکخراوی پارێزگاری کردن لە رۆژنامەنووسانی جیهانی رایگەیاند، ٦٣ رۆژنامەنووس لە ساڵی ٢٠٠٩ دا لە سەرتاسەری جیهان دا کوژراون کە ئەمەش ژمارەیەکی پێوانەییە.

ئەم رێکخراوە کە بارەگاکەی لە نیۆیۆرکە دەڵێ: دوا ئاماری ئەمساڵ لە خراپترین پێوانە دایە، کە تێیدا ٣١ رۆژنامەوان لە میانەی کوشتارگەیەك لە فلیپین کوژراون.

بە پێی راگەیەنراوی ئەم رێکخراوە زۆربەی کوژراوەکان، رۆژنامەنووسی نێوخۆیی بوون کە لە سەر رومالکردنی رووداوەکانی نێو کۆمەڵگە بوونەتە قوربانی و چونکی بکوژان سزا نەدراون کوشتنی رۆژنامەنووسان لە زیادبوونە کە زۆربەی کوشتنەکان لە (عێراق، فلیپین، رووسیا، مێکزیك و سۆماڵ) روویان داوە.

# محەممەد عاسمی شاعیر و نووسەری ئێرانی کۆچی دوایی کرد



محەممەد عاسمی شاعیرو نووسەرو لێکۆڵەری ئێرانیی دانیشتووی ئاڵمان بە هۆی نەخۆشیی شێرپەنجە کۆچی دوایی کرد.

عاسمی کە لە سەردەمی لاوەتی دا شاعیرو نووسەرێکی بەخرۆش بوو هەڵبەستە حەماسییەکانی لە بڵاوگە چەپییەکاندا بڵاو دەکرایەوە. ناوبراو دوای خەرمانانی ١٣٢٠ بوو بە یەکێك لە هونەرمەندانی تئاتر و لە ژێر دەستی ماموستا عەبدولحوسێن نووشین دەرهێنەری ناوداری تئاترو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی تودە کاری دەکرد.

عاسمی دوای کودیتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ لە رووی ناچارییەوە ئێرانی جێ هێشت و لە ئاڵمان نیشتەجێ بوو کە لە خاکەلێوەی ١٣٤٢وە بڵاوکی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی کاوەی بە زمانی فارسی دەرکرد.

# چاپکراوی نوێ




ژمارەی نوێی گۆڤاری "تیشك" کە گۆڤارێکی سیاسی ـ رۆشنبیریی گشتییە و لەلایەن کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوەو فێرکردنی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە دەردەچێ کەوتە بەر دیدی خوێنەران.

پێویستیی وەحدەتی سیاسی لە حەینی کیسرەت دا، تێکۆشانی سیاسیی عەبدولڕەحمان قاسملوو لە حیزبی توودەی ئێران، باوەڕ بە گۆڕان و هەوڵدان بۆ گۆڕین لە نهێنیەکانی سەرکەوتنی د. قاسملوو بوون، ناسیونالیزمی کورد لە ئێران دا، دیمانەی تایبەت لەگەڵ ماموستا عەبدوڵلا حەسەن زادە، کۆمەڵەی "ژك" لە کرماشان، کۆنفدرالیزم و دامەزرانی سیستمی سیاسیی حکوومەتی فیدراڵ. بابەتەکانی ژمارە ٢٥ی تیشکن.

# کورتە فیلمی "ژیانی لادێ" لە فستیڤاڵی کورتە فیلمی "باڵزانو" پێشان درا



کورتە فیلمی "ژیانی لادێ" لە دەرهێنانی سینەماکاری کورد حوسێن جیهانی لە بەشی کورتە فیلمی ئەزموونی ٤١ مین خولی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی باڵزانۆ" bolzono لە وڵاتی ئیتالیا پێشان درا.

"ژیانی لادێ" چیرۆکی هونەرمەندی گرافیستی کورد سەیوان سەعیدیان دەگێرێتەوە کە لە کولێژی هونەرە جوانەکانی کوردستان دەخوێنێ و بۆ تەواو کردنی پرۆژەی زانکۆکەی دەیەوێ وێنەی ژیانی ئاسایی گوندێک بکا بە فۆتۆو شێوەکاری پاشان لە پێشانگەیەک دا نیشان خەڵکی گوندەکەی بداتەوە

ئەم کورتە فیلمە بێجگە لەو فیستیڤاڵە نێونەتەوەییە کە رکەبەریی کورتە فیلمی سینەماکارانی سەراسەری جیهانی لە بەشی کورتە فیلمی ئەزموونی و درامایی و دیکۆمێنتیدا کرد لە چەندین فیستیڤاڵی دیکەی وەك "کۆن کان"،"بەیرووت"، "فلاهێرتیانا"، "سینەما، نۆڤێڵی جێنێرەیشێن و روانێنك بۆ فیلمی دەرهێنەرە سەربەخۆکان بەشداریی کردوە.




# هەسارەیەکی هاوشێوەی زەوی دۆزرایەوە

بە پێی راپۆرتی تۆڕی سیئێن ئێن ژمارەیەك بۆشاییگەر هەسارەیەکی نوێیان دۆزیوەتەوە کە پڕە لە ئاو و قەبارەکەشی بەقەد زەوی دەبێ و بەرگێکی چڕی هەواشی بە دەورەوەیە. بەڵام پێ دەچێ کەشەکەی گەرم بێ. لەم پێوەندییەدا پرۆفیسۆر دەیڤید شاربۆنیو لە زانکۆی هارڤارد و سەرۆکی ئەو کۆمەڵە بوشاییگەرە رایگەیاند: ئەوەی لەم دۆزینەوەیەدا بەبایەخە، ئەو هەسارەیە لە بواری ئاوەوە زۆر دەوڵەمەندەو قەبارەکەشی نزیك لە هی زەوییە. ئەم هەسارە تازەدۆزراوەیە کە ناوی "جیجی ١٢١٤" ی لێنراوە قەبارەکەی دوو هێندەونیوی زەوییەو بە دەوری ئەستێرەیەك دا دەخولێتەوە کە رووناکی و گەرمای لە خۆر کەمترە و ٤٠ ساڵی نووری لە زەوییەوە دوورە.